# ژنان

ئازادی بۆ ژن
بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ژمارە : 29
15ی خاکەلێوەی
1390

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە

خەتەنەکردنی ژنان، غەدرێک کە مێژوو و ئایین و کلتوور لە ژنانی دەکا

جیابوونەوە،هۆکارودەرکەوتەکانی

ئەوانەی رقیان لە نەورۆزە،دوژمنی کوردن

وتوویژ لەگەڵ سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات

**خالید عەزیزی :**

هەم ژنان و هەم پیاوان بە یەکەوە ئەسیری کۆمەڵێک گیرو قەید و بەندی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەورۆزتان پیرۆز

**پیرۆزبایی بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی**

**بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بە تایبەتی و هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو لێ دەدا بەگشتی دەکەین. هیواداریین ساڵی تازە ساڵی وەدیهاتنی ویست و داخوازە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و دابینبوونی داخوازە نەتەوایەتییەکانی ژنانی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەگشتی بێ.**

**دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی "گۆڤاری ژنان"**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەڵایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبیە




سەرنووسەر:
نەسرین حەسەنزادە

دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
رەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە رەسووڵی، عەلی بداغی

خاکەلێوەی ١٣٩٠، ئاوریلی ٢٠١١

ژمارە ٢٩

ئیمەیلی «ژنان»
Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: پێشەوا عەلیپوور
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: شیلان قوربانی فەر

# پێرست

بە بۆنەی ساڵی نوێوە ........................................... ٢
قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی ٨ی مارس دا................ ٣
ئەوانەی رقیان لە نەورۆزە، دوژمنی کوردن .................................. ٦
دەوری راگەیاندنی ئازاد ............................................ ٨
جیابوونەوە هۆکارو دەرکەوتەکانی......................................... ٩
خەتەنە کردنی ژنان، غەدرێک کە مێژوو و ئایین و کلتوور لە ژنانی دەکا.......... ١١
لە ئارەزووی سڕینەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکدا.................................. ١٤
هۆکارەکانی پشتی پەردەی جاشێتی و زۆر بوونی بەسیج لە کوردستان.............. ١٦
دیمانە............................................................. ١٨
ژن زەعیفە نیە ................................................. ٢٣
مەودا دووری پێوەرەکان لە کۆمەڵگەی داخراو دا.......................................... ٢٤
ژنانی کرێگرتە......................................................... ٢٥
حیجابی زۆرە ملێ، بەندیخانەیەک لە نێو بەندیخانەدا!! ......................... ٢٦
بەرێوەچوونی رۆژی ژن لە جیهان دا.............................................. ٢٨
رێز لە رۆژی جیهانیی ژنان بگرین.............................................. ٢٩
رووداوێکی دڵتەزێن لە ژیانی ژنێک .................................. ٣٠
ژنانی نێو کۆڕی خەبات............................................. ٣١
ژن ئەستێرە.......................................................... ٣٣
ئەدەبی.............................................................. ٣٥
هەواڵ و چالاکیی.......................................................... ٤١
وەرزش............................................................. ٥٦
جۆراوجۆر.............................................................. ٥٨
هەڵدانەوەی لاپەڕێک لە ژیانی ژنێک.......................................... ٦٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروتار

# بەبۆنەی ساڵی نوێوە

**سەرنووسەر**

هەموو ساڵێک لە بەرەبەری ساڵی نوێی هەتاوی دا گەلێک خۆزگە و ئاوات دەکەینە دەسپێک بۆ ساڵی نوێ، بە هیوای ئەوەی کە ساڵی داهاتووو نەورۆز و بەهاری رەنگین لە ئێران و کوردستانی خۆشەویستماندا بگرین، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەو هیوایانە بەدی نەهاتوون چونکە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا رۆژ لەگەڵ رۆژ خەفەقان و دیکتاتۆری سێبەری بەسەر وڵاتەکەماندا قورستر دەبێ. هەموو ساڵێک لە ساڵی تازەدا بە داخەوە ژنان و لاوان زیاتر لە ساڵی پێشوو لەگەڵ ناخۆشی و نەهامەتییەکان و دیاردەی دزێوو ماڵوێرانکەری وەکوو ئێعتیاد و بێکاری و خەمۆکی بەرەوڕوون، دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بڵاو بۆتەوە و رادەی تاوان و جینایەتەکان زۆر بووە. لەلایەکی تریش فشار بۆسەر جیابیران و ئا زا د یخوا ز ا نی وڵات زیادی کردوە وزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەباتکاران و نیشتمانپەروەرانی وڵات پڕ بوون .

دیارە ئەگەر ئەو فەزایە لە وڵات دا حاکمە دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ساڵ لەگەڵ ساڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانی وڵات لەچاو ساڵانی پێشوو بەگوڕترو بە هێزترەو خەڵکی ئازادیخوازی وڵات بە هەموو چین و توێژەکان و بە هەموو تەمەنێک بەهەر بۆنەیەک دەڕژێنە سەر شەقامەکان لە گەورەترین سامانی ژیانیان مایە دەدەنێن. ساڵی ١٣٨٩هەتاوی خەڵکی ئێران لەسەر شەقامەکان دا حوزووری بەرچاویان هەبوو. بە تایبەتی لە مانگ و رۆژانی کۆتایی ساڵی ١٣٨٩دا. جیاوازیی خۆپیێشاندانەکانی ئەمساڵ لەگەڵ رابردوو زیاتر لە چۆنیەتیی حوزووری خەڵکی ئێراندا بوو. هەم درووشمەکان رەنگ و بۆی سیاسیی زیاتریان پێوە بوو و رادیکاڵانەتر لە ساڵانی پێشوو بوون و هەم هاوکات بوون لەگەڵ ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنە و بەربڵاوی وڵاتانی عەرەبی. هەر لە زستانی رابردوودا شاهیدی رووخانی دوو حکوومەتی عەرەبی لە ناوچە واتە لە میسر و توونس بووین. خۆپیێشاندانەکان زۆربەی وڵاتانی دیکەی عەرەبیی گرتۆتەوە و بێگومان رووداوی دیکە و شۆرشی دیکە چاوەڕوان دەکرێ کە کاریگەریان لەسەر وڵاتی ئێمەش دەبێ و ئەوەش نیگەرانییەکی زۆری خستۆتە نێو دڵی دیکتاتۆران و پاوانخوازانی کۆماری ئیسلامی و ئاسۆیەکی روونی خستۆتە بەرچاوی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران. ئەزموونی چەند ساڵەی خەباتی خەڵکی ئێران لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا دەری خستوە سەنگەرەکانی ئەم رێژیمە لەبەرامبەر خەڵک دا هەرچەند بەرز و پتەویش بن، لە گیران نەهاتوو نین. رووداوەکانی وڵاتانی عەرەبییش هەر ئەو ئەزموونە بە دەستەوە دەدەن وکۆماری ئیسلامییش لەو قاعیدەیە بەدەر نیە. ئەگەر لە ساڵانی رابردوو دا خەڵکی ئێران و کوردستان بە تایبەتی بە مافەکانی خۆیان نەگەیشتوون هیوادارین لە ساڵی تازەدا هیواو ئاواتەکانمان بگەنە ئاکام و بە هەموو مافەکانی گەلەکەمان بگەین وسەربەستی و ئازادی لە وڵات دا حاکم بێ. گومانی تێدا نیە لە داهاتووی ئێراندا ژنان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە تامی سەرکەوتن و ئازادی دەچێژن چونکە ستەمی چەند قاتیان لەسەر بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌ ڕێوڕه‌سمی ٨ی مارسدا:**

# ژنانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان پێویسته‌ زۆرتر به‌شداریی خه‌باتی مه‌ده‌نی بکه‌ن



هاوڕێیانی ژن و پیاوی حیزبی له‌ ڕۆژی ٨ی مارس له‌ ڕۆژی ژنان!

یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هه‌موو ژن و پیاوه‌کانی نێوخۆی وڵات و هه‌موو کچ و کوڕه‌کان که‌ له‌ پێناو ئازادی و یه‌کسانی له‌ کۆمه‌ڵگادا بۆوه‌ی که‌ ژن و پیاو به‌ یه‌که‌وه‌ مافی هاوبه‌شیان هه‌بێ به‌ یه‌که‌وه‌ کار ده‌که‌ن، پیرۆزبایی ٨ی مارس له‌ هه‌مووی ئێوه‌ ده‌که‌م.

ره‌نگه‌ جاروبار ئه‌و پرسیاره‌ بکرێ له‌ سێسه‌دو شه‌ست و پێنج ڕۆژی ساڵدا بۆ ژنان هه‌ر ڕۆژێکیان وه‌به‌ر که‌وتوه‌ که‌ ئه‌وڕۆ ٨ی مارس به‌ ڕۆژی ژنان داده‌نێن. به‌ڵام له‌ ڕوانگه‌ی هه‌موومانه‌وه‌ هه‌موو ڕۆژه‌کانی ساڵ ڕۆژی ژنانه‌ و هه‌موو ڕۆژانی ساڵ ڕۆژی پیاوانه‌ و هه‌موو ڕۆژانی ساڵ ڕۆژی هه‌موومانه‌ به‌ یه‌که‌وه‌. بۆیه‌ ٨ی مارسیش یه‌کێک له‌و ڕۆژانه‌یه‌ و ڕۆژێکه‌ هی هه‌موو ژن و پیاوه‌کان به‌ یه‌که‌وه‌، چونکه‌ عه‌داڵه‌تی کۆمه‌ڵایه‌تیی و ئازادی و به‌رابه‌ری، بێ هاوکاری ژن و پیاو له‌ کۆمه‌ڵگادا دروست نابێ. مێژووی جووڵانه‌وه‌ی ژنان ئه‌وه‌ی تا ئێستا سه‌نه‌دییه‌تی په‌یدا کردووه‌، له‌ ده‌وری سه‌د ساڵه‌. به‌ڵام دیسان له‌و سه‌د ساڵه‌دا هه‌رچه‌ند له‌ زۆربه‌ی زۆری وڵاته‌کان دێموکراسی سه‌قامگیر بووه‌، حکوومه‌تی قانوون دامه‌زراوه‌، به‌ڵام به‌ مانای ئه‌وه‌ نیه‌ عه‌داڵه‌ت له‌ کۆمه‌ڵگادا واتا به‌رابه‌ری ژن و پیاو له‌ هه‌موو مه‌یدانه‌کاندا جێ که‌وتووه‌. ئه‌وه‌ی که‌ له‌ کۆمه‌ڵگادا بێ عه‌داڵه‌تی هه‌یه‌، ژن ده‌چه‌وسێته‌وه‌ و زۆرجار له‌ لێکدانه‌وه‌کاندا باسی کۆمه‌ڵگای پیاوسالاری ده‌کرێ، ته‌نانه‌ت ڕه‌خنه‌ له‌ ئێمه‌ پیاوه‌کان ده‌گیرێ که‌ له‌ کۆمه‌ڵگادا هه‌وڵ ناده‌ن که‌ ئازادی و به‌رابه‌ری و مافی هاوبه‌ش جێ بکه‌وێ. له‌ ڕوانگه‌ی منه‌وه‌ نه‌ خه‌تای ژنه‌ و نه‌ خه‌تای پیاوه‌ به‌ شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆ. هه‌م ژنان و هه‌م پیاوان به‌ یه‌که‌وه‌ ئه‌سیری کۆمه‌ڵێک قه‌ید و به‌ندی فه‌رهه‌نگی و کۆمه‌ڵایه‌تین که‌ به‌ سه‌دان ساڵه‌ له‌ کۆمه‌ڵگادا دروست بووه‌. دڵنیام به‌ هه‌زاران هه‌زار پیاو له‌ کۆمه‌ڵگایه‌کدا پێیان خۆش نیه‌ چه‌وسانه‌وه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تیی له‌سه‌ر ژنان هه‌بێ. و ره‌نگه‌ به‌ هه‌زاران ژنیش هه‌بێ که‌ ئێستا مافه‌کانی خۆیان بۆوه‌ی که‌ چۆن هه‌وڵ بده‌ن کۆمه‌ڵگایه‌کی یه‌کسان درووست بێ به‌ ته‌واوی نه‌زانن.

ئێستا ئێمه‌ له‌ سه‌رده‌مێک دا باسی بیره‌وه‌ریی ٨ی مارس ده‌که‌ین که‌ له‌ دنیادا مافی ژن تا راده‌یه‌کی زۆر له‌ بوعدی قانوونی دا نه‌هادینه‌ بووه‌، مونته‌ها له‌ ئێراندا که‌ جموجۆڵێکی به‌ربه‌رینی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک دژی ده‌سه‌ڵاتی ره‌شی کۆماری ئیسلامی له‌ گۆڕی دا هه‌یه‌ و به‌تایبه‌ت له‌ سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، ژن به‌ دوو قات زوڵمی لێده‌کرێ ده‌بینین که‌ له‌ کۆمه‌ڵگای ئێراندا، ژنان چه‌نده‌ به‌ حه‌شیمه‌تێکی زۆر به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ وڵاتانی دیکه‌ له‌ جموجۆڵ و فه‌عالییه‌ت و تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامی ده‌وریان هه‌یه‌. ئه‌گه‌ر ئێمه‌ موقایسه‌ی خۆپێشاندانه‌کانی وڵاتانی عه‌ره‌بی له‌ چه‌ند مانگی

رابردوو وە تەنانەت هێندێک پێشتر لە کۆمەڵگای ئێران بکەین لە دوو ساڵی رابردوودا، بۆ تەواوی دنیا روون بۆتەوە کە ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا زۆر بەرچاو بەشدارن. لە جووڵانەوەکانی دوو ساڵی رابردوودا ئەگەر دیسان چاو لە سەنەدەکان بکەین، دەوری ژن یەگجار زۆرە. بۆیە بە خۆشییەوە لە ئێراندا هەر گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بێتە گۆڕێ، حکوومەتی قانوون و دێموکراسی دابمەزرێ، هەر حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەرکار، بەهۆی روشدی سیاسی کۆمەڵگا و ژنان، ئێرانی داهاتوودا ناتوانێ بەرامبەر بە مافی ژنان بێ تەفاوەت بێ و ژنان دەتوانن بە قورساییەکی زۆر مافەکانی خۆیان لە قانوون و لە هەموو سیستمی ئێراندا جێ بخەن. زەمانێک دەکرێ ماف جێبەجێ بکرێ و ئەکسەرییەتێک مەجبوور بکەی ئیعتراف بە حەقت بکا، کە تۆ لەگەڵدا بی و بەشدار بی و، لەگەڵدا بوون و بەشدار بوونی ژنانیش یەکێک لەو فاکتۆرانەیە لە هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حیزبی. زەمانێک ئەو بەشدارییە دەستەبەر دەکرێ یا تەزمین دەکرێ، کە ژنان لە نێو خۆیاندا ئیعتماد بەنەفسیان زۆرتر بێ. ژنان لە نێو خۆیاندا باوەڕیان بە خۆیان زۆرتر بێ. ئەگەر ئەو باوەڕ بەخۆبوون و ئیعتماد بەنەفسە لە نێو ژنان دا بەهێز بێ، ئەو شەهامەتەیان زۆرتر بێ کە لە شوێنەکانی جۆراوجۆری قانوونیی دەسەڵات، لە کاری حیزبی و کاری دەوڵەتی دا بەشدار بن، دڵنیام بە مرووری زەمان ئەو شوێنەوارە رەوانی کە لە جیاوازی ژن و پیاو لە گۆڕێ دا هەیە، دەسڕێتەوە و لەبەین دەچێ.

لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا شێوازی جۆراوجۆر بۆ چۆنییەتیی فەراهەم کردنی زەمینە بۆ حزووری ژنان و مافی ژنان لە گۆڕێدا هەیە کە یەکێک لەوانە مەسئەلەی تەبعیزی موسبەت بووە. رەنگە تەبعیزی موسبەت واتا ئەوەی کە جاروبار لە شوێنێک باسی هەڵبژاردن لە پارلمانێک دەکرێ یا سیستمی رێبەرایەتیی حیزبێک دەکرێ زیاتر بووە کە ئەو مەوانعانە بشکێندرێن کە ئیعتماد بە ژنان بکەن کە بە حزووری خۆیان کۆمەڵگا و پیاوان و هەمووی کۆمەڵگا فێر بکەن کە ژن و پیاو بە یەکەوە دەتوانن لە تەنیشتی یەکتردا کار بکەن، قانوون بنووسن، ئیدارەی وڵات بەڕێوە بەرن و بە یەکەوە بڕیار بدەن. کاتێک ئەو هەمە رەنگییە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا هاتە گۆڕێ، حەتمەن کۆمەڵگا بە ئیعتماد بە نەفسێکی زیاتر دەتوانێ لە ئیدامەی خۆیدا هەمووی قانوونەکانی دیفاع لە بەرابەریی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی لە پێناو بەرابەری ژن و پیاودا زۆرتر نەهادینە و جێبەجێی بکا. بۆیە دیار بوونی ژنان لە هەموو بەشەکانی ژیان و دەسەڵات و قانوون دا، ئەو کۆمەکەیە کە لە درێژخایەندا مەوانعە رەوانەکان دەڕەوێنێتەوە و ئیعتماد بەنەفس لەنێو خودی ژنان دا بەهێز دەکا. ئێمە نابێ پێمان وابێ کە لە وڵاتێک دا کە دێموکراسی تێدا هەیەو تەنانەت دێموکراسی گەیشتۆتە مەرحەلەی هەرە بەرزی خۆی، دیسان ژنان و پیاوان بە شێوەی بەرابەر لە هەموو سەتحەکانی ئیدارەی وڵات دا بەشدارن. ئێستاش زۆر وڵاتی دێموکڕات لە دنیادا هەیە کە تەمەنی دێموکراسی تێیاندا رەنگە نزیک بە سەد ساڵ و زیاتریش بێ، بەڵام ئێستا لەو کۆمەڵگایەشدا دا بە تەواوی حەل نەبووە کە سەرکۆماری ئەو وڵاتە ژن بێ. لە زۆر وڵاتدا کە ئێستاش رەقابەت بە شێوەیەکی ئازاد لە چۆنیەتی وەدەست گرتنی دەسەڵات لە نێو حیزبە سیاسییەکاندا هەیە، زۆر حیزبی سیاسیی ئێستاش لە نێو وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی عادەتی بەوە نەگرتووە کە رێبەرەکەی ژن بێ. مە بە ستم ئە وەیە نەفسی دێموکراس لە کۆمەڵگایەکدا بە مانای ئەوە نیە بە شێوەی بەرابەر لە هەموو بەشەکانی ئیدارەی وڵاتدا بەشدار دەبن، بەڵام دێموکڕاسی ئەوە تەزمین دەکا کە مافی ژن و پیاو لە وڵاتدا وەک یەک بێ، یانی دوو مەرحەلەیە. بۆیە لەو خانەیەدا کاتێک لە وڵاتێکدا، ماف بەو جۆرەی حەقی ئینسان و عەدالەت دامەزرا و هەموو بنەماکانی حەق نەهادینە بوو، رەنگە هیچ گرینگ نەبێ کە سەرکۆمار یا سەرۆک وەزیر یا رێبەری حیزبی ئەو وڵاتە ژنە یا پیاوە. گرینگ ئەوەیە لەوێدا ژن وەک پیاو مافی یەکسانی هەبێ. بۆچوونێکی دیکە کە دێتە سەر مەوزووعی بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگا واتە چۆنیەتی هێنانە گۆڕی میکانیزمێک بۆوەی کە ژن باشتر دیار بێ و دەوری هەبێ، دەگەڕێتەوە سەر پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی کۆمەڵگا. بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لە پێشکەوتوویی و

**لە ئێراندا هەر گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بێتە گۆڕێ، حکوومەتی قانوون و دێموکراسی دابمەزرێ، هەر حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەرکار، بەهۆی روشدی سیاسی کۆمەڵگا و ژنان، ئێرانی داهاتوودا ناتوانێ بەرامبەر بە مافی ژنان بێ تەفاوەت بێ**

دواکەوتوویی. بە باوەڕی ئێمە لە کۆمەڵگاکانی ئێستادا ئێمە ناتوانین مافی ژنان بەوە پێناسە بکەین کە ژن چ لیباسێک لە بەر دەکا و یا حیجاب لە سەر دەنێ و یا سەری روو تە. ئەوە باسێکی زۆری لە دنیای دەرەوە لەسەرە بۆیە من لێرەدا هێنامە گۆڕێ، نەفسی ئەوەی کە ژن حیجابی لەسەرە دەلیل بەر ئەوە نیە کە ئەو ژنە دواکەوتووە، یا ئەوەی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژن سەری رووتە دەلیل بەر ئەوەش نیە کە ئەو ژنە پێشکەوتووە. یانی لیباس لەبەر کردن بە هیچ جۆر بە مەعنای ئەوە نیە کە لەو کۆمەڵگایە نیشانەیەک بێ بۆوەی ژنێک پاشکەوتوو بێ و یا پێشکەوتووە. لیباس لەبەرکردن کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر لەو شوێنانەی کە بە داخەوە مەسائیلی مەزهەبی لە چۆنیەتی قانوونی ئیدارەی وڵات دا دە خالەت دەکا، بووە بە مەوزووعێک. دەنا چۆنییەتی لیباس لە بەر کردن نابێ تێکەڵاوی ئەوە بکرێ کە ئەوە شێوەیە کە لە پێشکە وتن یا پاشکەوتن لەسەر مەسائیلی ژنان.

بۆیە دەبێ ئێمە تێبکۆشین باس لە سەر مەسەلەی ژنان زۆرتر بێنینە گۆرێ. مەوزووعێکی دیکە کە جێگای سەرنجە بۆ ئێمە و دەبێ تەئکیدی لە سەر بکەین، گۆرانی فەرهەنگە. فەرهەنگ لە کۆمەڵگادا بە تایبەت لە نێو ئێمە وەک جەمعی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەژن و پیاوەوە بە یە کە وەکار دەکەین، زەمانێک دەگۆردرێ کە ئەو فەرهەنگە نەهادینە بکرێ و هەر دوو بەشێ کۆمەڵ وەک ژن و پیاو لە وێدا ئیعترا فی پی بکەن و تەبیعەتەن دەبێ پیاوان پێشقەدەم بن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرهەنگە.

بە خۆشییەوە لە نێو حیزبی دێموکراتدا یە کیە تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان مێژووە کە ی دەگەرێتەوە سەر رۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لەو سەردەمەوە لە حیزبی ئێمەدا بۆ بەرابەریی ژن و پیاو کار کراوە. لانیکەم حیزبی ئێمە مێژوویەکی دوورو درێژی زیاتر لە ٦٥ ساڵ لەو پێناوەدا هەیە.

هیواداریین کە ژنان لە نێو حیزبی دێموکراتدا هەمیشە ئاوا چاو لە چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن کە بە بەشداریی خۆیان تێبکۆشن ئەو فەرهەنگە بگۆرن.

ئێمە لەنێو حیزبی دێموکراتدا لانیکەم بە هەموو گیرو گرفتێک کە هەمانە، حیزبی شوێنێکین کە لە رۆژهەڵاتی نێوەراستەو لەو ناوچەیەدا بە زۆر فاکتۆر و دەلیل، ئێستا ژنان ئەو مەوقەعییە تەیان بۆ نەرەخساوە کە لە هەموو بەشەکانی ئیدارەی کۆمەڵ و حیزبایەتیی دا بەشدار بن. بەڵام با وجودی ئەوە، ئێمە میکانیزمێکمان هێناوەتە گۆرێ کە لە رادەی توانای خۆمان و لە رادەی حوزووری ژنان دا، بەشێکی بەرچاو لە ژنان لە رێبەری و لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبدا کار بکەن. من دڵنیام لە داهاتوودا حوزووری ئەو جەمعە دەتوانێ کۆمەک بکا بە عەدالەتی زۆرتر لە رەعایەتی حوقووقی ژن لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە پیرۆزبایی رۆژی ژن لە هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان دەکەم و هیوادارم ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەیەکی بەربەرین

**کاتێک لە وڵاتێکدا، ماف بەو جۆرەی حەقی ئینسان و عەدالەت دامەزرا و هەموو بنەماکانی حەق نەهادینە بوو، رەنگە هیچ گرینگ نەبێ کە سەرکۆمار یا سەرۆک وەزیر یا رێبەری حیزبی ئەو وڵاتە ژنە یا پیاوە. گرینگ ئەوەیە لەوێدا ژن وەک پیاو مافی یەکسانی هەبێ**

لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن، بە ئیعتماد بە نەفسێکی زۆرتر بە باوەرێکی زۆرتر بە خۆیانەوە زۆرتر بەشداری جموجوڵەکان و فەعالییەت و خەباتی مەدەنی بکەن، چون لە ئێراندا قەتعەن یەکێک لە وەزیفەکانی ژنانی کورد لە کوردستاندا ئەوەیە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە سازمان و رێکخراوەکانی کۆرو کۆمەڵی مەدەنی دا، ئالقەیەکی بەهێز بەینی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران هەبێ. بەهێز کردنی ئەو ئالقەیە دەکرێ کۆمەک بکا بەو عەقڵییەتەی کە لەسەر مەسائیلی ژنان لە ئێران بە گشتی و لە تاران بەتایبەتی و لە نێو جووڵانەوەکانی ئێرانی لە دەرەوەی کوردستان لە گۆرێدا هەیە، بە مرووری زەمان لە کوردستانیش نەهادینە بکرێ و ئەو پەیوەندییە دڵنیام کۆمەک دەکا بە هێنانە گۆرێ زۆرتری مەسەلەی کورد لە دەرەوەی کوردستان و لەنێو ژنانی غەیرە کورد و ژنانی غەیرە کورد دەتوانن زەمینەیەکی باش بن بۆ تێگەیشتن لە مەسائیلی کوردستان و لە ماڵی خۆیان و لە شوێنی خوێندن و لە حەددی خۆیاندا ئەوانیش بە تەبیعەتی ئەوەی کە ژن دەبێ زۆرتر لایەنگری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێ، دیفاع لە مەسەلەی نەتەوایەتیی و ئازادی، زۆرتر کاری بۆ بکا و بەو شێوەیە تەئسیر دابنێ لەسەر کۆمەڵگایەک کە پیاو لەوێدا زیاتر تەئسیری هەیە لەسەر سیاسەت و خەت دان و لەسەر چۆنییەتی تەنزیمەکانی قانوونی داهاتوو.

هیوادارم ٨ی مارس ببێ بە رۆژێک کە ئێمە هەموو بە یەکەوە ژنان و پیاوانی حیزبی دێموکرات، کار بکەین بۆ عەدالەت و یەکسانی لە نێو حیزبی دێموکراتدا. هەموو ژنان و پیاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکەوە کار بکەین کە ناعەدالەتی نەمێنێ. یەکسانی لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگا و قانوون بۆ ئیدارەی وڵات نەهادینە بێ. هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە کار بکەین ئەو عەقڵییەتە لەنێو خۆماندا بەهێز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوانەی رقیان لە نەورۆزە، دوژمنی کوردن

ڕەسووڵ سوڵتانی

بەر لەوەی بچینە سەر باسی نەورۆز و وەک مولکێکی کولتووری، پێویستە ئاوڕێک لە بنەما و لایەن و ڕەهەندەکانی رق و رقلێبوون و قین لەدڵی و رق هەڵگرتن، بدەینەوە. رق حاڵەتێکی دەروونیی مرۆڤە کە زۆربەی جاران دەبێتە هۆی نواندنی کردەوە و دژکردەوەیەکی توندوتیژانە لە لایەن کەسی رق هەستاوەوە. رق دووقۆناغی هەیە، قۆناغی بێ دەسەڵاتیی کەسی رق هەستاو و قۆناغی دەستڕۆیشتوویی ودەسەڵاتداریێتیی رق هەڵگرتوو.

مرۆڤی رق هەستاو جیاوازە لە مرۆڤی رق هەڵگرتوو. کەسی رق هەستاو زۆربەی جاران بە حاڵەتێک یان کردەوەیەک کە نائاساییە و بە دڵی ئەونییە یان پێچەوانەی ویستەکانی ئەوە، باری ئاسایی دەروونی دەشێوێت و گرژ دەبێت. لەوانەیە حاڵەتی لەو چەشنە ئەگەر زۆر خێراش ئەهوەن نەبێتەوە لانیکەم زۆر نەخایێنێت. لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەدا حاڵەتێکی قین لە دڵی هەیە. ئەم حاڵەتە زۆر مەترسیدارە. بەتایبەتی ئەو دەمەی قین لەدڵی و رق لێبوونەوە لەسەر بنەمایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیدەبێت و کەسی قین هەڵگرتوو هاندەرێکی سیاسی یان ئایینیی لە پشتە و پشتیوانێکی بەهێزی هەیە بۆ هەڵڕشتنی رق و قینەکەی.

قین لەدڵ، لافاوی رقەکەی تەنیا بە زەلیلکردن و سەرپێ دانەواندن، یان فەوتاندن و سڕینەوەی لایەنی بەرامبەر دەنیشێتەوە.

ئەو بیرۆکە و باوەڕانەی کە لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژیکی بنیات نراون، دنیای دەوروبەری خۆیان بەسەر دوو بەرەی حەق و ناحەق، جوان و دزێو، دۆست و دوژمندا دابەش دەکەن. لەو سنووربەندییەدا، تەنیا لایەنی حەق و جوان و دۆست، یان بە گشتی ئەوانەی کە سەر بە ڕێبازە ئایدۆلۆژیکییەکەی ئەوانن مافی ژیانیان هەیە. تەنیا ئەوان خاوێنن و شیاوی ڕێزگرتن. شوێنکەوتووانی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیا و باوەڕە دوگماتیکانە، هەموو ساتەکانی ژیانیان لێوڕێژە لە قینێکی خەست، قین لە هەموو ئەو کەس و دیاردانەی کە بە ویستی ئەوان نین. قین لەدڵی و هەوڵدان بۆڕشتنی رق وقینی لەبن نەهاتوویان، بەشێکی دانەبڕاوە لە



سرووشتیان. ئەوانە خوازیاری سڕینەوەی تەواوی ئەو ڕەنگ و دەنگانەن کە لە ڕەنگ و دەنگی خۆیان جیاوازن. ئەوان وا لە خۆیان گەیشتوون کە هیچ کەس جگە لەوان توانای بینینی ڕاستییەکانی نییە و ڕاستییش جگە لەوەی ئەوان دەستنیشان و تەفسیری دەکەن لە هیچ قامووسێکی دیکەدا دەست ناکەوێت. کورتی ببڕینەوە ئەوان فلچەیەکیان پێیە و گەرەکیانە هەموو دنیا بەو جۆرە ڕەنگ بکەن کە خۆیان پێیان ڕاستە و باوەڕیشیان وایە کە هەرکەس ڕاستییەکانی ئەوانی پێ ڕاست نەبێت ئەوا بەلاڕێدا چووە و چەواشە بووە و، دەبێ یان بە پێوەرەکانی ئەوان خۆی ڕاست بکاتەوە یان بکوژرێت. ئەوان جگە لە خۆیان هەموو خەڵک بە چەواشەبوو دەزانن و قینیان لە هەموو شتێکە. قینیان لە بزە و خۆشی و شادییە.

مێژووی مرۆڤایەتی شایەتی ئەوەن، کە ئەو رق و قینە دوور لە لۆژیک و خۆ بە حەقیقەت زانە، گەلێک کارەساتی گەورەی خوڵقاندووە و توندوتیژی و بێبەزەیی کردووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە سایکۆلۆژیای مرۆڤ. یەکێک لەو نەریتانەی کە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی ئەم لایەنانەدا بووە، نەریتی نەورۆزی کوردەوارییە. نەورۆز لە کۆنەستی کوردەواریی خۆماندا ئیتر ناچێتەوە سەر باوەڕگەلی کۆن و پەرستنی سرووشت و دیاردە سرووشتییەکان، بەڵکوو بە تێپەڕاندنی ئەو زەمەنە دواجار نەورۆز بووە بە هێمای خۆڕاگریی کورد لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی کوردستاندا و ئاگرەکەشی بووتە هێمایەک، بۆ شەڕ دژی زوڵم و زۆری و بێدادی. ئەم جێژنە نەتەوەییە کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە بەڕێوە چووە و، ئێمە وەک بەشێک لە ناسنامەی خۆمان لێیمان ڕوانیوە، ئەوا نزیک بە سەدەیەک، لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، پێش لە بەڕێوەچوونی گیراوە. هەڵبەت لەو نێوەدا لە وڵاتی ئێران بە هۆی ئەوەوە کە نەورۆز بووەتە بەشێک لە کولتووری خەڵکانی نێو ئەو وڵاتە، هەر بەڕێوە چووە بەڵام لە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتانەوە نەک هەر پێش لە بەڕێوەچوونەکەی گیردراوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوەش دراوە کە بە تەواوەتی لە کۆنەستی خەڵکیشدا بیسڕنەوە. لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩١دا، ئەو جێژنە سەرلەنوێ لە باشووری کوردستان هەموو ساڵێک شکۆمەندانە بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەمجارەیان ئەگەر دەسەڵاتی بەعسی دژ بەکورد لە گۆڕێدا نەماوە، دیسانیش هەندێ لایەنی بیرتەسک هەن کە لێرەولەوێ بەشێوەیەکی چڕ و بە ڕژدی و گرژی، دژی نەورۆز و تەنانەت دژی گوتاری ناسیۆنالیستی و نەتەوەخوازانەی کورد قسە دەکەن. ئەوانە ڕاسپێردراون بەهەر شێوەیەک و لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت هەوڵی خۆیان بۆ لاوازکردنی هەستی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتیمانپەروەریی خەڵک بخەنە گەڕ. دیارە من تەمەنێکی زۆرم نیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی لە کتێب و پەرتووکەکانیشدا خوێندوومەتەوە لەوە تێگەیشتوومە کە موسڵمانێتی و کوردایەتی، یان کوردایەتی و موسوڵمانێتی دوو شتی پێک ناتەبا و ناکۆک نەبوون. با کورتە ئاوڕێک لە مێژوومان بدەینەوەو لە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەکەمان بڕوانین. لە سەدەی رابردوودا کە زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی کورد بۆ وەدیهێنانی ویستەکانی ئەو نەتەوەیە سەریان هەڵداوە، کەسانێک رێبەرایەتیی ئەو شۆڕشانەیان وەئەستۆ گرتووە کە خۆیان وەک قوتبێکی ئایینی لە لایەن خەڵکەوە سەیریان کراوە. ئەوەتا کەسانی وەک شێخ عوبەیدوڵڵەی نەهری و سەید رەزای دەرسیم و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی نەمر و پێشەوا قازی و مەلا مستەفای بارزانی، هەر هەموویان کەسانی بەدین‌وئیمان بوونە و موسوڵمانێتی نەک پێشی ئەوەی لێ نەگرتوون نیشتیمانپەروەر و نەتەوەپەرست بن، بەڵکوو بە بڕوای من زۆر جاران ئەو باوەڕە ئایینیەیان فاکتەرێکی بەهێزی بووە بۆ پتەوبوونی باوەڕی نەتەوەخوازانەو نیشتیما نپە ر و ە ر ا نە یا ن . با سەیرێکی مێژووی ئەدەبیاتمان بکەینەوە، ئەوەتا نالی و مەحوی و حاجی قادر و قانع و هەژار و.. زۆربەی هەرە زۆریان پەروەردەی بن دیواری حوجری مزگەوتان بوونەو زۆربەشیان پێش نوێژ و مەلای مزگەوتان بوون و لەگەڵ ئەوەشدا نیشتیمانپەروەر بوونە و رێزیان لە نەریت و جێژنە نەتەوەییەکانی کورد و نەریتەکانی کوردەواری گرتووە و قەتیش فەتوای حەرامیان لەسەر دەرنەکردوون. تەنانەت بەشێک لەو شاعیرانە بەو پەڕی هەستەوە هۆنراوەی پڕ لە حەماسەتیان بۆ نەورۆز هۆنیوەتەوە.

چۆن گریانم نەیە، رۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لە یەکێک لە ئاشناکانم دەکەم، دەبینم رووم لێ گرژ دەکات و نێوچاوانی تێک دەنێ وەک بڵێی من گوناحی کەبیرەم کردبێ و لە جوابیشدا دەڵێ: کاکە پیرۆزبایی لە خەڵکی ئیماندار و موسوڵمان مەکە. پێم سەیر بوو، بۆچی دەبێ موسوڵمانێتی و کوردایەتی دژی یەکتری بن. بەڵێ: رێزگرتن لە نەورۆز ئەمڕۆ رەمزی کوردایەتییە. رەمزی بەرخودان و مانەوەیە. نە گەڕانەوەیە بۆ ئایینی زەردەشت و نە گەڕانەوەیە بۆ ئاگرپەرستی و خورافاتپەرستی. بەڵکوو گەڕانەوەیە بۆ لای ئەو رەمز و هێمایەی کە ئەوا بۆ سەدەیەک دەچێت کە ئێمە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان پاراستوومانن و کردوومانن‌تە هێمای مانەوە و خۆڕاگری. ئەوانەش کە دژایەتیی نەورۆز دەکەن باش دەزانن کە کورد لەو روانگەیەوە رێزی نەورۆز دەگرێت. ئەگەر بیانووی (بەنی ئیسراییل)یانە دەهێننەوە و وا دەنوێنن کە گەڕانەوەی بۆ ئەو شتانەی ئەوان پێیان حەرامە، گەڕانەوەیە بۆ خورافەپەرستی، با هەموومان دڵنیابین لەوەی راست نافەرموون، بەڵکوو ئەوان پێیان ئەسپێردراوە کە دژی هەموو ویستێکی نەتەوەخوازانە راوەستن. ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ چاندنی تۆوی عەرەبچێتی و هەر بۆ ئەوەش پەروەردە کراون و هەر لەوێشەوە ساپۆرت دەکرێن. ئەگەر نەورۆز نەریتێکی عەرەبیی بەر لە ئیسلام بووایە، دڵنیام ئەوان دژایەتییان نەدەکرد، یا لانیکەم هیچ کات مۆرکی حەرامیان لێ نەدەدا، ئەوپەڕی دەیانگوت (موستەحەبە).

کورد وەک زیاترین حەشیمەتی بێ دەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەوییە پێویستیی بەوەیە تەواوی ئەو هێمایانە بپارێزێت کە مۆرکێکی کوردانەیان پێوەیە. لە بەردەم شەپۆلی بە تەوژمی بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا کورد پێویستیی بە ناسنامەیە. ناسنامەی کوردانەی ئێمەش هەر لە جلوبەرگەوە بگرە هەتا چنینی مافوورە و بەرە و کڵاش و رانک و چۆخی هەورامانی و گۆرانی و موزیک و دەهۆڵکوتان و هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەک و جێژنە نەتەوەییەکان لە خۆی دەگرێت. ئەوانەش کە بەهەر بیانوویەک دێن و بەڕێوەچوونی ئەو جێژنامان لێ حەرام دەکەن، با بیانناسین و دڵنیابین کە ئەوانە پەروەردەکراو و راسپێردراو و بڵاوکەرەوەی بیری عەرەبیزمن. با دڵنیاشیان بکەینەوە کە ئێمە موسوڵمانێتیمان بە هێما و رەمز و مۆرکە نەتەوەییەکانمانەوە دەوێ و هەموو شۆڕشەکانیشمان دژی ئەو باوەڕ و بۆچوون و لایەنانە بووە و دەبێت، کە دژایەتیی کوردبوونمان دەکەن. جێژنی نەورۆزیش یەکێکە لەو جێژنە پیرۆزانەی کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ باوەڕە ئایینییەکەی کوردە موسوڵمانەکان نیە.

دیارە وەک لەسەرەتادا باسم کرد، ئەوانە رقیان لە فرەرەنگی و جۆراوجۆرییە و هیچ ساتەوەختێکی ژیانیان وشەی لەعنەت لە زمانیان ناکەوێت بەرامبەر بەو شتانەی لە دەرەوەی ویستەکانیانن. ئەوانە دەیانەوێ فڵچەی عەرەبیزم بەسەر هەموو رەنگ و دەنگەکاندا بکێشن. بازنەیەکی پیرۆزکراویان هەیە و دەیانەوێ جیهان لە نێو ئەو جەغزەدا بەرتەسک بکەنەوە و دەرەوەی ئەو بازنەیە نابێ هیچ شتێکی لێ بێ. ئەوان غافڵن لەوەی جیهان بەو رەنگاورەنگییەوە جوانە. ئەوان خۆیان ئەرکی ناردنی خەڵکیان بۆ بەهەشت بەئەستۆ گرتووە و ئەگەر یەکێکیش نەیویست بچێتە بەهەشت، بەر لەوەی بکەوێتە بەر غەززەبی خودا، ئەوا ئەوان بە نوێنەرایەتیی خودا غەززەبی لێ دەگرن و سزای دەدەن. ئەوانە بەبێ رق و قین ناژین. رق و قین لە هەرچی جوانییە، لە بزە و لە پێکەنین و لە شادی و خۆشیی خەڵک و، پێشیان وایە خودا لە پێناوی ئەو رق و قینەی لە دڵیان دایە، جزایان بە چاکە دەداتەوە. ئەوان هەر دژی نەورۆز نین، بەڵکوو دژی ئەوەن مرۆڤ دڵی خۆش بێت، چونکە سەر ئەو باوەڕن کە ئەم جیهانە دۆزەخی باوەڕدارانە، کەوابوو دەبێ بۆ هەموو کەس دۆزەخ بێت، بۆیەش هەوڵی یەکرەنگ کردنی دنیا و بەدۆزەخکردنی دەدەن. بەڵام ئایا سەر دەکەون؟

**نەورۆز بووە بە هێمای خۆڕاگریی کورد لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی کوردستاندا و ئاگرەکەشی بووتە هێمایەک، بۆ شەڕ دژی زوڵم و زۆری و بێدادی. ئەم جێژنە نەتەوەییە کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە بەڕێوە چووە و، ئێمە وەک بەشێک لە ناسنامەی خۆمان لێیمان روانیوە، ئەوا نزیک بە سەدەیەک، لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، پێش لە بەڕێوەچوونی گیراوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەوری راگەیاندنی ئازاد

لاجان

بەر لەسەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران تریبوونی ئایەتوڵلا خومەینی بریتی بوو لە چەند کاسێتێک کە لە دەرەوە زەبتی دەکردن و لایەنگرانی بە نێو خەڵک دا بڵاویان دەکردەوەو چەند وتووێژێک لە رادیۆیەکانی دەرەوە بە تایبەتی بی بی سی. بەو حاڵەش ئەوەندە راگەیاندنە خومەینیی کردە یەکێک لە رووما دیارەکانی شۆرش. ئەوکاتیش راگەیاندنی ئازاد قەدەغە بوو و رێژیمی شا نەی دەهێشت پەیامی جیاواز بە گوێی خەڵکی بگا.

خومەینی کاریگەریی راگەیاندنی لە لەقاودانی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆ دەرکەوتبوو، هەر بۆیە کاتێک دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت بە روونی بێ پێچ و پەنا فتوای لە دژی نەیارانی ئازادیخوازی دەرکرد کە « قەڵەمەکانیان بشکێنن و زمانیان ببڕن». راگەیاندنی ئەو کات هەم بەهۆی ئەوەی ئامرازەکانی کەمتر بوون ( بە تایبەتی بۆ ئۆپۆزیسیۆن ) کە بریتی بوون لە رادیۆ یان رۆژنامە، هەم یەک لایەنە بوون. واتە تەنیا خاوەن پەیام بۆ گوێگر یان خوێنەر دەدوا. لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە تیکنۆلۆژیی راگەیاندن یەکجار زۆر پێشکەوتووە و ئامرازەکانی راگەیاندن ژمارەیان زۆرە هەم پێوەندیی خاوەن پەیام و وەرگری پەیام دوولایەنەیەو هەم ئامرازەکانی پێوەندی و راگەیاندن ژمارەیان زۆرترە. ئەمڕۆ جگە لە رادیۆو تەلەڤزیۆن رۆژنامە، زۆر کەس دەستی بە ئینتێرنێت رادەگا، کەم کەسە هەیە موبایلی پێ نەبێ و کەم ماڵ و شوێنی گشتی هەیە بە سەتەلایتەوە وەسڵ نەبێ. پێوەندیی بەردەوام لە نێوان خاوەنی پەیام و وەرگری پەیام دا هەیە. گوێگران یان بینەران ئەگەر پێیان خۆش بێ، وەڵام دەدەنەوەو هەر بە تەنیا گوێگر نابن بەڵکوو دەوری پەیام دەریش دەبینن.

بەم جۆرە رێژیمە دیکتاتۆررکان لە سێ بوار دا لە بەرامبەر شەپۆلی راگەیاندن دا دەستە وەستانن: یەکەم، ناتوانن تەنیا بیرو باوەڕی خۆیان بڵاو بکەنەوەو خەڵکی لە بێ خەبەری دا رابگرن کە تەنیا یەک رێگاو یەک فکرو ئیدە لە مێشکی خەڵک بە تایبەتی لاوان باوێن. دووەم، ئەگەر درۆو چەواشەکاری بکەن خەڵک راستییەکان و رووداوەکان لە رێگاکان و کاناڵی دیکەوە دەبیستن و لە ئابڕوو ئیعتیباری ئەو رێژیمانە کەم دەبێتەوە. سێیەم، ناتوانن دەنگی موخالیف بە یەکجاری کپ و بێدەنگ بکەن. موخالیفان دەتوانن لە رێگە و کاناڵی جۆراوجۆرەوە پەیامەکانیان بگەیەنن. هەربۆیە خەڵک پەیامی جۆراوجۆر دەبیستن و لە نێواندا پەیامی جێگەی پەسندی خۆیان هەڵ دەبژێرن. جگە لەمەش راگەیاندن پردی پێوەندیی نێوان یەکە یەکی ئەفرادی نێو کۆمەڵە.



**سەردەمی ئەمڕۆدا کە تیکنۆلۆژیی راگەیاندن یەکجار زۆر پێشکەوتووە و ئامرازەکانی راگەیاندن ژمارەیان زۆرە هەم پێوەندیی خاوەن پەیام و وەرگری پەیام دوولایەنەیەو هەم ئامرازەکانی پێوەندی و راگەیاندن ژمارەیان زۆرترە**

ئەو رێژیمانەی جاران بە درۆو، هەڵخەڵەتاندن و فێڵ و تەڵەکە درێژەیان بەدەسەڵات دەدا ئەمڕۆ ئەم شێوە لە دەسەڵات کردنەیان بە تەواوی بێ ئاکام و پووچەڵە و تەنیا هێزی نیزامی بۆ ماوەیەک دەیان پارێزێ.

گرنگیی راگەیاندن و دەوری راگەیاندنی ئازاد لە ئاڵ و گۆڕەکانی دنیای عەرەب دا زۆر بەباشی دەرکەوت. لەبەر ئەو گرنگییەش بوو کە لە توونس، لە میسر، ئێستا لە لیبی، لە یەمەن ئەو شەبەکە راگەیاندنانە لەخەڵک دەبڕن بۆ ئەوەی راپەڕینەکان بە خێرای رێک نەخرێن. لە کۆماری ئیسلامییش دا کە رابردووی دوژمنایەتیی لەگەڵ راگەیاندن لە فتواکەی خومەینیەوە تا قەدەغەکردنی ئانتێنە ماهوارەییەکان، تا کۆنترۆلی مەرکەزە ئینتێرنێتەکان و فیلتێری سایتەکان، تا پچڕاندنی هێڵی تەلەفوونەکان و ئینتێرنێت، رابردوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام لەو شەڕە نەرمە دا ئەوەی ماوەتەوەو پێشکەوتووە راگەیاندنی ئازادو بێ ئیعتیبار بوونی سیاسەت و هەواڵەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو نەمانی متمانەی خەڵک بەو رێژیمەیە. هەر ئەو راگەیاندنەشە کە رشتەی پێوەندیی خەڵک لەگەڵ یەکتری پێک دێنێ، رشتەیەک کە هێزی نیزامیی دیکتاتۆرەکان توانای پچڕاندنی نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە ئارەزووی سڕینەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێکدا

## هەماهەنگی و یەکگرتوویی چین و توێژەکان، زامنی بەدەستهێنانی زۆرینەی مافەکانی خەڵکە

**کوێستان فتووحی**

سێ دەیە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا کاریگەرییەکی کارەساتباری لەسەر ژیانی ژنانی ئەم وڵاتە داناوە. ژنان یەکەمین قوربانیانی شۆرشێکی جەماوەری بوون کە تەنیا ئیسلامییەکان خۆیان کردە خاوەنی. بە هاتنەسەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرووپ و لایەن لە خەڵکی ئێران بوون بە قوربانی سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن. بەڵام بەبێ شک ژنان گەورەترین قوربانییانی ئەو شۆڕشە بەهەدەر دراوە بوون کەساڵی ١٣٥٧ لە دژی رێژیمی پاشایەتی کرا. ئەگەر هێندێک بە هۆکاری بیر و باوەڕی سیاسی، مەزهەبی، زمان و کەلتووری خۆیان کەوتنە بەر هەڵاوارن و سەرکوتکردن، بەڵام هیچیەک لەو گرووپ و لایەنانە نە نیوەی کۆمەڵگەیان پێک دەهێنا، نە پێش ئەو شۆرشە مافێکی زۆریان بووە و بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەدەستیان دابێ. بەڵام ژنان تەنیا لایەنێک بوون کە نیوەی کۆمەڵگەی ئێرانیان پێک دێنا کە بە هۆی ئەو شۆڕشەوە کە ئیسلامییە توندئاژۆکان خۆیان کرد بەخاوەنی، لەگەڵ ئەوەی کەوتنە بەر زنجیرەیەک لە هەڵاواردنی ناڕەوا، بەڵکوو بەشێک لەو مافە سەرەتاییانەی کە بۆخۆیان بە درێژایی چەندین دەیە بە خەبات و تیکۆشان وەدەستیان هێنابوو، لەدەستیان دا. جگە لە هەموو ئەوانە بەشێک لەوان زۆر جار رووبەرووی ئەو هەڵاواردنانەش دەبوونەوە کە لە دژی ئەو نەتەوە و لایەن و دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتییانە بەڕێوە دەچوون، بۆ نموونە ژنێکی کورد جگە لەوەی رووبەرووی هەڵاواردنی جنسییەتی دەبۆوە لەگەڵ ئازار و بێمافی نەتەوەییش رووبەروو دەبۆوە. چیرۆکی چەوسانەوەی ژنان لە ئێرانی ژێر سایەی حاکمییەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیدا یەکێک لە لاپەڕە هەرە تاریکەکانی کارنامەی ئەو رێژیمەیە.

بەڵام خەبات و بەربەرکانی ژنانیش لەگەڵ ئەم رێژیمە لەیەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکارییەوە دەستی پێکردوە و تا ئەمڕۆش ملیان بۆ خواستە کۆنەپەرستانەکانی دەسەڵات رانەکێشاوە . سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژیو





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرەشەو سەرکوتانەی ڕێژیم لە دژی ژنان، ژنانی ئازاو ئازادیخواز تەسلیمی خواستە کۆنەپەرستانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی ئێران نەبوون، ئازار و ئەزییەت و زیندان گیانی بەرەنگاریی ژنانی ئازادیخوزی ئێرانی بەهێزتر کردوە. ئەوەتا هەموومان شاهیدیین کە ژنان لە ئێران چ شۆڕشێکیان بەرپا کردوە.

سەردەمی دیکتاتۆرییەت لە جیهاندا خەریکەبەسەر دەچێ

ئەمڕۆ دەبینین شەپۆلێکی نارەزایەتی خەڵکی وڵاتان لە دژی دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆری، وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە. ئەو شۆڕش و نارەزایەتییانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا دەورێکی تازە لە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەست پێکردوە و دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە وڵاتانی ئەو ناوچەیەدا پێک بێنێ. دیتمان خەڵکی وەزاڵەهاتووی تونس و میسر لە دژی سەرۆکی وڵاتەکەیان ڕاپەرین و دەسەڵاتی دیکتاتۆرسفەتیان تێکەوە پێچا. لە لیبی، یەمەن، ئۆردون، سووریە و.... خەڵک بۆ ئازادی. دادپەروەری و دێمۆکراسی ڕاپەڕیون، لە ئێران بزووتنەوەیەکی جەماوەری دێمۆکراسیخوازی دەسەڵاتی ٣٢ ساڵەی کۆماری ئیسلامییان تووشی ترس و دڵەڕاوکە کردوە. ئێرانیش بەشێکە لەو جیهانە و لەو شانسە بەدوور نیە کە دەسەڵاتی دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بارگەوبنەی تێکەوە بپێچێ و لە جێگەی ئەو دەسەڵاتێکی دیموکراتیک بێتە سەر کار. لەم شۆڕش و نارەزایەتی و ئاڵوگۆڕانەدا ژنان نەخشێکی چارەنووسسازیان هەبووە و هەیە.



خەبات دژی دیکتاتۆری و خەباتی یەکسانیخوازی ئەگەرچی بە رواڵەت جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام مانایەکی وەکیەکیان پەیدا کردوە. رزگار بوون لەدەست دیکتاتۆری و هێنانەدیی دەسەڵاتێکی دادپەروەر، گرێدراوی یەکترن و هیچیان بە تەنیا ناتوانن کامڵ بن. ئامانجی بزووتنەوەی ژنان، پێکهێنانی گۆڕانکاریی قووڵ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە پێناو باشتر بوونی بارودۆخی ژنان دایە. ئەم کارە بە هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتری مسۆگەر دەبێ . هاوڕێیەتی و هاوکاری بزووتنەوە و ئەنجومەنە دێموکراتیکەکانە، خێرایی دەدا بە وەدیهاتنی ئامانجە گشتییەکان. بێگومان یەکێک لە کاریگەرترین هەنگاوەکانی ئەمڕۆی خەبات بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەت و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دادپەروەر، هەماهەنگی و یەکگرتوویی هەموو ئەوهێز و لایەنانەیە کە ئەمڕۆ لە سەحنەی سیاسی وڵاتاندا حزووریان هەیە و خوازیاری دادپەروەریی و دێمۆکراسین.

بەڵام ئایا بە ڕووخان و لەناوچوونی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەتوانین خۆشبین بین بەوەی کە کێشەی ژنان لەو وڵاتانە چارەسەر دەبێ؟ لە شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، ژنان وێڕای هەموو چین و توێژەکانی ئێران لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەشدارییەکی چالاکانەیان کرد، بەڵام بەشی ئەوان لەبەرهەمی ئەو شۆڕشە ، هەموو دیتمان زۆرترین سەرکوت و بێمافییەکان بە ناوی ئایین و ئیسلام وەبەر ژنان کەوتن. ئێستاش زۆر جار شاهیدی بۆچوونێک دەبین تەنانەت لە لایەن توێژی ڕووناکبیریشەوە ئەم بۆچوونە هەیە کە دەگوترێ ئەگەر لەوە رەت بین، واتە دیکتاتۆر بڕوات دوایە کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە چارەسەر دەبن! لە حاڵەتێکی وادا بێگومان دۆڕاوی سەرەکی ژنان دەبن. هەرچەشنە پلەبەندی کردنێک لە خەبات بۆ ئازادی و رزگاریدا خۆشاردنەوەیە لە پابەندبوون بە پێوەرەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی تاکەکان.

ژنان بە ئەزموون لە شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران دەبێ زۆر بە وشیارییەوە لە ڕووداوەکان بڕوانن و کاریگەرییان بەسەریانەوە هەبێ. شەپۆلی دژی دیکتاتۆری نابێ خواستە سەرەکییەکانی خۆیان لەبیر بباتەوە. ئەزموونی ١٣٥٧ بکەنە چرای تێکۆشانی ئەمڕۆ بۆ داهاتوویان. ئەوەی ئەمڕۆ بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران بە تایبەتی دەبێ گرنگ بێ، ناسین و خوێندنەوەی خۆیان لەو بزووتنەوە کە خۆشیان بەشێکن لە بزووتنەوەکە، داهاتوو و هەلومەرجی خۆیان و هەوڵدان بۆ ئەوەی بگەڕێن بۆ جێگەو پێگەی خۆیان لە لە دوارۆژی سەحنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا تا ژنان جێگەو پێگەیەکی شیاویان هەبێ. دیارە زەحمەتە ئەوەی لە شۆڕشی ٥٧دا بەسەر ژنان هات دووبارە بێتەوە. چونکە ئێستا لە دەورانێکداین کە مافی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە جیهاندا گرنگییەکی تایبەتی و جێگەیەکی بەرزیان هەیە. جگە لەوەش ژنان ئێستا خۆیان خاوەنی ئاگایی و بزووتنەوەیەکی پڕ لە ئەزموونن. ئێستا ڕێکخراو و نیهاد و کۆنوانسیۆنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا حزووریان هەیە. ئەوانە بوونیان جگە لەوەی دڵگەرمییە بۆ بزووتنەوەی ژنان لە هەر وڵاتێکدا پشتیوانێکیشن بۆ ژنان لە وڵاتانی جیهاندا.

> **رواڵەت جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام مانایەکی وەکیەکیان پەیدا کردوە، رزگار بوون لەدەست دیکتاتۆری و هێنانەدیی دەسەڵاتێکی دادپەروەر. ئەم دووانە لەم سەردەمەدا گرێدراوی یەکترن و هیچیان بە تەنیا ناتوانن کامڵ بن**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جیابوونەوە هۆکار و دەرکەوتەکانی

عیسمەت نستانی

جیابوونەوە بە مانای پچڕانی پەیوەندی هاوسەریەتی، واتە نەمانی ئەو پەیوەندییە شەرعی و قانوونیەی کە ژن وپیاو بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بە هۆیەوە ئەرک و ماف بۆ هەر دوو لا دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ(گرێبەستی هاوسەریەتی)، بەڵام بە هەموو شێوەکانی پچڕان و هەڵوەشانەوەی پەیوەندی ژن وپیاو (کە لە راستی دا بە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەری) دەگوترێ تەلاق، راستە لە رووی بە کار هێنانی زمانەوانی ئەم وشەیە بەکاربرێ، بەڵام لەراستی دا نەمانی هەموو گرێبەستی هاوسەری مەرج نیە لە رێگەی تەلاقەوە بێ، واتە مەرج نیە تەلاق بێ، چونکە رەنگە بۆ نموونە لەرێگەی بەتاڵکردنەوە (فسخ) یان بڵێین جیا کردنەوە لە رێگەی دادوەر(تفریق قضائی) بووبێ کە ئەوە بەزۆری لەسەر داوای ژن دەبێ، واتە ژن داوا پێشکەش دەکا بۆ دادگا بۆ جیا بوونەوەو و پاش بە قەناعەت گەیاندنی دادوەر، دادوەر بڕیاری جیابوونەوەیان دەدا، چونکە ژن تەلاقی بەدەست نیە وەک ئەوەی کە پیاو ئەو مافەی هەیە دەتوانێ هەرکاتێ بیەوێ بە هۆ یان بێ هۆ ژنەکەی تەلاق بدا .

جیابوونەوە دیاردەیەکی جیهانییە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێ، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا رەتکردنەوە یاخود پەشیمان بوونەوەیە لە گرێبەستی هاوسەرگیری کە پێشتر بە پێی یاساو شەرع لەسەری رێکەوتوون. جیابوونەوە بە یەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتییە ترسناکەکان دادەنرێ کە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بە شێوەیەکی رێژەی (نسبی) دووچاری دەبنەوە. خێزانیش وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەیە بۆ رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کۆمەڵێک کێشەو گرفت، چونکە خێزان بنچینەی کۆمەڵگایە واتە ئەو بنچینەیەیە کە کۆمەڵگای لێ پێک دێ، ئەنجامی ئەو کێشەیە ئەو بنچینەیە دەرووخێنێ، چونکە سنووری ئەو کێشەیە تەنیا لە سەر سیستمی تاکەکان ناوەستێ و بەڵکوو پەل دەهاوێژێ و کاریگەری لە سەر سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی تر و وەزیفەکانی جێ دەهێڵێ، بۆیە سەرنەکەوتنی خێزان بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی سیستمەکانی تری کۆمەڵگا، چونکە هاوکارییەکانی خێزان بەردەوامی بەو سیستمانەی تری کۆمەڵگا دەبەخشێ.

چەمکی جیابوونەوە لە رووی ئایینی و کۆمەڵناسی و یاساییەوە بەو شێوەیی پێناسە کراوە:

لە رووی ئایینی: لە رووی زمانەوانیەوە واتە ئازاد بوون لە هەموو کۆت و بەندێک، بە لام لە رووی شەرعیەوە، واتە هەڵگرتنی گرێبەستی هاوسەریەتی بە چەند وشەیەکی دیاری کراو لە نێوان ژن و مێرددا. زانایانی ئیسلام بە چەند شێوە پێناسەی جیابوونەوەیان کردوە، بەڵام هەر چوار مەزهەبەکەی ( شافعی، حەنبەلی، مالکی، و حەنەفی لە سەر ئەوە کۆکن کە وشەی تەلاق لە زمانی عەرەبی بەمانای جیا بوونەوە یاخود بەر هەڵدان هاتووە، واتە ئەو پەیوەندییەی کە ژن و مێردی بە یەکەوە بەستۆتەوە پچڕاوە.

لەرووی کۆمەڵناسیەوە:واتە کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوسەرییەتی نێوان ژن و پیاو، کۆمەڵناسان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە لە کۆمەڵگاوە سەر چاوە دەگرێ، چونکە لە پەیوەندی هاوسەریەتی نادروستەوە پەیدا دەبێ. دەتوانیین بڵێن بە یەکێک لە گەورەترین و ترسناکترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ، دیارە ئەوەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە کە بە پێی ئایین، یاسا و ئاستی هوشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دەگۆڕێ.

لە رووی یاساییەوە: رێگەیەکی قانوونییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی هاوسەریەتی لە ژیانی خێزانی بە بڕیاری دادوەر و لە سەر داخوازی یەکێکیان یان هەر دوو کیان دەبێ بە هۆیەک یاخود چەند هۆکارێک کە یاسا دیارییان دەکا . چەمکی یاسایی بۆ جیا بوونەوە واتە هەڵوەشاندنەوەی کۆت و بەندی هاوسەر گیری، ئەوەش تەنیا بەو شێوازە دەبێ کە یاسا و شەرح رێگای پێ داوە .

هۆکارەکانی جیابوونەوە :

هۆکارەکانی جیا بوونەوە زۆرن و لەکۆمەڵگایەکەو بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، ئەستەمە سەرجەمی ئەو هۆکارانە دەستنیشان یان کونترۆڵ بکرێن، چونکە تاکە هۆکارێک نابێتە هۆی جیابوونەوە، بەڵکوو لە ئەنجامی چەندین کێشەوە سەر هەڵ دەدا. دیارە لە هەموو کۆمەڵگەیەک یا شوێنێک وەکوو یەک نیە، بۆ وێنە مەرج نیە ئەو هۆکارانەی لە شار خێزان بەرەو جیابوونەوە دەبا لە لادێ گرینگ بێ. لێرەدا چەند هۆکارێک دەخەینەروو:

یەکەم : هۆکاری کۆمەڵایەتی :

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن وەک ( توندوو تیژی، فەرامۆشی، لە ئەستۆ نەگرتنی بەر پرسیاریەتی، پەروەردەی منداڵ، ململانەی بەردەوام لە پێناو زاڵبووندا ...)کە ئەوانە هەموویان رێخۆشکەرن لە بەر دەم جیابوونەوەدا، بەڵام چەند هۆکارێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەن کە هەریەک بە نۆرەی خۆی کاریگەرییان لەم رووە هەیە وەک :

ئەلف) نەگونجانی ژن و مێرد: مەبەست لە رووی رۆشنبیری، جوانی، دەوڵەمەندی، پلەوپایەی بەرزتر، نەگوونجان لە رووی هەڵسوکەوت و میزاج، لێک تێنە گەیشتن، جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی، جیاوازی تەمەن، نەگونجان لە رووی هزر، کەسایەتی، رەوشت، حەز و.. کە زۆر دەگمەنە ژن و مێرد لەوانە وەکوو یەک بن. من پێم وایە لێک تێنەگەیشتنی ژن و مێرد دەبێتە هۆی گەورەکردنی قەبارەی کێشەکان، تێنەگەیشتنی پیاو لە سروشتی ژن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێداویستیەکانی و بە پێچەوانەوە ژن لە پیاو وەک هەست وسۆز و نەرم ونیانی و.. هۆکاری بنچینەین بۆ لێک جیابوونەوە.

ب ) دەست خستنە ناوەوەی کەسانی دەوروو بەر لە کاروباری خێزان: کاتێ ژن و مێرد کەسایەتیان لاواز بێ و بۆ بچووکترین کێشە پەنا دەبەنە بە کەسانی دەرەوەی خێزان، ڕێگە خۆش دەکەن بۆدەست خستنە ناو ژیانی خێزانی و لە کۆتایی دا دەبێتە هۆی لە بەر یەکهەڵتەکاندنی بنەماکانی خێزان.

پسپۆرانی بواری خێزان دەڵێن : هەندێک کێشەی ژن و مێرد بە تەواوی سەر بە خۆییان وەر نەگرتوەو بە خواست و ئارەزووی ئەوانە ماوەتەوە کە دەستیان خستۆتە ناو کارو بارەکانیانەوە، دیارە زۆر جار لە ڕووی دڵسۆزیەوە دەبێ بۆیە دەبێ زۆر بە وشیارییەوە بێ.

ج) کەمی ماوەی دەزگیرانی: کەسانێک زۆر بە پەلە و بێ بیرکردنەوە هاوسەری ژیان هەڵ دەبژێرن، کە ئەوکەسانە بەتەواوی شارەزای یەکتر نین وخاڵی بە هێز و لاوازی یە کتر نازانن. دیارە لەم ڕووەوە کۆمەڵگا وداب ونەریتیش دەوور دەبینێ لە پەلە کردن لە گواستنەوەی بە تایبەت لە کۆمەڵگای سونەتی کە هەموو شتێک بە عەیبە دادەنرێ.

د) کەسێتی ژن و مێرد: زۆر جار گرینگی بە کەسێتی بەرامبەرەکەیان نادەن و ڕێزی لێ ناگرن و قسە لە یەکتر وەر ناگرن و مامەڵەیان لە گەڵ یەکتر خەراپە و بۆیە هیچ خۆشیەک لە ژیان وەرناگرن.

ه) هاوسەرگیری زوو: پسپۆران پێیان وایە یەکێک لەو کێشانەیە کە چەندین کێشەی تری لێ دەبێتەوە، چونکە بچووکی تەمەن لە زۆربەی کاتدا فاکتەری نێگەتیڤە بۆ جیابوونەوە بە هۆی کەم ئە زموون، لاوازی بیر کردنەوە، کەمی هۆشیاری، بیرکردنەوەی خیاڵی و بە گشتی تێنەگیشتن لە ژیان و..

و) ڕەوشتی نابەجێ: ناپاکی لە ژیانی هاوسەریەتی بە فاکتەرێکی بنچینەیی جیابوونەوە دادەنرێ، چ لە لایەن ژن یا خود پیاوەوە بێ. ناپاکی لە ژیانی هاوسەریەتی خۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە گوزارشت لە پا بەندنەبوون بە بنەما ئەخلاقییەکان دەکا کە لە کلتووری کۆمەڵگا وەرگیراوە. دیارە زۆر دیاردەی نابەجێی دیکەش وەک: خراپ مامەڵە کردن، ئاڵوودە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لێدان، قومار، لادانی سێکسی ودوورکەوتنەوەی بەردەوام لە ماڵ و.. هەموویان ڕەوشتی نابەجێن.

ی) هاوسەرگیری زۆرەملێ : ئەوەش یەکێکی دیکە لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە.

**دووەم: هۆکاری ئابووری:**

باری ئابووری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە جیابوونەوەی خێزان، چونکە لەوانەیە پیاو نەتوانێ هەموو پێداویستیەکانی ماڵ ومنداڵی دابین بکا. زۆر جاریش ژنیش هۆکارە لە دروستبوونی ئەو کێشەیە چونکە ڕەچاوی باری ئابووری پیاو ناکا. زۆری داخوازی خێزان لە ئەنجامی ئەو فشارانەی کومەڵگا دەیخاتە سەر و لە توانای پیاو دانیە.ئاشکرایە کە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ وەک هاوکارێکی نوێ بۆ داهاتی خێزان، بەڵام هەندێک جار یان خود هێندێک ژن حەز ناکا هاوکاری ماددی خێزان بکا بۆیە کێشە دروست دەبێ و زۆرجار واز لە کارەکەی دەهێنێ، یان زۆر جار پیاو لە بەڕێوەبردنی خێزان سەرەرای بوونی داهات بەر چاو تەنگی دەکا. دیارە بە خۆشیەوە ئاستی هوشیاری وکۆمەڵایەتی ژن و پیاو لەسەردەمی ئەمرۆدا لەم ڕووەوە چۆتە سەرێ و بە پەرۆشی خێزانەوەن.

**سێهەم: هۆکاری دەروونی:**

مەبەست لەپێکهاتەی سایکۆلۆژی هەر دوو هاوسەرە، کە لە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی وەکوو یەک نین، بەڵام زۆر خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە. هۆکارەدەروونییەکان وەک :

ئەف) گرێ دروونییەکان : کە دڵپیسی، گومان، ڕق وکینە دەچێتە خانەی گرێ دەرونییەکانەوە یەکێک لە کێشە مەترسی دارەکانی نێوان ژن ومێرد کە ژن و مێردی دڵپیس لە یەکتری بێزار و ماندوو دەکا و بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک متمانەیان بە یەکتری نامێنێ و لە کۆتاییدا تووشی لێکترازانی ئەو پێوەندییە و نەخۆشی دەروونی دەبن .

ب) نەخۆشی دەروونی: نەخۆشیە دەروونییەکان زۆرن،بەڵام گرینگتریان (دڵە ڕاوکێ، خەمۆکی، وەسواسی) یە کە هۆکارێکن بۆ لە بەریەکهەڵوەشاندنەوەی خێزان، چونکە زۆر جار لە وانەیە یەکێک لە هاوسەران تووشی ئەو نەخۆشیە بێ بەڵام ئەوی تریان لێی ئاگادار نەبێ.



**چوارەم: هۆکاری ئایینی:**

توێژەران پێیان وایە پابەند نەبوون بە بنەما شەرعیەکان لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا دەبنە هۆی جیا بوونەوە، چونکە زۆر جار شاردنەوی کەم وکوڕی جەستەیی لای یەکێک لە هاوسەران، پشت گوێ خستنی ئەرکە ئایینیەکان لای یەکێکیان و زۆر جار پابەند نەبوون بە ئیلتزاماتی ئایینی یا خود لاواز بوونی بیروباوەڕی ئایینی هۆکارن، بۆیە پێویستە هەریەکەیان مالێک بن بۆ ئەوی دیکەیان و ڕێز لەپیرۆزی یەکتری بگرن.

**پێنجەم: هۆکاری بیولۆژی:**

مەبەست ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە جەستەوە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ نموونە: نەزۆکی لە کۆنەوە یەکێک بووە لە کێشەکانی نێوان ژن ومێردو زۆر جار بە هۆیەوە تووشی جیابوونەوە بوون. یاخوود لایەنی ژن و مێردایەتی زۆر جار لەوانەیە یەکێ لە هاوسەران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تووشی نەخۆشی ئەندامی و دەروونی بێ کە زۆر جار چارەسەری هەیە، بەڵام ئیمکان نیە یاخود پەلە دەکرێ و بە جیابوونەوە کۆتایی بەو کێشەیە دەهێنرێ، یان زۆر جار نەخۆشی جەستەی درێژ خایەن هۆکارێکی دیکەی بیولوژیە بۆ جیابوونەوە.

**شەشەم: هۆکاری پەیوەست بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ومیدیاکان:**

ئامرازەکانی راگەیاندن چ بیستراو، بینروا، نوسراو یاخود ئەلکترۆنی کاریگەریان لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا بەگشتی هەیە و زۆر جار پێشبینی خراپ و هەڵەمان سەبارەت بە ژیان دەداتێ. پێشکەوتنی تکنولۆژی، شارو، گۆرانی کۆمەڵایەتیان دروست کردوە، ئەوانەش کاریگەریان لە سەر خێزان دروست کردوە، چونکە هەندێ لەو هۆکارانە بوونەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاو ودواتریش هەڵوەشاندنەوەی خێزان، بەتایبەت دوای شۆرشی پیشە شازی کە کۆچکردن لە لادێوە بەرەو شارە سەرەکییەکان ڕووی دا. خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەر نیە لەو کاریگەرییە نیگەتیڤانەی راگەیاندن بە تایبەت ئەنتەرنێت. بەپێی کۆبوونەوەی ئەکادیمی ئەمریکی بۆپارێزەرانی هاوسەران روونکراوەتەوە کە چارەگی ئەو جیابوونەوەی روودەدەن ئەنتەرنێت رۆڵی سەرەکی تێدا گێراوە. لە ئامارێکی کە ساڵی ٢٠٠٧ –٢٠٠٨ لە ولاتی میسر ئەنجام دراوە، دەری خستوە کە لە ٧٥ هەزار حاڵەتی جیا بوونەوە ٤٥ هەزار بە هۆی ئەنتەرنێتەوە بووە.

کاریگەرییەکانی جیابوونەوە:

جیابوونەوە سەرەرای ئەوەی کۆتایی بە ژیانی هاوسەرییەتی دەهێنێ لە هەمان کاتدا بۆمنداڵ بێبەش بوونە لە خۆشەویستی جگە لە لەدەستدانی بەخێوکەر و سەرپەرشتیار. جیابوونەوە تەنیا لە سەر تاک ناوەستێ بەڵکوو فراوان دەبێتەوە بۆ کۆمەڵگاش. لەرووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کاریگەری جیابوونەوە بە چواربەش دابەش دەکرێ:

ئەلف) لە سەر ژن: زەرەرمەندترین کەسە، بەتایبەت کە لەباری ئابووری سەر بە خۆ نەبێ، چونکە بە پێی یاسای هەندێ ولات منداڵ دەدرێ بە دایک کە ئەوەش پێویستی بە خەرجی هەیە، بۆیە ژن بەردەوام هەست بە خەم، ترس، دوودڵی بەرامبەر بەداهاتوو دەکا، سەرەرای روانینی کۆمەڵگا بۆی وەک ژنێکی تەڵاقدراو، بۆیە لەئەنجامدا بەزۆری تووشی دووره پەرێزی دەبێ. چونکە کومەڵگا تێکچوونی خێزان دەخاتە ئەستۆی ژن، هەر بۆیە زۆر جار تووشی لادان دەبێ، چونکە بە دەگمەن دەتوانێ بێگوناحی خۆی بسەلمێنێ.

**جیابوونەوە سەرەڕای ئەوەی کۆتایی بە ژیانی هاوسەرییەتی دەهێنێ لە هەمان کاتدا بۆمنداڵ بێبەش بوونە لە خۆشەویستی جگە لە لەدەستدانی بەخێوکەر و سەرپەرشتیار. جیابوونەوە تەنیا لە سەر تاک ناوەستێ بەڵکوو فراوان دەبێتەوە بۆ کۆمەڵگاش. لەرووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کاریگەری جیابوونەوە بە چواربەش دابەش دەکرێ**

ب) لە سەرپیاو : لە باری کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری کاریگەری لەسەر پیاو هەیە، پیاودەبێ مارەیی، نەفەقە (بژێوی) ژن، بەخێوکردنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ، و هێنانەوەی ژنی دووەم کە زۆر جار دوو دڵ دەبێ وناتوانێ ببێتە خاوەنی بریاری خۆی وتووشی دڵەراوکێ دەبێ وپێی وایە هاوسەرێکی سەرکەوتوو نابێ وله لایەن هاوسەری دووەمی پەسەند نابێ یان زۆر جار سیمای هاوسەری یەکەمی لە سیمای هاوسەری دووەمی دادەبینێتەوە. دەروونناسانیش پێیان وایە لە دوای جیابوونەوە گرینگترین کێشە سەر لەنوێ رێکخستنەوەی ژیانی هاوسەریەتیە.

د) لەسەر منداڵ: بنچینەی تێکدانی ژینگەی منداڵە و کاریگەری لەسەر دەروون، رەفتار و کەسایەتی منداڵ لە کاتی پێگەیشتنی دا دەبێ، چونکە منداڵ بەردەوام پێویستی بە ژینگەیەکی ئارام وسۆز وخۆشەویستی هەیە. بەهۆی جیابوونەوەی دایک وباوک منداڵ بڕوا بە خۆبوون لە دەست دەدا کە کاریگەری لە پاشە رۆژی دەکا وتووشی خەمۆکی وبێزاری دەکا و لە رووی دەروونیەوە دەرووخێ، هەروەها هۆکارێکە بۆ لاساری ولادانی زوو لە هەموو قوناغەکانی تەمەنی دا و منداڵ تووشی جۆرێک لە ململانێی دەروونی دەبێ و ئەوەش کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەبێ.لێکۆڵینەوەکان لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان تاوان و جیابوونەوە لای گەنجان نیشانیان داوە کە رێژەی تاوان لە خێزانی هەڵوەشاوە زۆرترە بە بەراورد لە گەڵ خێزانی ئاسایی دا. بۆ وێنە لە جیابوونەوەدا، تووش بوون بە ماددەی هۆشبەر، لادان لە رێرەوی کۆمەڵگا...زیاترە.

ج) کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا بە گشتی: هەر وەک روون و ئاشکرایە کۆمەڵگا پێکهاتەی کۆمەڵێک خێزانە و لەبەریەک هەڵوشانەوەی ئەو پێکهاتەیەش کۆمەڵگا بەرەو چەندین کێشەی دیکە دەبا وتۆوی ناکۆکی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دەچێنێ، د.کەریم شەریف قەرەچەتانی دەڵێ: «شیرازەی کۆمەڵگا لە سەر شیرازەی خێزان وەستاوەو جا ئەگەر حاڵەتی جیابوونەوە زۆر بێ ئەوا سەقامگیری کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترسییەوە، لە لایەکی دیکەش چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێ.» گومان لەوە دانیە جیابوونەوە کاریگەری لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگا هەیە، بەشێوەیەک سەرەتا لە سەر پیاوو ژن و دواتریش لە سەر کۆمەڵگا بەگشتی دەبێ و بە هۆی ئەوەشەوە گریێ دەروونی، دووره پەرێزی، رەشبینی و.. لە کۆمەڵدا زاڵ دەبێ و رەنگە کۆمەڵگا سەقامگیری خۆی لەدەست بدا لەوەش زیاتر کاریگەری لەسەر منداڵ ودوا رۆژی دەبێ. جیابوونەوە قەیرانێکی کۆمەڵایەتیە، چونکە پێش هەموو شتێک تێروانینی کۆمەڵگا بۆکەسانی جیابووه تێروانینێکی هەڵەیە..



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەتەنە کردنی ژنان، غەدرێک کە مێژوو و ئایین و کلتوور لە ژنانی دەکا

مامی شیلان

«خەتەنە سەقەت کردنی ژنانە»

«خەتەنە یەکێک لە دیارترین وێنەکانی پێشێلکاریی مافی ژنانە» خەتەنە ستەمێکی مێژووییە کە نەریت و ئایین و کلتوور لە ژنانی کوردی کردوە، ئەوانە ئەگەر لە لایەک کۆمەڵە تەعبیرێک بۆ هەڵدانەوەی ئەو لایەنە لە پێخوستکردنی مافی ژنان بە درێژایی مێژووی کۆیلەتی و بێبەشیی ئەوان لە مافەکانیان، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دیاردەیە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ وەک تابۆیەک و باشتریش وایە بڵێین وەک مۆتەکەیەک وایە کە بەربینگی ژنانی بەر نەداوە.

رۆژی ٦ ی فێورییەی هەر ساڵێک ( ١٧ ی رێبەندان) ، رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینەیە.

خەتەنەی مێینە لە جیهاندا مێژوویێکی چەند هەزار ساڵەی هەیەو جەخت لەسەرئەوە دەکرێتەوە کە ئەو دیاردەیە نەک تەنیا دیاردەیەکی مەزهەبی بەڵکوو دیاردەیەکی کلتووریی کۆن باویشە. واتە پەیوەندی بە کلتووری پیاوسالاری کۆمەڵگاوە هەیە کە ژن تێیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیەو دەبێ جێبەجێکەری بڕیارەکانی پیاوان بێت.

خەتەنە کردەوەیەکە کەتێیدا بەشێک لە ئەندامی زاوزێی ژنان دەبڕدرێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم بەشە لە لەش و ئەندامی زاوزێی ژنان هەستی ژنانە یان ژنێتی ژنانی خەتەنەکراویش لە نێو دەچێ.

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێز نواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تائێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنە کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەیییەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەردەمی ئێستادان. بەپێی دوایین ئامارەکانی رێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلۆن کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیۆن کچی دیکەش لە تەمەنی ٢ تا ٤ ساڵی دا خەتەنە دەکرێن.

بە پێی زۆر بەڵگەی کۆن ئەو نەریتە لە وڵاتی میسری کۆنەوە گەیوەتە میزۆپۆتامیا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانی بوونی ئەو نەریتە لە نێوان میسرییەکان بۆ ساڵی پێنجەمی بەر لە لە دایکبوونی مەسیح دەگێڕێتەوە و ئاماژەی بەوەش کردوە کە رۆمییەکان، فنیقییەکانو بەشێکی لە ئەفریقاییەکانیش مێینەکانی خۆیان خەتەنە کردوە.

هێرۆدۆت پێچەوانەی زۆر کەس پێی وایە کەو نەریتە بە مەبەستی تێکدانی ئیشتیا و حەزە سێکسییەکانی ژنان لە دایک نەبووەو بەڵکوو چەشنێک لە داب و نەریتە سەرەتاییەکانی خەڵکی میسری کۆن بووەو ریشەی ئەو نەریتەش بۆ ئەفسانەکانی میسری کۆنو خەڵکانی دیکەی ئەفریقا دەگەڕێتەوە.

بە پێی ئەو باوەڕە کۆنە خەڵکانی ئەو سەردەمەی میسر پێیان وابووە کە رۆحی خوداو مرۆڤەکان تێکەڵاوێک لە دوو رەگەزی نێرو مێ بووەو چەشنی ئۆرگانی زاوزێی مرۆڤەکان رەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی رۆحی دوو رەگەز بوونیانە. واتە تایبەتمەندی ژنبوونی پیاو لە ژێر پێستی زەکەر (سیرەتی) دایە و پیابووونی ژنیش لە کلیتیوریسی( میتکەی) دا.

هەربۆیش نەریتی خەتەنە لەو کۆمەڵگایەدا رەگی داکوتاوە تا بەو کارە پیاو ببێتە پیاوێکی تەواو و ژنیش ببێتە بە ژنێکی تەواو.

لە خۆڕا نیە کە ئێستاش ژنانی میسر تەشەر لەو ژنانە دەدەن کە خەتەنە نەکراونو پێیان دەڵێن کە تۆ وەک پیاو وای و پێچەوانەکەشی هەر دەگوترێ.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر کاریگەری و کارتێکەرییە نەریتی و ئایینییەکاندا هەر وا قوربانی وەردەگرێ.

پەروین زەبیحی، چالاکی بواری ژنان لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا بە ئاماژە بە ئاستی بەربڵاوی خەتەنەکردنی کچان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هۆکاری ئەم بەربڵاوییەی خەتەنەکردنی کچان بۆ رەگ داکوتانی ئەو باوەڕە ئایینییە دەگەڕێنێتەوە کە خەتەنەکردن بە کردارێکی ئایینی و نەریتێکی ئیسلامی پێناسە دەکەن. ناوبراو دەڵێ لە پۆلێکی ٤٠ کەسی لە شاری بۆکان ٣٨ کەس و لە پۆلێکی ١٨ کەسی لە شاری پیرانشار هەر هەموویان خەتەنەکرابوون.

ئەو دیاردەیە لە باشووری کوردستانیش دیاردەیەکی باو و گشتگیرە.

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٨ داو لەراپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە ٦٠٪ ژنانی هەرێمی کوردستان بەرەورووی خەتەنە دەبنەوەو تەنانەت لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا ئەو رێژەیە بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩٠٪ دەگات.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤیش لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠١٠ تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیەی لە بەشێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا تا ٧٠٪ بەراورد کردوە.

هەروەها ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بۆ ماوەی ٦ ساڵە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی خەتەنەی مێینە لە هەرێمی کوردستانەو بە پێی نوێترین ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێژەی خەتەنە لە ناوچەکانی کوردستان بەم شێوەیە: سلێمانی ٧٧,٩٪، هەولێر ٦٣٪، گەرمیان ٨١,٢٪ بە پێی هەمان ڕاپۆرت ڕێژەی خەتەنە لە دهۆک زۆر کەمترەو بەڵام ئامارێکی تەواو لەسەر ئەو شارە بوونی نیە.

بەشێک لە ئامانجەکانی خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان بریتین لە:

- بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەک ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێ و فاتمەیە
- کۆنترۆڵکردنی ئیشتیاو ویست و حەزەجینسی یەکانی کچان بەر لە شووکردن
- پاراستن و نیشاندانی پاک داوێنی کچان بەهاوسەرانی داهاتوویان!!

خەتەنەکردنی کچان وەک یەکێک لە نیشانەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە لە نەبوونی زانیاری و شیاریی گشتی کۆمەڵگادا هەروا قوربانی وەردەگرێ، زۆرتر بە هۆی ماما ناوچەیی و پیرێژنەکان و لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا بە هۆی ژنە دۆم و قەرەجەکانەوەو بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی پزیشکی و بێهداشتی و بەکەرەستەگەلی وەک تیغ، چەقۆو مقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

بەڵام زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن گەلێ زۆر و قەرەبوو نەکراوەن.

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێک بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی یە.

بڕینی کلیتوریس لە کچاندا ئەوان تووشی زۆر کێشەی جەستەیی و دەروونی دەکا. کیس کردنی منداڵدان و» واژن»، ئێش و ژان لەکاتی سوڕی مانگانەدا و لە نێوچوونی توانای منداڵبوون بەشێک لە زیانە جەستەیی



**خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێک بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی یە**

یەکانی خەتەنەکردنی ژنانن. خەتەنە کردن هەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە ژناندا دەکوژێ و بەگشتی پێوەندییە سێکسییەکان بۆ ژنی خەتەنەکرا دژوارو بەژان تەواو دەبێ و ئەوەش بەمانای پێخوست کرانی مافی سروشتیی ژنان و زەوتکردنی مافی مرۆیی ئەوانە.

بەشێک لە زیانە دەروونی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانیش بریتین لە توشبوون بە خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، ساردوسڕی پێوەندییەکان، دابەزینی هەست و ئێشیای جنسی ژنانەیان و خۆشکردنی بوار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و قوڵبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە تا ئاستی تەڵاق و جیا بوونەوە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونییەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەرێی پلەی زانیاری و شیاریی کۆمەڵاتی خەڵک وای کردوە کە وردەوردە خەڵک بیرلەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەک پێگەو کەسایەتیی ئەوان بەرز ناکاتەوەو متمانەو دڵنیاییان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێک و کردەوەیەکی دژەمرۆییە کە دەرحەق ئەوان ئەنجام دەدرێ. بەڵام تاگەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکی دوورودرێژ وپڕ لە کەندو لەندمان لە بەردەم دایە.

ئەمڕۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای ڕۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو ڕەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناڤین باس کردوە.

هەر بۆیە لە کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەرەسمی وەک توندو تیژیی نامووسی بناسرێ و بە شێوەیەی یاسایی بڕیاری قەدەغە کردنی بدرێ.

پێویستە مامۆستایان ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەروەرەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خوێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەوڕەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکی یەسەرپێچیکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیەدی و لیبراو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هۆکارەکانی پشتی پەردەی جاشێتی و زۆر بوونی بەسیج لە کوردستان

عەلی بداغی

خەڵکی کوردستان رابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات لە پێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتی دا هەیە. ئەو خەڵکە لە مێژوودا نە لە قوربانیدان سڵی کردوە و نە هێزی زۆر و کۆک و پۆشتەی دوژنمانی ورەیان پێ بەرداوە، بەڵکوو بە باوەڕ بە رەوایی خەباتەکەی هەموو کاتێک دوژمانی خۆی تەنگاو کردوە.

ئازایەتی، مەردایەتی، چاونەترسی و پێشمەرگەبوون هەموو ئەو تایبەتمەندیانە بوون کە هەر لە کۆنەوە لە نێو گەلانی دراوسێ دا کورد و میللەتی کوردیان پێ ناسراونەتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات و دوای قایمکردنی بناغەی دەسەڵاتەکەیان لە تاران، کاتێک لە گەڵ خەباتی مافخوزانە و شوناسخوازانەی کورد بەرەوڕوو بوونەوە، رێگەی ئینکەبەرایەتیی مافەکانی گەلی کوردیان هەڵ بژارد و بە سپا و لەشکەری کۆک و پۆشتە هێرشیان کردە سەر جووڵانەوەی کورد، بەڵام ئازایەتیی رۆڵەکانی کورد و لە خۆبردوویی و بە راپەڕبوونی پێشمەرگەکانی کوردستان، دیسانەکەش زەبرێکی گورجکبڕ و لەبیرنەکراو و مێژوویی دیکەیان لە زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان دا.

کاتێک کە کوردستان بە زەبری چەکی قورس و لەشکەرکێشیی سەدان هەزار کەسیی دوژمن و لە ئاکامی شەرێکی نابەرامبەردا گیرایەوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەمۆ کردن و کوشتنی هەستی ئازایەتی و خۆڕاگریی خەڵکی کورد کۆمەڵێک سیاسەتی نوێی گرتە بەر.

لە هەژاری دا هێشتنەوە، چاولەدەست کردنی کورد و برەو پێدان بە بێکاری و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێک لەو سیاسەتانە بوون کە کۆماری ئیسلامی لە رێگەی دامودەوزگا ئەمنیەتییەکانیەوە بۆ کوشتنی ئیرادەی بەربەرەکانی و بەرگری کردنی کوردان گرتنیە بەر.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابرووودا لە گەڵ ئەوەی قەت سیاسەتی زبر و توند و تیژی خۆی بۆ بەرەوڕوبوونەوە لە گەڵ کێشەی کورد وەلا نەناوە، بەڵام لە زۆر بواریش دا و بە هێمنی هەوڵی داوە بە گرتنە بەری زنجیرە سیاسەتێک کارێک بکا تا وزە و توانستی کورد لە دژایەتی کردنی رێژیم و دەسەڵات را بۆ رەهەندی ملکەچی یان هەر نەبێ بێ توانایی و پاسیڤبوون ببا.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا سەرکوتی بزووتنەوەی کورد، گرتن و ئەشکەنجەو ئیعدامی ئازادیخوازانی کورد سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵات بووە، بەڵام دەسەڵات لە تەنیشت ئەو بەروەڕوبوونەوەیە زبر و توند و تیژەش لە چەند رەهەندی دیکەدا هەوڵی خەساندنی میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی داوە.

رێگە پێنەدان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب بە زمانی کوردی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی رێژیم، نەهێشتن بە خوێندن بە زمانی کوردی، رێگە پێنەدان و کۆسپ خستنە سەر رێی چالاکیی ناوەندە فەرهەنگییەکان بۆ پێشگرتن لە خزمەتی ئەو ناوەند و گرووپانە بە زمان و کلتووری کوردی، سەپاندنی سانسۆر و ئیزن نەدان بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە بە زمانی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردی بەشێک لەو هەوڵ و بەرنامانە و سیاسەتی ڕەسمی و نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی لە بواری کلتووری بۆ بەرپێگرتن لە گەشەی زمان و کلتووری کوردی وەک یەکێک لە دینامیزمەکانی شوناس و پێناسی نەتەوەیی کورد بوون.

بێگانە کردنی نەسڵی نوێی کورد لە ڕابردوو و هۆوییەتی خۆی یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی کورد بووە. برەوپێدان بە کلتووری خۆخۆری لە ڕێگەی چالاکیی بەسیجی قوتابی و بەسیجی خوێندکاری یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بووە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بە تێچوویەکی یەکجار زۆرەوە کاری بۆ کردوە. بەڵام پەرەپێدان بە دیاردەی بەسیجیگەری کاتێک دەیتوانی لە کوردستان سەرکەوتوو بێ کە خەڵک نەک بە زەبرو زۆر بەڵکوو بە ناچاری و تەنانەت پێچەوانەی ویستی خۆیان ڕووی تێ بکەن، ئەویش ئەو کاتەیە کە هەموو ئیمتیازەکانی ژیان، خوێندن و پێ بەرێچوون و گوزەرانی خەڵک لە پاوانی ئەو دەزگا ئەمنیەتییەی ڕێژیم دابێ.

ئیمتیازەکانی خوێندن لە زانکۆ بۆ قوتابییان، دامەزران، کەمکردنەوە لە ماوەی سەربازی، بەخشینی تاوان و ماوەزیندانی و تەنانەت پێدانی برێ کود و گازۆڵ بە جوتیارێکی کورد تەنیا ئاماژەیەکی بچووک بەو سیاسەتانەن کە کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی لەو ڕێگەیەوە خەڵکی کوردستان پەلکێشی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بکا و لە ئامانج و خولیا و باوەڕە ڕەسەن و ڕاستەقینەکانی خۆی دووری خاتەوە.

برەوپێدان بە بێکاری، لەدواکەتوویيدا ڕاگرتنی کوردستان لە بواری سەنعەتی و نەک هەر سەرمایەدانانی دەوڵەتی لە کوردستان بەڵکوو تەنانەت ڕێگرتن لە سەرمایەدانانی کوردە دەوڵەمەندەکان لە کوردستان و پەرەپێدان بە دیاردەی ئیعتاد لە کوردستان هەموو بۆ ئەوە بوون کە خەڵک ناچار بکا بەردەوام چاوی لە ڕەحمەت و بەخششی دەوڵەت بێ و ئەو جارەشیان مەرجی وەرگرتنی ئەو بەخشش و دەست گرتنە ئەندامەتی لە ڕێکخراوەکانی بەسیج و سیخوڕی کردن بۆ ڕێژیم و لە عەرزی دانی پشتی برا و هاونیشتمان بێ.



**ئەورۆکە بەشێکی زۆر لە قوتابییان پێچەوانەی ویست و باوەڕیان کارتی بەسیجی قوتابی وەردەگرن، چونکی دەزانن ئەگەر وانەکەن شانسێکی کەمتریان بۆ چوون بە زانکۆ هەیە**

ئەورۆکە سەخت کردنی ژیان لە خەڵکی تا ئەو ڕادەیەیە کە دەسڕاگەیشتن بە کەمترین ئیمکانات کە ئەرکی سەرەکیی هەر دەوڵەتێکە، پێوست بەوە بکا کە دەبێ ئەندامی بەسیج بێ.

ئەورۆکە بەشێکی زۆر لە قوتابییان پێچەوانەی ویست و باوەڕیان کارتی بەسیجی قوتابی وەردەگرن، چونکی دەزانن ئەگەر وانەکەن شانسێکی کەمتریان بۆ چوون بە زانکۆ هەیە، جوتیارێک کە دەبێ بۆ وەبەرهێنانی زیاتر ئیمکاناتی تایبەتی پێ بدرێ، ئەو ئیمکاناتە کاتێک دەدرێ کە کارتی بەسیجی هەبێ، کۆڵبەرێک کە بە سەر مەیدانی مین دا دەڕوا، هەڵدێر و سەرما و سۆڵ دەبڕێ دەبێ کارتی بەسیجی پێ بێ، چونکی یان ناهێڵن تەنانەت ئەو کارەش بکا، یان بۆ ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆژێک بارەکەی لێ گیرا، لەو سۆنگەیەوە بتوانێ بارەکەی وەربگرێتەوە.

پیرێک، پەککەوتەیەک و بەساڵچوویەکی کورد کاتێک برە یارمەتییەکی لە کۆمیتەی ئیمداد پێ دەدرێ کە لە بەرامبەر دا دەبێ خزمەتی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو خزمەتە تەنیا ئەوە بێ بەرەو پیلی کاربەدەستێکی پایەبەرزی ڕێژیمەوە بچێ.

ئەوانەی باس کران تەنیا بەشێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین کە تەنیا لە سۆنگەی برەوپێدان بە هەژاری، بێکاری، دەستەنگی و تاڵ کردنی ژیان لە تاکی کورد دا دەتوانێ بیان باتە پێشێ و بە قازانجی خۆی بە کاریان بێنێ و بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردووش هەر لەو پێناوەدا سەرمایەگوزاری کردوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سۆهەیلا قادری:**

# بە ئیمانەوە دەڵێم ئەگەر ئێمەی ژنان بمانهەوێ و نەترسێن و بەرگی تەوەزەلی لە خۆ دادڕین، زۆر لەوە کە هەین سەرکەوتووتر دەبین

**گۆڤاری ژنان لە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وتووێژێک لەگەڵ سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ ئەم وتووێژە رادەکێشین**

**دیمانە: ژنان**



**پ . بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی یەکیەتیی ژنان قۆناغە سەرەکییەکانی ئەو رابردووییە چۆن دابەش دەکەی؟**

و: بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، روخسەت دەخوازم لە رێگەی گۆڤاری ژنانەوە رێز و سڵاوی خۆم بنێرم بۆ سەرجەم خوێنەرانی ئەم گۆڤارە بەرێزە و دەستخۆشی لە ستافی کارای وەک دەستەی نووسەرانی بەرێزی و سەرنووسەری ماندووی ئەم گۆڤارە و هەروەها بەشی کاری فەننی و دیزاینی و هیوادارم هەردەم سەرکەوتوو بن.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دیارە دەکرێ بۆ ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پەنا بەرینە بەر ئەو ئەرشیڤە بە نرخەی کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ماوەتەوە.

بە پێی ئەو ئەرشیڤە یەکیەتیی ژنانیش کە رێکخراوێکە لە دەوروبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، سروشتییە کە چارەنووسی بە چارەنووسی حیزبی دێموکرات تا رادەیەکی زۆر بەستراوە و زۆر لێک نزیک بێ.هەروەک بە پێی ئەو ئەرشیڤە کە بۆ حیزب ماوەتەوە و لەبەر دەست دایە کە ئەویش لە گوزەرانی تەنیا ٥ مانگ لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە دەوڵەت و دەوڵەتەکەش ١١ مانگی خایاند و بە پیلانێکی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی لەبەین چووە، راگرتنی ئارشیڤ لەوماوە کورتەدا و بەو حکوومەتە کە سیستمێکی ساوای هەبوو زۆر ئەستەم بووە کە هەرچی رووی داوە بە باشی بپارێزرێ. ئەوەی کە ئێستاش دەگوترێ بەشێکی زۆری لە سەر زار و زمانی ئەو کەسانە کۆ کراوەتەوە کە ئەو سەردەمیان دیوە و بەشداریان هەبووە. دیارە یەکیەتیی ژنانیش بە حوکمی ئەو لێک گرێ دراوییە مێژووییە کە لەگەڵ حیزب هەی بووە چارەنووسێکی لەو باشتری نەبووە بۆ پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە، ئەگەر خراپتر نەبووبێ. ئەوەی من باسی دەکەم زۆرتر ئەوەیە کە لە وتەکانی ئەو بەرێزانە دا گوتراون و بۆمان گێردراونەتەوە کە یەکیەتیی ژنان وەک سەرەتا ناوی یەکیەتیی یایان بووە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٤ دا دامەزراوە. ئەوەی دیسان زیاتر دەم بە دەم هاتووە و کەمتر بە نوسراوە هەیە ئەوەیە کە مەرحوومی پێشەوا قازی محەمەد پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆک کۆماری کورستان رۆڵێکی کاریگەری لە هاندانی ژنان بۆ یەکگرتن و دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان دا هەبووە. ئەگەر بەو چاوە کە ئەورۆ سەیری مەسەلەی ژن و ماف و ئازادییەکانی ژن، لە هەموو جیهان دا دەکرێ و گرینگی ئەو مەسەلەیە بیر و زەینی نەک هەر رووناکبیران و پێشکەوتنخوازان، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای جیهانی گرتووە بکەین، دەکرێ بڵێین دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەنگاوێکی ئاسایی و هەڵوێستێکی بەوەخت بوو، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ٥٦ساڵ لەوە پێش ئەو کاتە کە هەل و مەرجێکی جیا لە ئێستا بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو زۆر داب و نەریتی جۆراوجۆر و دەست و پێگیر لە کۆمەڵی کوردەواریی دا، دەبینین کە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا چ هەنگاوێکی گرینگ و بیرێکی پێشکەوتووخواز بووە. شانازیی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بیری پێشکەوتووانەی رێبەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک کە هەر رێگا خۆشکەر و زەمینە سازی ئەو یەکیەتی یە بوون و هەم هاندانی ژنان بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەشداریی لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان دا دەوری بەرچاویان هەبووە، هەر لەبەر ئەوە کە سەرەتا ژنانی بنەماڵەی خۆی هێناوەتە مەیدان کە لە تەشەکوولی ژناندا بەشدار بن، کە ئەوە لە مێژووی یەکیەتیی ژناندا تۆمار کراوە کە یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە خوا لێخۆشبوو مینا خانمی خێزانی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان بووە، زۆر بەداخەوە لەو سەردەمەدا هیچ بەڵگەیەکی زیندوو لە چالاکی ئەو کاتی ژنان لەبەر دەست دا نیە.

بە داخەوە بە تێکچوونی کۆماری کوردستان و ئاوابوونی خۆری هیوای گەلی کورد قۆناغی یەکەمی چالاکی و کاری ئەم ڕێکخراوە یەش ڕاوەستا. چونکە بە تێکچوونی کۆمار هەموو دەستکەوتەکانی ئەو چرا داگیرساوەی گەلی کوردیش لە دەست چوون.

بەڵام قۆناغی دووهەمی کار و چالاکیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۳۵۷ ئەو کات کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد و هەموو ئۆرگانەکانی سەر بەو حیزبە کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانیش یەکێک بوو لەوان دەستیان بە کار کردەوە.

بەو پێیەی کە لە زمانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە بیستومانە دوای ئەوە کە بڕیار درا تەشکیلاتی حیزب کە بە نهێنی و دوور لە کوردستان چالاکی یان هەبوو، بگەڕێنەوە ناوخۆ و سازماندهی بکەن و وا بڕیار بووە کە تەشکیلاتێکی بەر تەسکیش بێ، بەڕێز مامۆستا مەئمووریەتی ئەوەیان پێ دەدرێ کە بەرپرسایەتی شاری مەهاباد وە ئەستۆ بگرن بۆ ئەندامگیری کە پێیان وابووە ڕەنگە لە عەرزی ساڵێک دا ئەو ئەرکەی کە پێیان سپێردراوە و بە ئەنجامی بگەیەنێ بەڵام بە پێچەوانە کە دەگەڕێتەوە مەهاباد دەبینن کە هەل و مەرجەکە جۆرێکی دیکەیە و خەڵک ئامادەتر لە ئەوەن کە ئەوان چاوەڕوانیان کردووە. خەڵک زیاتر لەوە کە چاوەڕوان دەکرا ئامادەیی خۆیان بۆ پەیوەست بوون بە تەشکیلاتی حیزبەوە نیشان داوە، لەو نێوەشدا لاوان و بە تایبەتی ژنان زیاتر ئەو زەرووڕەتەیان دروست کرد کە بۆ ڕێکخستنی خەڵکی پێویستە ڕێکخراوی سنفی بنیات بندرێن کە یەکیەتیی ژنان یەکێک لەو ڕێکخراوانە بووە. بوونی ئەو ڕێکخراوە سنفی یانە زۆر پێویست بوو کە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان بۆ کۆکردنەوەی هێزی ئینسانی هەوڵ بدا. بە وتەی بەڕێز مامۆستا « ئەو سازمانەی کە بۆ ژنان پێک هاتبوو ناوی یەکیەتیی ژنان نەبوو، بەڵکوو ناوی سازمانی ژنان بوو. سازمانی ژنان و هەروەها سازمانی لاوانیش جارێ هەر لە مەهاباد مۆدێلێک بوو و کە تەنیا لەم شارە کارمان پێ دەکرد، بەڵام دوایی هەر عەینی نموونەی ئەو بەڕێز لە شارەکانی دیکەش پیادە بکەین. هەرواشمان کرد و دواتر لە شەرایتێکی گونجاوتر چاوم بە هێندێ لەو ژنانە یا ئەو خوشکانە کەوت کە عەلاقەمەند بوون بۆ کاری ڕێکخراوەیی و لەگەڵیان دانیشتم و دەرکەوت کە زۆریان عەلاقە بە کاری سیاسی و سنفی هەیە، هەر بۆیە بڕیارماندا کە ئەساسنامەیەک بۆ وان بنووسین. هەر بۆیە لەگەڵ مامە غەنی (غەنی بلووریان) کە لە سەردەمی کۆمار دا هەبووە دەورانێکی وەبیر دەهاتەوە دانیشتین و پێم وابوو کە دەتوانین ئەساسنامەیەک بۆ سازمانی ژنان بنووسین. ئەوە بوو بە هەر هۆیەک بێ ناچار بووم بە تەنیا ئەساسنامەیەک بۆ یەکیەتیی ژنان بنووسم. کە زۆر جێگەی ڕەزامەندی ئەو دەستە خانمانە بێ کە کاریان لەگەڵدا کردوە بۆ شکڵدان بەو سازمانەی تایبەت بە ژنان.»

کە ئەرشیڤی ئەو ئەساسنامەیە لە ئەرشیڤی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ماوەتەوە دیارە بە وتەی بەڕێزیان بە شێوەیەک ڕەنگە مەحفووز بێ کە کاتی خۆی بەڕێزیان لە شاری مەهاباد وەدەرکەوتوون بە مەئمووریەت و دوایی نەگەیشتۆتەوە کە بگەڕێتەوە مەهاباد و شاری مەهاباد گیراوەتەوە و لە لایەن دڵسۆزانی حیزبی ئەرشیڤی مامۆستا ژێر خاک کراوە و هیوادارین تا کاتی خۆی هەر بمێنێ.

دوای شەڕی سێ مانگە کە خومەینی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به تەواوی میلیتاریزه کرا و دیسان هێزەکانی پێشمەرگه شارەکانیان لێ ئەستێندرایەوە تا رادەیەک لە گوند و ناوچەکاندا جێگیر بوون، چالاکیەکانی خەباتکاران بە ژن و پیاوەوە کەمرەنگ ببۆوە. بەڵام دوای چەندین ساڵ کە بنکەی دەفتەری سیاسی سابیت بوو بوار بۆ کاری تەشکیلاتی و قۆناغی سێهەمی یەکیەتیی ژنان دەستی بە ئەندامگیری و کارکردن کرد و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و بە تەوسیەی دەفتەری سیاسی بەرێز کاک عەبدوڵلا عیزەت پوور بەرپرسایەتی و ئەرکی رێکخستنی دووبارەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی گرتە ئەستۆ و وردە وردە ژنانی راهێنا کە چۆن کار بکەن و رێکخراوەکەیان ببووژێننەوە. تا دوای ماوەیەکی نە زۆر دوور ئەرکی بەرپرسایەتی کەوتە سەرشانی ژنان خۆیان و خوشکە سەکین جەوانمەرد ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ و بە حەق بە هاوکاریی دڵسۆزانەی ژنان و بە تایبەت ژن و کچە لاوەکان زۆر سەرکەوتوو بوو لە کارەکانی دا. ئەو رەوتەی کاری رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دوای سێ قۆناغی سەخت بە خۆشیەوە ئێستا زۆر رێک و پێکتر و بە سیستمێکی باشتر کار دەکا و بەردەوامە.

**پ . قۆناغی ئێستای خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات چۆن دەنرخێنی؟**

و: یەکیەتیی ژنان بە زۆر قۆناغی سەخت و دژواردا تێ پەڕیوە بەڵام هەستاوەتەوە و بە هیمەتی دڵسۆزانی و ئەندامانی بە ئەمەگی چالاکیەکانی دەست پێ کردۆتەوە. لە پلەی یەکەمدا بۆ بردنە سەری ئاستی هۆشیاری ژنان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان و ئەرکەکانیان و داکۆکیکردن لە مەرجەکانی رێزدانانی بەرامبەرەکانیان و بە پێچەوانەوە و گوێ گرتن لە داخوازەکانیان هەوڵی داوە. بە بڕوای من دوای ئەو هەموو هەوراز و لێژیەی کە پێیداتێپەڕ بووە و بە تایبەتی لە دوای کۆنفرانسی سێهەم دا و بە دوای بەستنی دوو کۆنگرە، ئەم رێکخراوە بە شێوەیەکی سیستماتیک کارەکانی بەرێوەبردوە و توانیویەتی لە رووی ئەساسنامەیەک کە لە هەر کۆنفرانس و کۆنگرەیەک دا کە گرتوویەتی بە پێی هەل و مەرج ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هاتووە، رێکخراوێکی شایستە یا هەر نەبێ راهێنانێک بە خۆی و ئەندامانی بکا بۆ کاری مەدەنی لە داهاتووی وڵاتێکی ئازاد دا و فەرهەنگسازی بکا بۆ داهاتووی وڵات کە مرۆڤەکان «هاوریز» و «هاورێزن» و دەبێ وەک یەک بوار و دەرەتیان پێ بدرێ بۆ داواکانیان کە داواکاری مرۆڤێکی ئازادە. بەڵام دەکرێ بڵێم سەردەمی زێرینی قۆناغی یەکیەتیی ژنان لەم چەند ساڵەی ئەخیر دابووە ئەویش دوو هۆی هەیە: یەکەم ئەوە کە ئێستا بارودۆخ بۆ کاری رێکخراوەیی مەدەنی زۆر باشترە و سەردەم سەردەمی کاری مەدەنیە کە هێزە سیاسیەکانیش پەرەیان بەم شێوە خەباتە داوە. دووهەم: ئەوە کە بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیەکی قورس کە لەسەر شانیانە هەوڵیان داوە بەو پەڕی تواناوە لەم بزووتنەوە مەدەنیە دا جێ نەمێنن زۆر بە باشی کارەکانیان بەرێوە بردوە.دیارە دەکرێ










کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵێم سەنگی تەواو دانان نیە و زۆر گرفت و کەم کوڕیشمان هەبووە بەڵام دەکرێ بڵێم زیندووترین سەردەمی یەکیەتیی ژنان بووە.

**پ . ئێوە تا چ رادەیەک توانیوتانە جگە لە کاری سیاسی، بۆ پێراگەیشتنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەنگاو هەڵێنن؟**

و: .تا ئەو جێگایەی بۆمان کراوە بۆ ئاشناکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان زۆرتر هۆشیاریمان داوە و زیاتر کێشەکانمان بە گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە و لە رێگەی کاری راگەیاندن بە تایبەت لە گۆڤاری ژنان دا کە زمانحاڵی یەکیەتیی ژنان و بەرنامەی بۆ بەختیاری کۆمەڵ و گرتنی سیمینار و هتد.........کێشە کۆمەڵایەتیەکان بخەینە روو کار بکەین بۆ بنبڕ کردنیان. دیارە ئێمە ناتوانین لەو بوارەدا کاری ئیجرایی بکەین لە سەتحێکی بەربڵاو دا بەڵام بێ کاریش هەر رانەوەستاوین و ئەگەر بۆ فەرهەنگسازیش بێ بۆ داهاتووی وڵاتمان کاری بۆ دەکەین. هەروەها هەر پۆلە لاوێک کە دێن و دەبنە پێشمەرگە و دەورەی سیاسی ـ نیزامی لە فێرگەدا دەبینن یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە ئەو گەنج و لاوانە کە لە نێو کۆمەڵگەی ئێران و لە کوردستان را دێن یەکێک لە دەرسەکانیان ژنان و مافەکانیان و ناساندنی رێکخراوەکەمانە و ئاشنایان دەکەین بەوە کە رێگەی خەبات دەگرنە بەر دەبێ یەکێک لە خەباتەکانیان خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی و توندوتیژی و دابینبوونی یەکسانیە لە کۆمەڵگای داهاتووی وڵاتەکەمان. لێردا پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە زۆریان کە باسی ئەو مافانەی کە دەبێ ژنێک وەک تاکێک هەیبێ، هەندێکیان بە شانازیەوە پێیان خۆشە ئاماژە بکەن کە باش بوون لەگەڵ مێینەکانی بنەماڵەکانیان و هەندێک لەوانیش خۆیان سەرزەنش دەکەن کە بۆچی خراپ بوون لەگەڵیاندا.

**پ. نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەمڕۆی ئێران و کوردستان چۆنە؟**

و: . بە خۆشحاڵەوە دەکرێ بڵێم کە ژنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لە ئێراندا رۆڵی زۆر کاریگەریان هەبووە و لە ریزی پێشەوەی حەرەکەتەکاندان و تەنانەت هاندەرێکی سەرەکین بۆ بەردەوامبوونی ئەو حەرەکەتە. ئەگەر ئاورێک لە شەپۆلی گرتن و کوشتنی ئەم چەند ساڵەی دوایی بدەینەوە دەبینین کە ژنان لەو لایەشەوە پشکی شێریان بەرکەوتوە کە ئەوە نیشانەی چالاک بوونیانە. ژنان و کچانی ئێران شان بە شانی پیاوان لە حەرەکەتە ئیعترازیەکاندا و لە خەبات بۆ ئازادیی ئێران هەنگاویان ناوە و قوربانی زۆریشیان لەو پێناوەدا داوە و دەسکەوتی کاریگەریشیان لە بواری مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی خەڵکی ئێران هەبووە. ژنان توانیوایانە لە ریزی پێشەوەی خەباتی مەدەنی، دەنگ هەڵبڕن بۆ ئازادی یەکانی: راگەیاندن، رادەربڕین، ژیانی دوور لە توندوتیژی و لە بواری رۆشنبیری دا هەندێک ژنی وامان هەیە کە رۆژنامەنووس، داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ، ئەندام و چالاکی سیاسی و مەدەنی و... بوونەتە سیمبوولی ئازادیخوازیی لە ئێراندا و چەندین خەڵاتی نێونەتەوەیی دراوە بە چالاکانی ژنی ئێرانی.

**پ. ئایا رێکخراوەکانی ژنان چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی تا رادەیەک توانیویانە لێک نزیک ببنەوە ئایا دەرەتانی پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی رێکخراوەکانی ژنان چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ هیچ کارتان بۆ کردوە؟**

و: ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان، بە تایبەتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆرباشە. ماوەیەکی زۆریشە زۆر بە جیدی و عەمەلی هەوڵمان داوە کە بتوانین کۆدەنگیەک لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانی ژنان کە سەر بە هەر حیزبێکی سیاسی بن، پێک بێنین و لەو بوارەشەوە هەنگاوی زۆرمان هەڵێناوە و لە زۆر دەرگامان داوە و هەر بەردەوامیش دەبین. بەڵام بە داخەوە لەگەڵ رێزماندا بۆ هەندێک لەو رێکخراوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە قسەی خۆیان کار بۆ کێشە و ئاریشەکانی ژنانی وڵاتەکەمان دەکەن بەڵام بۆ وەها هەنگاوێک بەربەستی فکری حیزبایەتی رێگە لە پێکەوە کارکردن و لێک نزیک بوونەوەمان دەگرێ. راستە ئێمە هەرکاممان لە بواری فکری سیاسیەوە سەر بە حیزبێکی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانین، فکرە سیاسی و حیزبیەکانمان لێک جیاوازن و دەتوانین لەو بوارەوە لە چوارچێوەی حیزبەکەی خۆمان دا بۆ سەرکەوتنی ئامانجە سیاسیەکانمان تێ بکۆشین، بەڵام زۆر هەڵەیە کە ئەو فکرە تێکەڵ بە کاری رێکخراوەکانی ژنان بکرێ بەو هۆیەوە کە ژنان لە هەموو شوێنێک و لە هەموو جیهان یەک کێشەیان هەیە کە ئەویش کێشەی نایەکسانی بوونە لەگەڵ پیاوان و ئەو یاسایانە و ئەو دەسەڵاتانە و ئەو هێزە سەرەکیانەی کە پیاوانن و دەبێ بیان کەین بە مرۆڤێ کە هەموو وەک ژن و پیاو بەشدار بن. بەڵام بە داخەوە دروستبوونی ئەو کۆدەنگیە کە زۆریشمان کار بۆ کردوە و زۆرێک لە رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە پیر بانگەوازکەمانەوە هاتن، بەڵام تا ئێستاش بە هۆی حازر نەبوونی بە تایبەتی چەند رێکخراوێک لەو رێکخراوانە ئەو کۆدەنگیە پێک نەهاتووە. بەڵام ئێمە لەو هەوڵەی خۆمان ماندوو نابین و بەو هیوایەین کە دەبێ هەموومان بێینە سەر ئەو قەناعەتە ئەگەر هەنگاوەکانمان یەکگرتوو نەکەین چ لە بواری کاری سیاسی و حیزبی و چ لە بواری کاری رێکخراوەیی ئەو کاریگەریەمان نابێ و چاوەڕوانی هەمووان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدی نایە. چونکە چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان یەکگرتوویی ئێمەیە.

**پ. لەتبوونی حیزبی دیموکرات دوو رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی لێ کەوتەوە ئایا پێت وایە ئەو لەتبوونە کار بکاتە سەر ئەم رێکخراوە؟**

وەڵام: بێگومان لەتبوونی حیزبی دێموکرات کە لەتبوونێکی نەخوازراو بوو کەس پێ خۆش نەبوو و کەڵکی لێ وەرنەگرت دوژمنانمان نەبێ، کاریگەریی لەسەر رێکخراوی یەکیەتیی ژنانیش هەبوو. بۆ ماوەیەکی ریزەکانمان کە تازە لێک ترازابوون ئەندامانمان دابەش بووبوون بەسەر هەر دوو حیزبەکەدا ناخۆش بوو. بەڵام خۆ ناکرێ کە گرفتێک هاتە پێش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست لەسەر دەست دابنێین و لێ گەڕێی کە ڕەنجی چەندین ساڵەت بە فیڕۆ بڕوا سەرەتا ئێمە داوامان وابوو لە هاوڕێیانمان کە با حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی سیاسی کاری خۆی بکا بەڵام با ئێمە وەک ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بە دەوری یەکەوە کار بکەین بەڵام بەداخەوە جەوەکە بەسەر یەکیەتیی ژنانیش دا زاڵ بوو و بووین بە دوو بەشەوە دیارە بەشەکەی کە ئێمە کارمان تێدا دەکرد زۆر گرفتمان بۆ نەهاتە پێش چونکە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی یەکەمی ژنان و بەرپرسی یەکیەتیی ژنان و هەموو بەڕێوەبەریی گۆڤاری ژنان و زۆربەی شتە ڕەسمیەکانی لە جێگەی خۆی بوو و تەنیا لە سەتحی ئەندامانمان دابوو کە دیسان دەڵێم بە داخەوە لە ئێمە دابڕان. هەربۆیە ئێمە بە هەوڵی دڵسۆزانەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی و ئەندامانمان زۆر زوو دەستمان کردەوە بە چالاکی خۆمان هەرچەند دابڕانی هاوڕێیانمان خۆش نەبوو و هیوامان دەخواست ڕێکخراوەکەمان بە هەموو ئەندامانیەوە چالاکی خۆی ئەنجام دابا و بۆ هەموو لایەک با.

دیارە لە بواری پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە و کۆڕ و کۆمەڵەکانی ژنان چ لە نێو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات و چ لە نێو ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان و دۆستانمان گرفتمان نەبوو.

**پ. ئێستا بەرەوپیری کۆنگرە دەچن، جەنابت وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنان ئەم کۆنگرە چۆن هەڵ دەسەنگێنی و پێت وایە چ ئاڵوگۆڕێک لەم کۆنگرەیە دا دەبێ؟**

وەڵام: ڕاستە من سکرتێری یەکیەتیی ژنانم بەڵام ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە ڕەنگە یەکیەتیی ژنان بە چ ئاقارێکدا تێ دەپەڕێ بەو هۆیەوە کە دەبینین بە خۆشیەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئێران بە تایبەتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێرا تێپەر دەبن و پێشبینکردنی تا ڕادەیەک ئاستەمە، بەڵام هیوا دەخوازم کە هەروەک لە دوای کۆنگرەی دووهەمیشەوە کە لەو شەرایتە سەختە دا خۆمان گرتەوە و بە گوڕ و تینێکی کە لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و ئەندامان دا هەبوو لەو کۆنگرەیەش دا بە تێڕوانینێک لە وەزعی ئێستا کە سەردەمی ڕووخانی دیکتاتۆرەکانە لە ناوچەکەدا پێم وایە کە ئەوە بۆ خۆی زەنگێکی وشیار کەرەوەی ژنانە کە نەمانی دیکتاتۆرەکان یانی دابینبوونی سیستمێکی دێموکرات و خەڵکی و ژنانیش لەو نێوەدا و لەو سیستمانەدا زیاتر خۆیان دەبیننەوە و دان بە مافەکانیان دادەندرێ، کەواتە هەوڵێکی جیدیی پێویستە کە ژنان لە ئێستاوە لە خەبات بۆ چەسپاندنی داواکانیان لە یاساکانی داهاتوودا ڕۆڵ بگێڕن. سەردەم پێشانی داوە کە ژنان چاووگوێیان کراوەتەوە و بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بوون لەو خەباتەش نەوەستن تا وەدی دێنن. هەربۆیە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان کە لە ساڵی ١٣٩٠ دا دەگیرێ دەبێ ڕەنگدانەوەی هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە بێ و بە وشیاریی تەواوەوە هەنگاو باوێ و بڕیارەکانی سەردەمیانە بێ. ڕووی قسەشم دیارە لە کچان و ژنانی لاو و وشیارە کە دەبێ ئەرکی زیاتر بخەنە ئەستۆی خۆیان کە بە ئیمانەوە دەڵێم ئەگەر ئێمەی ژنان بمانهەوێ و نەترسێن و بەرگی تەوەزەلی لە خۆ دادڕین، زۆر لەوە کە هەین سەرکەوتووتر دەبین. پێم وابێ ئەگەر بیر لەو چەند خاڵە بکەینەوە کە لە فکریشمان دایە دەتوانین کۆنگرەیەکی سەرکەوتوومان هەبێ بە کۆمەڵێک بڕیاری تازە و کۆمەڵێک مرۆڤی لێهاتوو و کارا لەو بوارەدا کە من ئەوە لە هەڵسوکەوت و لە چاوەکانی ئەندامانی خۆمان دادەبینم. دیارە دیسان دەڵێم داهاتوو ڕووداوەکانیش دەزانن دەبێ چ بکەین و بە کوێ دەگەین. ئێمە کارو بەرنامەی خۆمان بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیارەتیەوە بە ئەنجام دەگەیەنین، داهاتووش، داهاتوو تەعین دەکا. هیواخوازم داهاتوومان ڕوون بێ.

**پ. ئەگەر شتێک نەگوترابێ و بتهەوێ بیفەرمووی، فەرموو**

وەڵام: لە کۆتایی دا دەستخۆشی بە گۆڤاری ژنان و ستافەکەی و بە تایبەت سەرنووسەر دەڵێم کە لەو ماوەی کە من بەرپرسی بووم لە یەکیەتیی ژنان لەوپەڕی لە خۆبووردوویەوە و زۆر دەقیق و لە کاتی دیاری کراوی خۆی دا و بە گۆڤارێکی قورس و قایم کاریان کردوە و نەیانهێشتووە بە تایبەتی ئەو بەشە کە بەشی سەرەکی ڕێکخراوەکەمان بووە گرفتی هەبێ.

لێرەشەوە بۆ هاوکاریی هەموو کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنان لە ئاست هاوکاریان سوپاسیان دەکەم و ڕێز لە ماندوویی نەناسیان دەگرم، دەستی ئەو هاوڕێ و دڵسۆزە پیاوانە بە گەرمی دەگوشم کە زۆر بە عەلاقەوە قەڵەمەکانیان، بە ڕێنوێنییەکانیان، دڵسۆزی یەکانیان، دەستە ڕەنگینەکانیان و هتد..... هاوکارمان بوون بۆ سەرکەوتنی هەرچی زیاتری ڕێکخراوەکەمان و نیشانیان داوە کە بە حەق خوازیاری یەکسانین لە کۆمەڵگاکەماندا. هیوادارم لەوەش بەدوا و لە ئاڵوگۆڕەکانی گۆڕەپانەکەدا هەروا هاوکارمان بن و لە پشتگیریەکانیان بێ بەشمان نەکەن.

دوایین وتە ئەوەیە کە بە گەرمی لە لایەن ڕێکخراوەکەمانەوە سپاسی پشتگیری و دڵگەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم کە بە حەق و بە کردەوە نیشانیان دواە کە ئەگەر ئێمە ژنان هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵ بگرین ئەوان یارو پشتیوانمانن.

هەر کارێک کە هاوکاریی ئەوانی ویستبێ دریغیان نەکردووە و شتێکی لە هەمووی گرینگتر سەربەخۆیی کاری ڕێکخراوەکەمان بە تەوای لە بواری پەیوەندی، بڕیاردان لە هەر شتێک کە بۆخۆمان بە سەلاحمان زانیبێ، چالاکی، پارێزراو بووە و هیچ نەوعە لێپرسینەوەیەکمان لێ نەکراوە کە بۆچی ئەو کارە دەکەن یان بۆچی ئەو کارە ناکەین، مەگەر قەسدی هاوکاریان هەبووبێ.

ڕوو بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەڵێم کە دەبێ کارێک بکەن لە ڕووداوەکان بەجێ نەمێنن و قۆڵی هیمەت هەڵماڵن و لە هەر ڕووداوێک کە دێتە پێش بۆ قازانجی نەتەوەکەمان و بەتایبەت ئەو زوڵم و زۆریانەی لە ژنان دەکرێ هەوڵ بدەن لەو حاڵەش دا ببنە پشتیوانی ڕێکخراوەکەمان بۆ سەرکەوتنی هەرچی زیاتری ئامانجەکانمان، کە ئامانجی هەموو ژنانە. سەرکەوتووبن........


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن « زەعیفە» نیە!

حەمە رەسووڵ حەسەن پوور

لە مێژووی پڕ کارەسات و خوێناوی گەلی کورد دا، ژن شانبەشانی پیاو لە خەبات و بەرخۆداندا بەشداری کردووە. جگە لەمە لە گشت بوارەکانی تێکۆشانی میللەتەکەماندا وەک: بورای زانست و زانیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە مەیداندا بووە و هەیە. لە مێژووی خەباتی ژنان دا چەندین نموونەی بەرچاومان هەیە.

قەرە فاتیمە لە ئەرەزرۆم و لە شەڕی رووس و عوسمانیدا ساڵی (١٨٧٧) بەشداری کردووە.

خانزادی سۆران لە پاش کوشتنی سولەیمان بەگ حوکمرانی ناوچەکەی کردووە. هەروەها ژنانی وەک قەدەم خێر، حەپسەخانی نەقیب کە رێکخراوێکی ئافرەتانی لە شاری سولەیمانی دروست کرد. مینا خانمی خێزانی شەهید پێشەوا قازی محەمەد کە یەکەم ژن بوو لە کۆماری کوردستاندا ناوی خۆی لە ریزی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتدا نووسی و بە کردەوە هاتە مەیدانی تێکۆشانەوە و پاش شەهید بوونی پێشەوا بنەماڵەکەی کوێر نەکردەوە.



**مینا خانمی خێزانی شەهید پێشەوا قازی محەمەد کە یەکەم ژن بوو لە کۆماری کوردستاندا ناوی خۆی لە ریزی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتدا نووسی و بە کردەوە هاتە مەیدانی تێکۆشانەوە و پاش شەهید بوونی پێشەوا بنەماڵەکەی کوێر نەکردەوە**

لە رۆژگارە پڕ ئەستەم و توندوتیژەکاندا، ژنی کورد رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و لەو رۆژگارانەدا کە باوک و براو هاوسەری لە ریزی پێشمەرگەدابوون، شانبەشانی ئەوان بووە و بەشی هەرە زۆری باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی منداڵی لە سەر شان بووە و هەردەم بە یارمەتیدان و خزمەتکردنی هێزی بەرگری و کۆکردنەوەی پێتاک و ناردنی بۆ بەرەکانی شەڕی بەرگری، خزمەتکردنی نەخۆش و بریندار و تەنانەت گەیاندنی پۆستە و نامەی هێزی پێشمەرگەو بڵاوکراوەی سازمانیی، خزمەتی هەرە بەرچاوی کردووە.

ژنان جگە لەوەی لە راپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتیدا رۆڵی شایانیان دیوە. بە دەستپێکردنی شۆڕشی هەقخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کورستاندا، بوونی ژن لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هەقانییەت و رەوابوونی داوا رەواکانی گەلی کوردی زیاتر سەلماندووە.

ئێستاش لە خەباتی مەدەنی و لە شەقامەکانی شارەکانی کوردستاندا کەم نین ئەو ژنانەی سینگیان کردۆتە قەڵغانی گوللە و بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە ئیرادەی پۆلایین بەرەو رووی دوژمنان دەبنەوە و باکیان لە لێدان و گرتن و زیندان و تەنانەت سێدارەش نیە.

ئێستا ئیدی ئەو سەردەمە بەسەر چووە کەقەوانە سوواوە لێبدرێتەوە و ژن وەک «زەعیفە» سەیر بکرێ و داوا رەواکانی ژێر پێ بخرێ. چونکی ژن زەعیفە نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەودا دووری پێوەرەکان لەکۆمەڵگەی داخراودا

پەژارە مەمەندساڵح



مەبەست له جیاوازیی پێوەرەکان لێک نەچوونی ئەو ئامراز و پێوەرانەیە کە ژیانی هەردوو رەگەزی پێ هەڵ دەسەنگێنرێ، بە چەشنێکی روونتر کاتێ نموونەی پاکی و باشی و رەسەنیەتی کیژۆڵەیەک بریتیبێ له بێ دەنگی و شەرمکردن و خۆ دەرنەخستن،ئەوا نموونەی ئازایەتی و باشی و پیاوەتی و رەسەنیەتی کورێک بریتیبێ له جوڵە و شەرم نەکردن و دەنگ بەرزی .لە ئاکام دا هەردووکیان له پلەیەکی باش و ئامانجێکی هاوبەشدان،بەلام بەدوو رێگای دژیەکدا ئەمەش هەرایەکی زۆر دەنێتەوە لە کۆمەڵگەیەک کە باشترین ئەندامانی لە کچێکی رووسپی و بە شەرم و کورێکی جەسور و ئازا و بە جەرگ بێ.

ئاستەنگی هەرە سەرەکی کە لە دانانی شێوە و رێگەیەکی گونجا و بەرنامە و رێڕەوێکی راست کە تیادا ئارمانجی بنجی بە ختەوەریی ژن و قوتاربوونیەتی لەو کۆت و بەندە کلتورییە قەتیس ماوە ئەو جیاوازییە زەق و مەودا دوورییەی پێوەر و ئامرازەکانە کە کێشە دەخەنە ئەو پێوانە مرۆڤ سالارییەی مێژوویەکە خەونمانە، بە داخەوە تایەکی لە ئاسمانە و ئەوی دیکەی لە سەر زەویە .

دەکرێ بگوترێ جیاوازی و مەودا دووری پێوەر و ئامرازەکان بەندە بە ئاستی ژیاری کۆمەلایەتیی هەر کۆمەڵگەیەک کە تا چ ئاستێ خەسڵەتەکانی دەورانیشینی بە جێ هێشتووە .کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکان و کۆمەڵگەی کوردی کە لە قۆناغی گواستنەوەیەکی ئاڵۆز دایە هەندێ جار پێوەرەکان لێک دەدەن هەندێ جار فرسەخێ لێک دوور دەکەونەوە .

کەواتە هەر چەندە بەرنامە و پلان رەگەزیی هاوبەش و چوونیەکی هەبێ ئەوەندە زەربە بە هەردوو لایەنی هاوبەش دەگەیەنێ، بۆیە زۆر گرنگە برواببوون بە جیاوازی دوو رەگەز لە کۆمەڵگەیەکی داخرا و نیمچە داخراو دا برواببوونیش بەم جیاوازییە پەیتا پەیتا کەم دەبێتەوە بە ئەندازەی کرانەوەی کۆمەڵگە و هەر بەرنامە و یاسایەک لە هەناوی کۆمەڵگە هەڵنەقولابێ هیچ کاریگەرییەک بە جێ ناهێڵێ .

لایەنگرانی کلتووری داخراووکۆنەخوازان پشتگیری لە رادە بەدەری ئەوە دەکەن نێوان ئەم دوو پێوەر و ئامرازە (پێوەری هەڵسەنگاندنی کچان و کوران) چڕتر و مەودا دوورتر بکەنەوە کچ بە شەرم و پەراوێز تر کوریش ئازاتر و چاو قایم تر . ئەوانی دیکە واتە هەڵگرانی دووشمی یەکسانیی ژن کارێکی سەیر دەکەن ئەوان گەرەکیانە ئەم دوو پێوەرە وەک یەک لێ بکەن واتە ژن وەک پیاو لێ بکەن وەک ئەوەی پیاو فریشتە بێ. ژنیەتی ژن لەم بۆتەیەدا دەتوێنەوە بێ گوێ دانە ئەوەی ژن ژنە خاوەن تایبەتمەندییەتی سروشتی ژنانەیەتی وەک ژن و لە کەناڵی ژنانەوە گوزارشت لە خۆی دەکا .

نابێ پێمان وابێ بە ژن وەک پیاو لێکردن ئیدی کارمان تەواوە کرۆکی بانگەوازمان پێک دەهێنێ کە بوون و گوتاری ژنانەی هەیە. بەم کارەمان هەم ژن زیاتر نەفی دەکەین هەم روایەت دەدەین بە پیاو سالاری. کەواتە بە ژن وەک پیاو لێکردن شایەنی ئیرادی زۆرە بۆ بارودۆخی کۆمەڵگەیەک کە تیادا هەر شتێ بگرین ریشەیەکی قووڵی کۆمەلایەتی و مێژوویی هەیە و کاری راستە و خۆ و لە پردا هەزم ناکا. بەڵکوو بە بەرنامە رێژییەکی ورد هاوکات گۆرانێکی پلە بە پلەی سروشتی و لە سەر خۆ و بنچینەیی گەرەکە. بەمەش هاوسەنگی دەگەرێتەوە بۆ ئەو تەرازووە مرۆسالاریەی کە مێژوویەکە لاسەنگە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی کرێگرتە

وەرگێران: شیلان قوربانی فەر

زۆرم پێخوش بوو بزانم کە ئەو ژنە کریگرتانە چ جورە کەسایەتیەکیان هەیە؟ چۆن و بە هۆی چ رێکخراو و ئیدارەیەک کاریان پێ دەکرێ؟ چەندەیان حەقدەست دەدرێتێ؟ لە چ چین و وتوێژێکن و وەزعی ئابووریان چۆنە؟..... هەر بۆیە چوومە لای (برای مێردی خوشکەکەم) کە لە ئیدارەی ئیتلاعات و ئەمنییەتی گشتی کار دەکا. دوای کەمێک قسە و باس چەند دانە لە وێنەی ئەو ژنە بە کریگرتانەی کە لە ناو موبایلەکەم دابوو پێم نیشان دا و لێم پرسی کە مەسەلەی ئەو ژنانە چیە؟ پێکەنی و وتی بۆ دەتهەوێ ژیانی هاوسەری پێک بێنی؟ وتم نا خودا نەکا من بمهەوێ رۆژێک لەگەڵ ئەو جورە کەسانە ژیانی هاوسەری پێک بێنم. تەنیا دەمهەوێ بزانم کە ئەوانە بەو سەر و وەزعەوە چۆن لەو رێورەسمانەدا بەشداری دەکەن؟ وتی کە ئێمە بەو ژنانە دەڵێین ( ژنانی دەلاڵ) زۆربەی ئەو ژن و کچانە بە تاوانی دزی، ئیعتیاد، هەلاتن لە ماڵەوە و بەرەلایی دەستبەسەر دەکرێن و دوای سازکردنی پەروەندە و لێکۆلینەوە سەرەتایی یەکان و دواتر دادسەرا و دەرچوونی حوکم لە دادگا بۆ زیندان و بەندی ژنان بەرێ دەکرێن. لە زیندانەدا لە ناو ئەو ژنانە، کەسانێک کە رادەی خوێندەواریان لەسەرێیە و زۆر زیرەکن و پێشبینی دەکرێ کە دوای ئازادکردنیان دووبارە روو لە کاری خراپ دەکەنەوە دەستنیشان دەکرێن و پێشنیاری هاوکاریان پێ دەدرێ کە دوای ئازاد کردنیان بۆ چەند سازمانێک وەک (وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سپا، پۆلیسی ئاگایی و پۆلیسی ئەمنییەت و ......) کار بکەن. زۆربەی ئەو ژنانە لەبەر ئەوەی کە بنەماڵە یا مێردی باشیان نیە و یا بژیوی ژیانیان ئەوەندە نیە کە بتوانن خۆیانی پێ بەخێو بکەن پێشنیارەکەیان قەبووڵ دەکەن.

برای مێردی خوشکەکەم، لە درێژەی قسەکانی دا وتی: بۆ نموونە هەر ئیدارەی خۆمان (پۆلیسی ئیتلاعات و ئەمنییەتی گشتی) لەو کچ و ژنانە بۆ دزە کردن بۆ ناو کۆمپانیا هێرەمیەکان (گلد کوئستی) و ئەو ماڵ و باندە فەسادانە و بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کچانە کە لە ماڵەوە رادەکەن و یا ئەو کەسانە کە موعتادن و شەوانە لە پارک و سەرشەقامەکان دەمێننەوە کەڵکیان لێ وەردەگرین و چونکە سیمایەکی جوانیان هەیە و کەس لێیان بە گومان نابێ. بەلام لەبەر ئەوەی کەسایەتی یەکی باشان نیە و بۆ پووڵ هەموو کارێک دەکەن دەبێ هەمیشە لە ژێر چاوەدێری دابن دەنا زۆر بە ئاسانی فێڵمان لێ دەکەن.

– پرسیارم لێ کرد باشە ئەوانە کە کاریان سیخوڕی کردنە چ پێوەندییەکیان بە بەشداریکردن لە رێپێوانەکانی حکومەتەوە هەیە و وێنەی خومەینی و خامەنەیی هەڵ دەگرن و لە وتوێژە تەلەڤزیۆنەکان دا قسەکانی رێژیم دووبارە دەکەنەوە؟

– لە ولام دا وتی راستە کە ئیدارەکان داوا لەو ژنانە دەکەن کە کاری سیخوڕی و ئیتلاعاتی بکەن بەلام ئیدارەکانی ئیتلاعات و سپا و وەزارەتی ئیتلاعات و تەنانەت دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرن. تەنیا ئەوەندە بەسە کە پێش دەستپێکردنی مەراسیمەکان نووسراوەیەکیان بدەنێ و لەبەری بکەن تا لە پێش کامێرا ئەو قسانە دووبارەبکەنەوە و بینەر بەلارێ دا بەرن کە ژنانی بەو سەر و سیمایەش لایەنگری لە رێژیم دەکەن.

– دواتر بەم شێوەیە درێژی بە قسەکانی دا و وتی:

– هەر وەک بەسیج یا سپا کە لە تاوانبارانی ناسراو و پێشینەدار وەکوو لیباس شەخسی و داردەست کەڵک وەردەگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی یەکانیان، دەتوانن لەو ژنانەش کەڵک وەرگرن . بۆ نموونە هەر ئەو ژنە کە ئیدعای دەکرد ژنی سیغەیی عەتائوڵڵا موهاجیرانییە و لە دادگا شکایەتی لێ کرد و دواتر مەعلووم بوو کە پیلانی لە پێشدا دارێژراوە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات ودواتر پەروەندەکە راگیرا.

–لە کۆتایی دا پێشنیاری پێ کردم کە لەو جۆرە ژنانە دووری بکەم چونکە هەم بۆخۆیان مەترسیدارن و هەم ئەو کەسانە کە وەک ئیسکۆرت هەمیشە لەگەڵیانن و لە لایەن دەزگای قەزایی یەوە پارێزراون و لە کوشتنی هیچ کەسیش ناترسن.

هێندێک لەو کچانە کە لە بنەماڵەی شەهید و جانبازەکانن، هەرچەند کە موخالیفی حکوومەتن بەلام بۆ بەدەستهێنانی بژیوی ژیانیان و کەڵک وەرگرتن لە هێندێک ئیمتیاز وەکو چوونە زانکۆ یا وەرگرتنی بۆرسییە بۆ خوێندن ناچارن ئەو کارە بکەن.

بەلام بە گشتی ئاشکرابوونی ئەو جۆرە بابەتانە بە زەربەیەکی گەورە دەزانم کە لە کۆمەڵگای ژنانی ئێرانی دەکەوێ و پشتیوانێکی بە هێزیشە بۆ بانگەشەی رێژیم کە هەوڵ دەدا ژنان وەک هێزێکی زەعیف و نەفس نزم نیشان بدا.

هەموومان ئەوە باش دەزانین کە ئەو کەسانەی لە رێپێوانەکان و بۆنە جۆراوجۆرەکانی رێژیم دا بەشدار دەبن ئەگەر باجگریش نەبن کەسانێکن کە رادەی تێگەیشتنیان زۆر کەمە و ئەسیری ئەو دەزگا هەڵخەڵەتێنانەی رێژیمن. کەوابوو بەشداری میلیۆنی ئەو کەسانە نابنە هۆی نائومێدی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و تەنیا دەبنە جێگای داخ کە هەر بۆخۆیان بوونە قوربانی ئامانجەکانی رێژیم. مانەوەی ئەوانە تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی فەقیری و ماڵوێرانی میللەت و شەڕی ئێمەش لەگەڵ رێژیم شەڕکردن لەگەڵ میللەت نیە.

حکوومەتی ئێران ئەوەندە دڕندەیە کە پیلانی کەڵک وەرگرتن لەوانەشی بە مەبەستی خراپ دارشتووە و ئەگەر ئەوانیش قەبووڵ نەکەن لە زیندانەکان دا بەو تاوانانەی کە وەپاڵیان دراوە دەکوژرێن، لە مانگەکانی رابردوودا راپۆرتی زۆر لەسەر مەرگی گوماناوی ئەوانە بلاوکرایەوە و تەنانەت ناوی هێندێک ژن بلاوبۆوە کە تاوانەکانیان ناراست بوو. بەهەرحاڵ ئەو کەسانە بوونە قوربانی و هەم لە لایەن کۆمەڵگاوە حاشایان لێ کراوە و هەم لەلایەن حکوومەتەوە وەک مردوو حیسابیان بۆ دەکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حیجابی زۆرەملێ، بەندیخانەیەک لە نێو بەندیخانەدا!

و. دایکی کیان



مەسەلەی حیجاب وەک برینێکی کۆنە کە هیچ کات سارێژ نابێ بەردەوام بەژان و خوێناویە.

حیجابی زۆرەملێ یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین کەرەسەی سەرکوتکردنی ژنان لە ماوەی سی ودووساڵ حکوومەت کردنی کۆماری ئیسلامی دا بووە. کەرەسەیەک کە لە سەرەتاوە بە بێ دەنگی و سەردانەواندن قەبووڵ کراو جگە لە نارەزایی دەربڕینی ژنانێک کە بە تەنیایی هاواریان دەکرد، هەر لە سەرەتاوە کپ کرا، زۆربەی ژنان نە تەنیا هەر گرینگیان پێ نەدا، بەڵکوو بە هۆگربوونیان بە رێکخراوە مەزهەبیەکان کە ئەو کات چالاکی سیاسی بوون،چ بە ئیدئۆلۆژی ئیسلام و چ مارکسیسم – لینینیسم، تەنانەت پێشوازیشیان لەم کردەوەیە دەکرد.لایەنگرانی شەریعەتی و رێکخراوی موجاهیدین و رێکخراوە مەزهەبیەکانی تر پێیان وابوو بیروبۆچوونەکانیان بە ئاکام دەگا و رێکخراوە چەپەکانیش کە بە تەواوەتی بە فکریەتی مەزهەبیەوە دەجووڵانەوەو لە ژێر کاریگەری روانگەی یەکسانکردنی مانۆئیستی و دژە رۆژئاوایی لەگەڵ هەرچەشنە جل وبەرگێکی مۆدێرن و ئارایش و خۆرازاندنەوە دژایەتیان دەکرد،چارشێو،لەچکە و مانتۆیان پەسند کرد و زۆر خێرا لایەنگرانی خۆیان لەگەڵ ئەوان گونجاندو نەزانانە خەنجەری حیجابی زۆرەملێیان بە دەستی خۆیان لە جەستەی کۆمەڵگا چەقاند.

باس لە سی ساڵ لەوەی پێش نیە،باس لە تەواوی ئەم سی ساڵەیە کە بەو شێوەیە تێپەڕی. باسی بزووتنەوەی ژنانێکە کە لە تەواوی ئەم ساڵانە دا نەتەنیا ئاماژەیەکیان بە حیجابی زۆرەملێ نەکرد، بەڵکوو ئێستاش قەبووڵیانەو بە دوای تەفسیری ئایاتێکی قورئان دان تاکوو رێگەی دەربازبوون لە حیجاب لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە بە رەوا لە قەڵەم بدەن.

چ گرینگیەکی هەیە کە بیسەلمێنین، قورئان باسی ئازادی جل و بەرگی کردووە، یا باسی حیجاب؟ ئەگەر لە قورئان دا هاتبێ کە دەبێ حیجاب بە زۆر بێ، دەبێپشتگیری لە حیجاب بکەین؟ هەڵبەت لەگەڵ کەسانێک کە دەیانهەوێ دەستووراتی قورئان لە کۆمەڵگا بەڕێوە ببەن و دەوڵەتێکی جیا لە مەزهەبیان قەبووڵ نیە و باوەڕیان بە جیایی دین لە سیاسەت نیە، ناتوانین وەها مەسەلەیەک بێنینە بەر باس. بەڵام ئەگەر باسی دێموکراسی، جیایی دین و دەوڵەت، ئازادی خۆداپۆشین و بیروڕادەربڕین دەکەین، نابێ ئایاتی قورئان بێنینە گۆڕێ کە ئایا ئیزنمان هەیە مووی سەرمان دیار بێ یان نا. ئەگەر دژایەتیەکمان دیت دەبێ چی بکەین؟ دەبێ خەبات بۆ بە دەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی ژنان وەلابنێین و قەناعەت بە یاساکانی ئیسلام بکەین؟ ئەگەر لە قورئان دا تەنیا باسی خۆداپۆشین کرابێ، کەوابوو مەجبوورین خۆمان داپۆشین ئەگینا بەندیخانە، قامچی و سێدارە مافی تاکی خەتاکارە!ئایا بەراستی ئەمە خۆسانسۆرکردنێکی گەورە لە بارودۆخی سەرکوتکردنی حکوومەتی ئاینی دانیە؟

ئەگەر ئاگاداری ئەم مەسەلەیە هەین کە ئێستا بە ناچاری و لە ژێر سەرکوتکردن دا لە هێندێک داواکاریەکانی جووڵانەوەی ژنان تێ دەپەڕین و لە رووی زانیاریەوە لێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزیک نابینەوە، ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە.

کێشە تەنیا سەرکوتکردن نیە. زۆربەی داواکاریەکانی بزووتنەوەی ژنان تووشی سەرکوتکردن دەبن، بەڵام پێداگرانە لە سەریان سوورن. کێشە برینە کۆنەکەی حیجابی زۆرەملێیە کە لە لایەن هێندێک کەسەوە خۆویستانە قەبووڵ دەکرێ. کێشە ئەو کەسانەن کە ئەم برینە ئاوەڵایە لە سەر نێوچاوانی کۆمەڵگا نابینن و هیچ جێگەیەک بۆ خەباتی سی ودووساڵەی ئەم ژن و پیاوانە دانانێن کە لە منالّیەوە ناچاربوون سەرتاپا خۆیان ئەسیری پارچەی ئەستوور وتاریک بکەن. لێرەدا بۆ چەندەمین جار دووپاتی دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەک کێشەمان لەگەڵ حیجابی خۆویستانە نیە. هەرچەند دەتوانین دیاردەی حیجاب بەدوور لە زۆرەملێ یا خۆویستی تاوتوێ بکەین و باس لە بنەماکانی بوونی حیجاب بکەین.

بەڵام لێرەدا تەنیاو تەنیا باس لە سەر بەند کردنی جەستە بە زەربی سەرنێزە لە بەندیخانەی گەورەی کۆمەڵگادایە. بەندیخانەیەک کە کۆماری ئیسلامی دروستی کردووە و خەڵکی وەها راهێناوە کە هێندێک زەخت لە سەر جەستەی خۆیان هەست پێ ناکەن یا بۆخۆیان نایانهەوێ هەستی پێ بکەن. بەردەوام مەسائیلێکی گرینگترهەیە کە بێ بایەخ بوونی سەرنێزەی حیجابی زۆرەملێ کە لەسەر کچان و ژنانی وڵاتەکەمانە، دەسەلمێنێ.

حیجابی زۆرەملێ کەسایەتی دووچەشنە دادەڕێژێ.

حیجابی زۆرەملێ بە ئاشکرایی توندوتیژیەکە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگادا بوونی هەیەو لەلایەن زۆربەی کچان وکورانی وڵاتەکەمان هیچ کات قەبووڵ نەکراو بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بە کارشکێنی و بە شێوازی جۆراوجۆر هەموو کەرەت دەستی پێ کردەوە.

سەرەڕای ئەوەی دروشمی ئازادی خۆپۆشین و بەربەرەکانی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ هیچ کات نەچۆتە نێو لیستی داواکاریەکانی بزووتنەوەی ژنانەوە.کەوابوو کەی دەبێ ئەم داوایە گرینگی پێ بدرێ و وێڕای ئەم کچ و کورانەی کە بە سەرو رووی خوێناویەوە باتوومیان وێ دەکەوێ، یا لە بەندیخانەکان دا تامی قامچی دەچێژن و لە یەکەم دەرفەت دا سەرپۆشەکانیان لە ئاگردا دەسووتێنن،خەبات بکەین؟

چ کاتێک؟ ئێستا سی ودووساڵە وەدوا کەوتووین.

ئێستا کە نەسرینی ستوودە،ژنێک کە وەک هەموو هاوبەندیەکانی خۆی، سووکایەتی کۆماری ئیسلامی چ لە بەندیخانەی گەورەی کۆمەڵگاو چ لە بەندیخانەی ئێوین دا، زۆر شکۆدارو زۆر بە عەزەمەت بە خەڵک و بە ئێران وبە گشت جیهان نیشانی داوە، و دیسانیش بە غیرەتێکی جێگەی ڕێزەوە، لە ویدیۆی خۆی دا بێ لەچکە پەیام دەنێرێ، ئەم غیرەتەی بە کەسانی تریش دەدا کە لە بابەت حیجابی زۆرەملێوە قسان بکەن و بنووسن.

ئەمە کۆمێدیە یا تراژیدیا؟ کە قژی ژنێک لە ویدیۆدا وەها قاڵمەقاڵمێک بخاتە نێو سەرانی دەسەڵات بەدەستی زاڵمەوە. ئەم کاربەدەستە ترسنۆکانەی کە لە ترسی جووڵانەوەی خەڵک، چووکترین بزووتنەوە بە زەربی تۆپ و تانک لە ناو دەبەن،سروشتیە کە توانای دیتنی مووی بێ لەچکەیان لە ویدئۆش دا نیە و لەو مەسەلەیە وەک بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی هەرچی زۆرتری خەڵک، تەنانەت لە نێو بەندیخانەش دا، کەڵک وەردەگرن.

ئەم کردەوەیە تەنیا باسی ترسێکی گەورە لە جووڵانەوەیەکی گەورە دەکا کە خۆی وەک دەستبەسەرکردنی بەربڵاو، ئەشکەنجە و دەستدرێژی و لە سێدارەدانی مرۆڤەکان دەردەخا.

بەڵام ئێستاکە بزووتنەوە، گەورەیی خۆی لە تاک بە تاکی ئەو مرۆڤانە دا نیشان دەدا کە لە بەرامبەر بە ناودادگاکانی کۆماری ئیسلامی دا رادەوەستن،شاراوەکان لە قاو دەدەن و ئەبەدی دەبن.

ئەمرۆکە نەسرینی ستوودەکان هێمای جووڵانەوەی ژنانن. گەڵاڵەی لە ناو بردنی حیجابی زۆرەملێ و ئازادی خۆپۆشین چیتر خەون و خەیاڵ نیە کە بزووتنەوەی ژنان نەتوانێ لێی نزیک بێتەوە.وەرن با لە جیاتی هەڵسەنگاندنی مافی ئازادی خۆداپۆشین لەگەڵ ئایەکانی قورئان، ئەم مافەو بە گشتی مافە کانی ژنان بە جیا، لە چوارچێوەی ستەم و ئەو جیاوازیەی کە هەیەتی، لێک بدەینەوە!





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرێوەچوونی

# رۆژی ژن لە جیهان دا

**نووسین و ئامادە کردن ئامانج زیبایی**

لە ٨ی مارسی ١٨٥٧ دا ژنانی کرێکاری کارگەی پارچەسازی و دروونی جلوبەرگ لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا هاتنە سەر شەقامەکان و داخوازی ئەوەیان بوو کە پارەی کرێکارییان بۆ زۆر بکەن و ساعەتی کاریان کەم بکەنەوە، ئەو خۆپێشاندانانە بە هێرشی پۆلیس و لێدان و کوتانی ژنان کۆتایی پێ هات.

لە ساڵی ١٩٠٧ دا واتە ٥٠ ساڵ دوای سەرکوتی ژنان لە ٨ی مارسی ١٨٥٧ دا ژنان کە داوای مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکسانیان دەکرد بۆ جارێکی دیکە خۆپێشاندانێکی دیکەیان وەڕێخست.

بۆ یەکەم جار لە ٢٣ی فێوریەی ١٩٠٩ دا ژنان داوایان لە هەموو هاورەگەزانی خۆیان کرد کە رۆژی یەک شەممەی ئاخری فێوریەی هەموو ساڵێک بێنە سەر شەقامەکان. لە یەکەم خۆپێشاندان دا توانیان تەنیا لە شاری نیویۆرک زیاتر لە ٢٠٠٠ ژن بێننە سەر شەقام و رێکیان بخەن و داوای مافی دەنگدان بە ژنان لە کۆمەڵگادا بکەن.

لە ساڵی ١٩١٠ دا دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سوسیالیست بە رێبەریی کلارا زیتکین پێک هات کە لەو کۆنفرانسەدا بە رەسمی داوا کرا رۆژێک وەک رۆژی جیهانیی ژن دیاری بکرێت.

ژنانی سوسیالیستی ئۆتریش لە پێش دا رۆژی یەکەمی مانگی مایان بۆ ئەو رۆژە دەست نیشان کردبوو. بەڵام ئەو رۆژە جێگەو پێگەیەکی تایبەتی هەبوو بۆ ئەوەی مەسەلەی ژن زەق بکرێتەوە. ژنانی سوسیالیستی ئەڵمان رۆژی ١٩ی مارسیان پێشنیار کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ شۆرشی ساڵی ١٨٤٨ بە دژی رێژیمی پاشایەتیی پرووس کە لەو رۆژەدا رێژیم بە شێوەی زارەکی بە ویستی ژنان دا هێنابوو. لە دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سوسیالیست دا ١٩ی مارسی ١٩١١یان دەست نیشان کرد بەڵام بریاری کۆتاییان بۆ دوایی دانا. لە دوای بڵاوبونەوەی بریارنامەی کۆتایی هاتنی ئەو کۆنفرانسە ئەو رۆژەیان وەکوو رۆژی ژن بە کوڕ و کۆمەڵەکانی جیهانی ناساند.

ئینتێرناسیونالْ پشتیوانی خۆی لەو رۆژە دەربری و شانازی ئەوەی کە ئەو رۆژەیان بە رۆژی جیهانیی ژن ناساندبوو کە بە رەسمی بناسرێ و شانازیی ئەوەی کە یەکەم رێکخراوە بێ و بۆ بە رەسمی ناسینی ئەو رۆژەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.



لە ١٩ی مارسی ١٩١١ دا شەقامەکانی ئەڵمان، ئۆتریش، سوئیس و دانمارک بە دەنگی ژنان وەلەرزە هات. لە ئۆتریش زیاتر لە ٣٠٠٠٠ ژن هاتن بۆ سەر شەقام کە لە لایەن پۆلیسەوە هێرشیان بۆ سەر کرایەسەر بەشێکی زۆر لەو ژنانە دەستبەسەر کران.

لە ساڵی ١٩١٣ دا دەبیرخانەی نێونەتەوەیی ژنان کە یەکێک لە ئۆرگانەکانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستە ٨ی مارسی بە بۆنەی بیرەوەری و قەدر زانین لە ژنانی کرێکاری ئەمریکا وەکوو رۆژی جیهانیی ژن هەڵبژاردو بە جیهانیانی ناساند. لە هەمان ساڵ دا ژنانی زەحمەتکێش و رۆشنبیر لە سەرانسەری ئورووپاو ئەمریکاو تەنانەت روسیەی تەزاریش خۆپێشاندان و میتینگیان بەم بۆنەیەوە ساز کرد. لە ساڵەکانی ١٦-١٥-١٩١٤ دا بە داخەوە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ٨ی مارس زۆر بە رێک و پێکی بەرێوە نەچوو. بەڵام لە ساڵی ١٩١٧ دا خۆپێشاندانی ژنانی کرێکار لە شاری پیترۆگارد بە دژی برسێتی و شەڕ دژ بە رێژیمی پاشایەتی تەزاری یەکەم دەسپێک بوو بۆ شۆرشی رووسیە. کرێکارانی دیکەی ئەو شارە بە هاودەنگی و پشتیوانی کردن لە ژنان توانیان رێژیم بە چۆک دابێنن و ٨ی مارسی ١٩١٧یان وەکوو لاپەرێکی زێرین لە مێژووی شۆرشی رووسیەدا تۆمار کرد.

لە ساڵی ١٨٣١ دا لە بەرلین و مادرید خۆپێشاندان ساز کراو ژنان هاتنە سەر شەقامەکان و نزیک بە ٣٠٠٠٠ ژن دروشمی ئازادی و سوڵحیان دا.

لە ساڵی ١٩٦٠ دا ئەو بانگەوازە گەیشتە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین.

لە ساڵی ١٩٦٩ دا لە ٨ی مارس ژنان لە زانکۆی برکلی کۆبوونەوە دژ بە شەڕی ڤێتنام خۆپێشاندانیان وەرێ خست. لە کۆتایی دا لە ساڵی ١٩٧٥ نەتەوە یەکگرتووەکان ٨ی مارسی وەکوو رۆژی جیهانیی ژن بە رەسمی ناساند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێز لە ڕۆژی جیهانیی ژنان بگرین

و: شاناز کاکە ئازەر

ڕۆژی جیهانیی ٨ ی مارس لە کلتووری ئێمە دا وەک «ڕۆژی جیهانیی ژن» جێی گرتوە.ئەگەر بیر لە چەمکی ئەم واتایە بکەینەوە: ئایا بەراستی»ژن» بوون جێگەی شانازیە بۆ ئێمە و دەبێ پێی بنازین وڕێزی لێ بگرین؟ بەڵێ بۆ ئێمەی ژن وایە. بەڵام بە هەمان رادە «پیاو» بوون بۆ پیاوان جێگەی شانازیە، وانیە؟ کەواتە ٨ ی مارس بۆ هێندە گرینگی هەیە؟

ئەگەر سرنجی بدەینێ لە زمانی ئینگلیزی دا ڕۆژی جیهانیی «ژن» نیە، بەڵکوو « ڕۆژی جیهانیی ژنان» هەیە کە گرینگی پێ دەدرێ. International Women's Dayو پێداویستی سەرەکی بە باش بوونی بارودۆخی ژنان لە سەرتاسەری جیهان دا وای کردووە ڕێکخراوی نەتەوەیەک گرتووەکان بەو هۆیەوە ئەم ڕۆژەی لە ڕۆژژمێری خۆی دابگونجێنێ و گرنگی پێ بدا.

بۆنموونە:

ئیستاش لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا ژنان بە تەواوەتی بارودۆخی یەکسان لەگەڵ پیاوانیان بۆ نەرەخساوە. بارودۆخی ژنان لە زۆربەی وڵاتان لە باری هەژاری، نەخوێندەواری، و دەست پێ ڕاگەیشتن بە پێداویستی تەندروستی زۆر جێگەی داخە.

بۆ وێنە:

لە هەر خولەکێک ژنێک بە هۆی دووگیانی یا منداڵبوون گیانی لە دەست دەدا.

تەنیا هێنانە بەرچاوی سیمای ئەم ژنانەی کە لە کاتی نووسین یا خوێندنەوەی ئەم بابەتە دا گیانیان لە دەست دەدەن، لە وانەیە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی مەسەلەی جیهانیی ژنان بەس بێ و بەم پێیەوە پێویستی بوونی ڕۆژی جیهانیی ژنانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ئێستاش ئەمە بەشێکی چووک لە بەسەرهاتی هەلومەرجی تاڵی ژنانی ڕۆژگاری ئێمەیە:

لە هەر خولەکێکدا، دەزگای زاوزێی چوار منالی کچ دەبردرێ تا کاتێک گەورە بوون چێژ لە پێوەندی جنسی وەرنەگرن.

لە هەر پێنج خولەک دا ژنێک بە هۆی منداڵ لەبار بردن گیانی لەدەست دەدا.

لە ئاستی جیهاندا ١/٣ بیلیون خەڵکی هەژار دەژین، لەم ڕێژەیە ٧٠ لەسەدی ژنان پێکیان هێناوە.

لە جیهاندا ١ بیلیون کەس نەخوێندەوارن . ٢لە٣ ی ئەم ڕێژەیە ژنان.

لە نێوان ٢٧ میلیۆن ئاوارەی شەڕو پەنابەر لە جیهاندا، هەفتا تا هەشتا لەسەدی لە ژنان پێک هاتووە.

لە ١٣٠ میلیۆن منداڵ ناچن بۆ قوتابخانە، دوو لە سێ کچن.

لە ئیش وکاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، نێونجی مووچەی ژنان ٣ لە چواری مووچەی پیاوانە.

ڕێژەی کاری بێبەرامبەری ژنان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیاوان دا دووهێندەیە.

ئەو ژنانەی ئەرکی بنەماڵەیان لەسەرە یەک لە چواری بنەماڵەکان لەجیهاندا پێک دێنن.

لە وانەیە ئەم سەرژمێریە کە چاوپێ خشاندنێک بە بارودۆخی ژنان لە جیهان دایە، ژیانی وڵاتە هەژارو گەشە نەکردووەکانی ئافریقامان بێنێتە بەرچاو کە لەو وڵاتانە دا ژنان لە بارودۆخێکی باش دا نین. بەڵام ئەم ڕوانگەیە تەواو نیە.

لە ئامریکا لە هەر ٣ کچی ژێر ١٨ ساڵ دا، یەکیان وەبەر توندو تیژی جینسی دەکەوێ.

لە زانکۆکانی ئامریکا، لە نێوان هەر پێنج کچی خوێندکار یەکیان دەستدرێژی جنسی دەکرێتە سەر، تەنیا دە لە سەدی ئەم دەستدرێژیانە لە لایەن قوربانێکانیانەوە ڕاپۆرت دەکرێن.

لەم حاڵەدا، جێی سرنجە کە مێژووی دەستدرێژی کردن لە مافە مرۆڤیەکانی ژنان تەنیا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، یانی ئامریکاو ئوروپا نیە:

یەکەم وڵات کە مافی دەنگدانی دا بە ژنان، وڵاتی نیوزیلەند بوو کە لە ساڵی ١٨٩٣ دا مافی دەنگدانی ژنانی بە فەرمی ڕاگەیاند.

ئەگەر بیر بکەینەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاستی دا ڕێکخراوێکە کە بۆ گەشە کردنی مرۆڤ و بۆ باشبوونی بارودۆخی ژنان بە شێوەی جدی بایەخ دادەنێ و لەو ڕێگەیە دا هەوڵ دەدا، ئاسەوارێک لە جیاوازی بە دژی ژنان بوونی نیە، هەڵەمان کردووە:

تەنیا پێنج لە سەدی نوێنەرانی پلە بەرزی وڵاتان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا ژنن.

بەڵام لە پەراوێزی ئەم وێنە تاڵ و دڵتەزێنەی کە ڕوانینێکی ئاسایی لە بارودۆخی ژنان لە جیهان دا نیشان دەدا، چەند ڕاستی هیوا بەخشیش هەیە. گرنگترین ڕاستی هیوا بەخش ئەمەیە کە ئەم وێنەیە بۆ هەمووان ئاشکرا بووە، ئەورۆکە من وئێوە و کەسانی تر لە جیهان دا ئەم وێنەیە دەبینین و لە ڕۆژی جیهانیی ژنان دا لە هەمووکاتێک زیاتر بایەخ بەم ڕاستیانە دەدەین و سوورتر لە جاران هەوڵ دەدەین بیان گۆڕین.

.خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە هەنگاو بۆ گۆڕین هەڵ هاتۆتەوە.

کۆنوانسیۆنی لە ناوبردنی هەمووجۆرەکانی جیاوازی بە دژی ژنان لە لایەن ١٦٠ وڵاتی جیهان پەسند کراوە.

بەو واتایە کە زۆربەی حکوومەتەکان بڕیاریان داوە کە بە کردەوەی شیاوی سیاسی، ڕێگە بۆ باش کردنی بارودۆخی ژنان و دانی مافەکانی مرۆڤی ئەوان خۆش بکەن.

جیا لەوانەش، ژنان بۆ خۆیان هاتوونەتە ناو حکوومەتەکان و دەوری گرینگ لە سیاسەت دا دەگێڕن.

ئێستاکە پۆستی سەرۆک کۆماری لە دە وڵاتی جیهان بە دەست ژنانەوەیە.

١١ لەسەدی نوێنەرانی خەڵک لە پارلمانی وڵاتانی جیهان دا لە ژنان پێک هاتووە.

نێونجی تەمەنی ژنان لە هەموو وڵاتان دا لە پیاوان زیاترە.

لە کۆتایی دا، بە خۆشیەوە ڕاستی ژیان ئەمەیە کە ژنان کۆڵنەدەرن و سەرەرای ئەو هەمووە ئازار و چارەڕەشیەی کە دەیبینن، هیوایان بە ژیان هەیە و چێژی لێ وەردەگرن.

بەو هیوایەی کە بارو دۆخی ژنان بە ڕادەیەک باش بێ کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان پیاوان و ژنان دا نەمێنێ و ڕێز گرتن لە ڕۆژی جیهانیی ژنان بە هۆی ئەم هەوڵانە بێ کە بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی ژنان و گرینگی دان بە ڕۆڵی ژنان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای بەشەریی دا دیویانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رووداوێکی دڵتەزێن لەژیانی ژنێک

وەرگێڕان: سروە فەتاحی

دەمهەوێ باس لەژیانی ژنێک بکەم کە دوای ئەو رووداوە تاڵ و کاریگەرییە ناخۆشانەی کە ئێعتیاد لە سەر ژیانی داناوە، توانیویەتی بەرەنگاری بێتەوە و خۆی و باوکە ۸۶ ساڵەکەی و ۱٤ کەسی دیکە لە خێزانەکەی لە دەستی ئێعتیاد بێنێتە دەرێ.

لەیەکێک لە شەقامەکانی کەرەج بە دوای کەمپێک دا دەگەڕێم کە تازە کراوەتەوە. ئەو کەمپە چەند مانگێک دەبێ کە لە لایەن ژنێکەوە کراوەتەوە کە بۆخۆی ساڵانێکی زۆر موعتاد بووە و ئێستا یارمەتی ئەو کەسانە دەدا کە بە دڵنیاییەوە بڕیاریان داوە کە بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان و سلامەتی جارانیان بە دەست بێننەوە. مەنیژە خەریکی قسەکردن لەگەڵ یەکێکە، چاوەڕێی دەکەم تا تەواو بێ و برۆمە لای و قسەی لەگەڵ بکەم، بەم جۆرە بەسەرهاتی موعتاد بوونی دەست پێ دەکا: «لە ۹ ساڵییەوە دەستم بە کێشانی ماددە هۆشبەرەکان کرد. سێ جار ژیانی هاوبەشم پێک هێنا. هەر لە تەمەنی ۹ ساڵی دا دایانم بەشوو، من ئەو کاتە هەر نەمدەزانی ژیانی هاوبەشی چیە! کوڕی پووریشم ۱۷ ساڵی بوو کە پێکەوە دەژیاین بێ ئەوەی من بزانم مانای ئەو کارە چیە. لە دوای ماوەیەک زانیم کە موعتادە. ئەو ژیانە منداڵانەیەی ئێمە زیاتر لە ۲ ساڵی نەخایاند و لێک جیا بووینەوە. یەک ساڵ دواتر بۆ دووهەم جار ژیانی هاوبەشم پێک هێنا بەڵام ئەو ژیانە زیاتر لەیەک مانگی نەخایاند. تازە ببوومە ۱۳ ساڵ کە لە مێردی دووهەمیشم جیا بوومەوە.

ژیانێکی منداڵانە

مەنیژە تا ۱۳ ساڵەیی دوو جار ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو. کاتێک کە هاوتەمەنەکانی ئەو لە قوتابخانە خەریکی دەرس خوێندن بوون ئەو لە حاڵێک دا کە ئێستا تامی لە منداڵی خۆی نەچێشتبوو دەبووایە رۆڵی هاوسەری بگێڕابووایە. مەنیژە لە درێژەی باسەکەمان دا دەڵێ: «تەمەنێکی وام نەبوو کاتێک کە بۆ دووهەم جار ژیانی هاوبەشم پێک هێنا، هەر بۆیە هەموو رۆژێ لە ماڵ دەهاتمە دەرێ و لەگەڵ هاورێیانم لە کۆڵان کایەم دەکرد. کاتێکیش کە مێردەکەم دەهاتەوە لە ترسان لە ماڵێدا خۆم دەشاردەوە، هەربۆیەش بنەماڵەی هاوسەرەکەم دەیانگوت من ژنێکی ماڵدار نیم و تەڵاقیان دام».

داستانی موعتاد بوونی مەنیژە هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە زۆر بە شوویان دا، «چەند مانگێک لەیەکەم ژیانی هاوبەشم تێپەر دەبوو کە وام هەست دەکرد کوڕی پوورم تریاک دەکێشێ. منیش کەچاک و خراپم نەدەزانی هەر بۆیە کاتێک کە ئەو لە ماڵ دەچووە دەرێ، بە کەوچک سووتاوەکانی ئەو تریاکەم لە وافوورەکەی دەردەهێناو دەمخوارد، دوایەش دەخەوتم بێ ئەوەیکە بزانم چیم بەسەر دێ. منداڵ بووم و ئەو کارە وەکوو کایە کردن بوو و خۆشم دەویست. مێردی دووهەمیشم موعتاد بوو هەر بۆیە بێ ئەوەی هیچ ترسێکم هەبێ لەگەڵ ئەو دادەنیشتم و مەوادم دەکێشا.

مەنیژە تا ۱۳ ساڵی دوو جار ژیانی هاوبەشی پێک هێنا بەڵام لە هیچیان سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام بارودۆخی ژیانی بنەماڵەکەی بوو بە هۆی ئەوەیکە بۆ سێهەم جاریش ژیانی هاوبەشی پێک بێنێ و ماوەی ئێعتیادیشی تا ۳۱ ساڵ دەوامی هەبێ. «چواردە ساڵم بوو کە لەگەڵ عەلیرەزا ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا. ئەو موعتاد نەبوو بەڵکوو زۆر پیاوێکی باش بوو. دوای ماوەیەکی کەم بە هۆی کاری زۆری ماڵێ تووشی رووماتیسم بووم و دوای ماوەیەک روماتیسم لە دڵمی دا. زۆرم سەردانی دوکتور کرد بەڵام هەموویان یەک قسەیان دەکرد، دەیانگوت نەخۆشی دەروونیت گرتوە و دەبێ بگەڕێی، دڵت خۆش بێ و.. زۆریان لەو قسانە پێدەگوتم بەڵام بۆخۆم دەمزانی چیمە و بۆچی نەخۆشی دەروونیم گرتوە. چونکە لەشم مەوادی پێویست بوو و مێردەکەشم لەو کارەی من ئاگادار نەبوو. رۆژێک دراوسێیەک بە عەلیرەزای گوت: «تریاک بە ژنەکەت بدە باش دەبێ». دراوسێکەمان قسەی دڵی منی کرد. هەر ئەو قسەیەی ئەو بوو بە هۆی ئەوەیکە ترس وەلا نێم و بە مێردەکەم بڵێم چ دەردێکم هەیە. عەلیرەزا کەمێک هات و هاواری کرد، بەڵام دوایە کە زانی چ دەردێک دەکێشم گوتی مەوادت بۆ دێنم بەڵام بە بنەماڵەکەم نالێم کە تۆ موعتادی بەڵکوو پێیان دەڵێم کە بۆ خۆم موعتاد بووم. ئێمە لەگەڵ ماڵی خەزوورم دەژیاین. کاتێک ئەوان بەسەرمان دا دەهاتن عەلیرەزا تریاکی لە دەستم وەردەگرت و بۆخۆی دەی کێشا. هەر بەو جۆرە بوو کە عەلیرەزاش موعتاد بوو و زیاتر لە ۲۵ ساڵە خۆشترین ساڵەکانی ژیانمان بەو دەردەوە تێپەڕاند.

رۆژەکانی تاڵی ژیان

رۆژەکانی تاڵی ژیانی مەنیژە هەر بەو جۆرە دەرۆیی و باشترین دەرفەتەکانی ژیانی لە دەست چوو، ئەوەندە لەو رۆژانەدا رووداوی ناخۆشی بۆپێش هاتووە کە کاتێک داوای لێ دەکەم لەبارەی ژیانی خۆیەوە قسەم بۆ بکا، سەری رادەوەشێنێ و دەڵێ نازانم باسی کامە رووداوت بۆ بکەم. بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی و ئێعتیادی منداڵەکانی هەمووی تاڵن. مەنیژە لە درێژەدا دەڵێ: «سێ کچ و دوو کوڕم هەیە کە بەداخەوە کچێک و کوڕێکم موعتاد بوون. ئەگەر بمهەوێ باس لە رووداوەکانی تاڵی ژیانم بکەم هیچ کات باوەر ناکەن، بەڵام ۹۰٪ لەژیانی ئێعتیادم تاڵە. حوسێنی کوڕم ماوەیەکی زۆر بوو کە داوای دەکرد کەوشی بۆ بکرم. لەگەڵ خۆم حیسابم دەکرد و دەمگوت ئەگەر بمهەوێ کەمێک پووڵ بۆ کەوشی کوڕەکەم دابنێم دەبێ چەند گرەم کەمتر مەواد بکێشم هەر بۆیە وەپشت گوێم دەخست».

ژانی ژیان ناخمی سووتاند

باشترین ساڵەکانی مەنیژەو منداڵەکانی لەگەڵ ئێعتیاد دا تێپەری تا ئەوەیکە شەش ساڵ لەوەپێش بە هۆی رووداوێکی تاڵ بڕیاری دا مەواد وەلانێ، «شەش ساڵ لەوەپێش دوای رووداوێک، ژیانم بەدەست هێناوە. منداڵەکانم برسی بوون تەنانەت پووڵم نەبوو هێلکەیان بۆ بکرم. یەکێک لە خزمەکانم هاتە ماڵمان، دیتی کەدەست و لاقی منداڵەکانم لە برسان دەلەرزێن بەڵام بەو حاڵەش حازر نەبوو کە ۷۵ تمەنم بداتێ کە دوو هێلکە بۆ منداڵەکانم بکرم. لەو رۆژەدا زانیم لە کوێوە بە کوێ گەیشتووم، مێردەکەم کارخانەی هەبوو بە ۲۰۰ چەرخەوە. بۆخۆم ماڵم هەبوو بەڵام ئێستا هیچمان بۆ نەماوەتەوە، هەموویمان کرد بە دووکەڵ، تا ئەوەی کە بەڵێنیم بە خۆم دا بە هەر شێوەیەک بێ تەرکی بکەم».

ژیان بۆ مەنیژە و بنەماڵەکەی زۆر تاڵ بوو. ئەوان تەنانەت نەیاندەتوانی زگی خۆیان تێر بکەن. رۆژ بە رۆژ ژیانیان خراپتر دەبوو برسێتی منداڵەکانی بوو بە هاندەرێک کە مەنیژە بە خۆی دا بێتەوە ژیانی لەو بارودۆخە تاڵە بێنێتە دەرێ.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

ژنانی نێو کۆڕی خەبات

**فاتم بێتووشی:**

# کاتێ هاوسەرەکەم لەدەست دا وەکوو ئەوە وابوو کە لەسەر تەختی پاشایەتی بێمە خوارێ

**خوشکە فاتم خدر حەمە ڕەزا لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری قەلادزێی باشووری کوردستان لە دایک بووە. هاوسەری نەمر ڕەسووڵ ئیسماعیل پوور ناسراو بە ڕەسووڵ بێتووشیە کە لە ساڵی ١٣٨٦هەتاوی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ ماڵئاوایی لە هاوسەرەکەی و دوو جگەرجۆشەکانی و هەموو هاورێ و هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کرد.»ژنان» بە چەند پرسیارێک ئەم خاتوونەی بەسەرکردۆتەوە.**

**« دیمانە ژنان»**

**پ: چۆن لەگەڵ کاک ڕەسووڵ ئاشنابووی و چۆن بوو کە ژیانی هاوبەشتان پێک هێنا؟**

و: بەهۆی ئەوەی زڕ برایەکی شەهید ڕەسووڵ هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد براکەی داوای لە دایکم کرد کە شوو بەشەهید ڕەسووڵ بکەم منیش قسەی دایکم و باوکم نەشکاند و شووم پێ کرد ئاشنایەتی من و ڕەسووڵ بەم جۆرە بوو.

**پ: بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشە چەند منداڵە پلەی خوێندنیان چیە؟**

و: بەرهەمی ژیانی هاوبەشیمان دوو منداڵە کە منداڵی یەکەمم جیهانی کچمە ئێستا تەمەنی ١٥ ساڵەو پۆلی سێیەمی ناوەندییە . منداڵی دووهەمم ئالانی کورمە ئەویش تەمەنی ١٢ ساڵە و پۆلی شەشەمی سەرەتاییە.

**پ: ئایا بۆخۆت خوێندەواریت هەیە ؟ بۆ**

و: بەمنداڵی سێ پۆلم خوێندووە بەڵام دواتر ناخۆشی ژیان و ڕێگری دایکم و باوکم هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە نەخوێنم دواتریش کە شووم بە ڕەسووڵ کرد لە ناو حیزبدا دوو پۆلی ترم خوێندووە.



**نەمر ڕەسووڵ ئیسمائیل پوور « بێتووشی»**

**پ: کاک ڕەسووڵ چۆن مرۆڤێک بوو ؟ لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی ژن و مێردایەتی دا بۆمانی باس بکە .**

و: پیاوێکی زۆر باش بوو زۆر بە دوێ بوو وە لە ماڵیشدا دڵی زۆر باش بوو هەر چەند زوو توورە دەبوو بەڵام زوو ئاشت دەبووە و هیچی لە دڵدا نەدەما هەر کارێکم بکردایە یان بۆ هەر شوێنێک چووبام دڵ پیسی لێ نەدەکردم و ڕێگرم نەبووە بەڵکوو زۆر لەکارەکانمدا هانی دەدام، هەرچەندە ژیانی هاوبەشیم لەگەڵ ڕەسووڵ بە خواستی خۆم نەبوو بەڵام هەمیشە خۆشم ویستووە. چونکە ڕێزی خۆم و منداڵەکان و کەسوکارم و هاوڕێکانی زۆر دەگرت.

**پ: لەنێو کادرو پێشمەرگە و هاوڕێکانی چەندە جێی خۆی لە نێو دڵیان دا کردبۆوە ؟**

و: لە نێو دۆست و ڕەفیقەکانیدا زۆر خۆشەویست بوو کابرایەکی زۆر بەدوێ بوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا زۆر ڕێزی لێدەگرتن هاوڕێکانی زۆریان خۆشدەوسیت چونکە پیاوێکی قسە خۆش بوو، بۆیە ئەم تایبەتمەندی وای کردبوو کە هاوڕێکانی هەمیشە بزەو پێکەنینان لە سەر لێوان بێ.

**پ: خۆشترین و ناخۆشترین بیرەوەریت لە ژیانت دا چیە ؟.**

و: ژیانی سەخت و ناخۆشم زۆر دیوە، بۆیە بیرەوەری خۆش یەکجار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئالان   خاتوو فاتمە   جیهان

کەمن بەڵام بیرەوەری ناخۆش یەکجار زۆرن. ئێستاش کەبیری لێ دەکەمەوە رقم لە ژیان دەبێتەوە بەڵام ناخۆشترین بیرەوەری ژیانی من ئەو رۆژە بوو کە لەناکاو دووکەس لە هاوڕێکانی رەسووڵ هاتن بۆ لام پێیان وتم کە رەسووڵ

نەخۆشە بەڵام من لەرزم گرت ترسێکم لێ نیشت چونکە سێ رۆژ بوو حیزب لەت ببوو لەشەڕی دووبەرەکی دەترسام یەکسەر گوتم درۆیە ئەو کوژراوە بەڵام ئەوان وتیان وانیە دواتر لەگەڵیان هاتم بۆ نەخۆشخانە کە چووم رەسووڵ نەمابوو ناخۆشترین سات و رۆژەکانی ژیانی من بوو. ئەو رۆژە پێش ئەوەی برۆم بۆ سەرکار داوای لێکردم کە بۆ ئێوارە چ خواردنێکی بۆ ئامادە دەکەم دوای ئەم وتەیە دوو کاتژمێر ژیا.

**پ: منداڵەکانت چۆن پەروەردە بوون ئایا هۆگری رێبازی باوکیانن.؟**

و: منداڵەکانم حەزیان لە ژیانی نێو حیزبە وە زۆر شانازی بە خەبات و ژیانی باوکیان دەکەن بە تایبەتی کورەکەم. ئەوان خۆیان بە منداڵی ناو حیزب دەزانن، چونکە هەردووکیان لە ناو حیزب لە دایک بوون، منیش بۆ خۆشەویستی حیزبەکەیان دریغیم نەکردوە.

**پ: چی لێ فێر بووی ؟ چەندە لە ژیانت دا قسەکانی ئەو ریگا ژیانتن؟**

و: ژن و مێرد هەمیشە شتی جوان لە یەکتر فێر دەبن یەکێک لە شتە گرینگەکان ئەوەی کە هەوڵ دەدەن خۆشەویستی زیاتر لە یەکتر فێر ببن من ئەوە لە رەسووڵ فێربووم کە دڵم ساف بێ ئەگەر تورەش بووم هەرگیز دڵم قین و نەفرەتی تێدا نەبێ بەراستی ئەوە یەکێک لە خوو رەوشتە جوانەکانی رەسووڵ بوو .

**پ: چەندە ئومیدت بە منداڵە چاو گەشەکانتە.؟**

و: منداڵەکانم تا ئێستا زۆر باش بوون و لێشیان رازیم و لە خوێندنیشدا زۆر سەرکەتوون تا ئێستا ئومیدێکی زۆرم پێیانە کە لە داهاتوودا قازانجیان بۆخۆیان و بۆ منیش و بۆکۆمەڵگەش هەبێ .

**پ: ژیان و ماڵی بێ هاوسەرەکەت چۆنە ؟**

و: ژیان و ماڵی بێ هاوسەرەکەم زۆر ناخۆش و چۆڵە هەمیشە هەست بە تەنیایی دەکەم کاتێ هاوسەرەکەم لە دەست دا وەکو ئەوە وا بوو کە لەسەر تەختی پاشایەتی بیمە خوارێ دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە بەڕاستی لە ژیاندا کەس ناتوانێ جێی هاوسەرەکەت بۆ پڕبکاتەوە و تە نانەت منداڵەکانیشت،

**پ: ئەگەر شتێکمان نەوتبێ بتەوێ بۆمان باس بکەی فەرموو .**

و: هیچ شتێکی وام نەماوە باسی بکەم تەنها دەمەوێ ئەوەندە بڵێم کە ژیانی ناو حیزب بۆ من زۆر سەخت و ناخۆشە لەدووری خانەوادەکەم هەرچەند کە بە قسەی باوکم و براکەم کردبا یەکەم ساڵ کە هاوسەری خۆشەویستم لە دەست دا لەنێو ریزەکانی حیزبدا نەدەمام و دەچوومەوە بۆ ناو خێزانەکەم و خانەوادەکەم ئامادەبوون زۆر لەمن باشتر منداڵەکانم بۆ بەخێو بکەن، بەڵام دواتر بینیم کە منداڵەکانم ژیانی نێو حیزبیان پێ خۆشترە لە تەنیشت هاوڕێکانی باوکیان منیش ئەو ژیانەم هەڵبژارد بە ئومێدی خوای گەورە رێبازی رەسووڵ دەگرم و هەرگیز حیزب و خەباتی ئەو بە جێ ناهێڵم .

لە کۆتایدا زۆر سوپاستان دەکەم کە منتان وەکو ژنە شەهیدێک بەسەرکردەوە .


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئن ئەستێرە

# یادێک لە کچە شۆڕشگێڕی کورد «لەیلا قاسم»

ئا: دایکی یەسنا

کچە تێکۆشەری کوردستان، لەیلا قاسم، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بانمیلی سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورد لەدایکبووە. قاسم حەسەنی، باوکی لەیلا، کرێکاری کۆمپانیای پاڵاوگەی نەوتی ئەلوەن بوو. دوای ئەوەی ناوبراو خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٧١ لە خانەقینەوە ماڵیان گواستوتەوە بۆ بەغدا. هەموو خوشک و براکانی لەیلا (سەبیحە، سەلام، سەفا، سەلاح) خەریکی خوێندن بوون و لە قوتابییە زیرەکەکانی ئەو سەردەمەی کورد بوون. سەرباری خوێندن هەریەکەیان لەگەڵ خوێندنەکەیان بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەیان کاریان کردووە. بنەماڵەی لەیلا قاسم لەگەڵ ئەوەی لەنێو ڕەوشێکی هەژاریدا دەژیان، بەڵام زۆر بەختەوەربوون.

لەیلا قاسم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەم شارە تەواوکردووە. لەیلا لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە. لەیلا کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە هەژاری و نەداری چەشتبوو، لەلایەکیش زوڵم و زۆرداری ڕژێمی داگیرکەری عێراق لەسەر گەلی کورد، بیری ئازادیخوازانە و خەبات و تێکۆشانی لەلای لەیلا قاسم دروستکردبوو.

لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی جەواد هەمەوەندی کە بەیەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد، ئەگەرچی لەیلا خوێندکاری زانکۆ و جەوادیش کرێکاری یەکێک لە کارگەکانی بەغدا بوو، بەڵام خۆشەویستییەکی بێسنووریان لەنێواندا هەبوو. لەیلا هەر بەرێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئامانجی لەیلا قاسم لەمەدا زیاتر ناسینی ڕەوشی سیاسی کورد و بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەبردنی خەباتی ڕێکخستن بوو لەنێو شارەکاندا.



لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە قۆناخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوو، لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانیان سەرباری نکۆڵیکردنی ڕژێمی داگیرکەری بەعس لە هەبوونی گەلی کورد، ئەوان سووربوون لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەیان. هەروەها لەیلا و جەواد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامدابوو و لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ و پاشانیش بەهۆی گیرانی لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانی تریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستنووسی لێکۆڵینەوەکەشیان لەلایەن سیخوڕەکانی حکومەتی عیراقەوە لەناوبرا.

له ئاداری ١٩٧٤دا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشکردنەوەی ڕێژیمی عێراق بۆسەر ناوچەکانی کوردستان، ڕێژیمی داگیرکەر دەستیکرد بە دوورکردنەوەی هەزاران کورد و بۆردومانکردنی هەردوو شاری قەلادزێ و هەڵەبجە و ڕاوەدوونان و گرتنی ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئازادیخوازانی کورد. هەر لەو کاتەدا هەزاران کەسیش لە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان ڕوویان لە شاخەکان کرد و چەکی پێشمەرگەیاتییان هەڵگرت. لەو کاتەدا لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی و نەریمان فوئاد و هەندێک لە هاوڕێکانی تریان پێیانوابوو خەباتکردن تەنیا لە شاخ بەس نیە، بەڵکوو خەبات و تێکۆشان لە شارەکاندا و لەنێو جەرگەی دوژمندا پێویستیەکی زۆر گرنگی ئەو قۆناخەیە، بۆیە ڕوویان نەکردە شاخەکان و لە بەغدای پایتەختی عێراق بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان مانەوە.

لەگەڵ بەرفراوانبوونی شەڕەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق بەردەوام و زۆر بەتوندی چاودێری یەک بە یەکی تاکەکانی کوردییان دەکرد. بۆیە ئەوەندەی نەبرد لە ڕۆژی ١٩٧٤،٠٤،٢٨دا لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، نەریمان فوئاد مەستی، حەسەن حەمەڕەشید و ئازاد سلێمان میران) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕێژیم لە بەغدا دەستگیرکران. ڕۆژنامەی الپورەی زمانحاڵی ڕێژیمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی نێوخۆیی عێراق، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی وەک تێکدەر و گێرەشێوێن و تیرۆریست بەناوبرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکیشیان بچووکترین بەڵگەیان لەسەر ئاشکرا نەبوو.

ڕێژیمی بەعسی عیراق بە مەبەستی چاوترساندنی لاوان و قوتابیان و چینی ڕۆشنبیری کورد یەکسەر دوای دەستگیرکردنیان دادگایەکی نادادوەرانەی دژ بە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بەڕێوەبرد و بڕیاری لە سێدارەدانیانی بۆ دەرکرد.

ڕێژیمی عێراق لە زیندووبوونی ئەو پێنج لاوە کوردە زۆر دەترسا، بۆیە هێشتا دوو هەفتە بەسەر دەستگیرکردنیان تێنەپەڕیبوو، کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٢ لەیلا قاسم و هەر چوار هاوڕێکەی لە سێدارەدران.



سەلام قاسمی، برای لەیلا قاسم، بە ماوەیەک دوای لەسێدارەدانی لەیلا هەر لە بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە شەهیدکرا. تاوانی سەلام قاسم تەنیا ئەوە بووە کە وێنەی لەیلای خوشکی ناردبوو بۆ دەستی قوتابیانی کورد و ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. دایک و باوکی لەیلا قاسمیش بەهۆی لەدەستدانی دوو ڕۆڵەیان، هەر زوو بە کۆست و خەمێکی گەورەوە سەریان نایەوە.

هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بە سەرتاپای کوردستاندا بڵاوبۆوە. هەروەها هەندێک لە چاپەمەنییەکانی ئەوساکەی جیهان هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسمیان وەک لەسێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژووی سیاسی عێراقدا بڵاوکردەوە. بێگومان لەسێدارەدانی کچە کوردێک بەدەستی ڕێژیمی داگیرکەری عێراق کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر لاوانی ئەو سەردەمەی کورد، کە ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بە هەزاران لاوی کورد پەیوەست بن بە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەیان و ڕوو لە چیاکان بکەن.

لەیلایەک لە سێدارە درا، بەڵام هەزاران لەیلا لەدایکبوون. دوای لەیلا قاسم لە سەرتاپای کوردستان هەزاران منداڵی کورد بە ناوی لەیلاوە ناونران. لەیلا قاسم بوو بە چیرۆک و داستان و هەڵبەستی شاعیرانی گەورەی کوردی وەک جگەرخوێن و زۆری تر

سه رچاوه ماڵپەڕی گوڵچین





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org













کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامەی ژنێکی ئێرانی بۆ پیاوانی نیشتمانەکەی

سیمین بێهبەهانی
وەرگێڕان لە فارسییەوە خاڵی کانی

بە پێیان لە تەنیشتت تێپەڕیم و تۆ گوتت: خانمە جوانەکە پێم بڵێ بە چەندی؟

بە سواری ماشێن لە تەنیشتت تێپەڕیم و تۆ گوتت، ماشێن لێخوڕین بۆ تۆ نەهاتوە، بچۆ خۆت بە ماشێنی جلشۆرییەوە سەرقاڵ بکە.

لە سەفی نانەواخانەدا نۆبەبڕیت کرد و وەپێشم کەوتی، چونکی دەنگت بەرزتر بوو.

لە سەفی دووکان نۆبەبڕیت کرد و وەپێشم کەوتی، چونکی بەژن و بالآت بەرزتر بوو.

لە ژێر لێزمەی باران چاوە ڕێی تاکسی بووم، پاڵت پێوە نام و بۆ خۆت چووی سوار بووی.

لە ئۆتوبوسدا خۆت لە خەو کرد بۆ وەی مەجبوور نەبی بۆ جێی خۆتم فەرموو بکەی.

لە تاکسیدا خۆت لە خەو کرد بۆ وەی لە سەری هەموو پێچ و سووڕانەوەیەکدا خۆت باویتە سەرم.

لە سینەما نیکی کەریمی کاتی منداڵبوونی دەیزیقاند و، ئەتۆش لە پشت سەری من گوتت: « ئەی ی ی قۆزەلقۆرت... ژەهری مار».

لە سەر شەقام لە گەڵ چەند پیاوی دی بە شەر هاتی، بەڵام هەموو جنێو و قسە ناخۆشەکانت جنێوی دایک و خوشکی بوو.

لە پارک و سەیرانگا لە بەر تۆ قەت نەبوو بتوانم لاقم ڕاکێشم و بە دڵی خۆم وەحەسێم.

لە بەر تۆ قەت ڕێیان نەدام بێمە یاریگە، ئەویش لە بەر جنێو و قسە سووک و چرووکەکانی تۆ.

ئەمن دەبێ خۆم داپۆشم تا تۆ پیاوێکی خاوەن دین و ئیماندار بنوێنی.

ئەمن دەبێ بە گوێم دا بخوێنن تا تۆ ڕێنوێنی کرا بی.

تۆ ژنت نەهێنا و پێت گوتم کە ژنهێنان کەرێتی و گەمژەییە.

من شووم نەکرد کەچی پێت گوتم ئەوە ترشاوی بۆیە....

کە تۆ عاشق بووی ئەمن دەبوو پاوانی تۆ بم.

کە من عاشق بووم، دەبوو دایک و خوشکت منیان بە دڵ بوایە.

ئەمن دەبێ جلەکانت بشۆم و لە ئۆتوویان دەم تا خەڵکی پێت بڵێن کاکی خۆش تیپ.

ئەمن دەبێ نان و چێشت لێ نێم و بە منداڵەکان را بگەم و تۆ لە لای خەڵکی کاکی دوکتور و ئاغای مەهەندیسی.

ئەو کاتەی گوتم کۆنەی منداڵەکە بگۆڕە تۆ گوتت منداڵ ئی دایکیەتی.

ئەو کاتەی دەتویست تەڵاقم بدەی گوتت منداڵ ئی باوکیەتی.

نا ئیدی بەسە. ئەمن ئیدی دەزانم مافەکانم چین و بۆ ئەستاندنی مافی وەک یەکم لە گەڵ تۆ قورس و قایم لە سەر پێ و لە سەر هەستم.

ئەمن ئیدی لە هیچ مافێکم لە بەر تۆ خۆش نابم، چونکی خۆم ناسیوە و دەزانم کێم.

ئەمن لە گەڵ تۆ مافی وەک یەکم هەیە ئەی پیاوەکە.

ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە لە ئەتوبووس ئەتۆ هەستی بۆ ئەوەی من دانیشم.

ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە کە تۆ بەخێوم کەی و منەتبارم کەی.

ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە کە سێبەری بەرگریی تۆم بە سەرەوە بێ.

بۆ خۆم ئەوەندە هەم کە بتوانم خۆم بژێنم و بەرگری کە خۆم بکەم.

بەڵێ پێم خۆشە لە لام بی، بەڵام بە بێ تۆش دەتوانم بژیم و خۆم بم.

بەڵێ پێم خۆشە لە لای یەکتر تامی بەختەوری بچێژین، بەڵام پێت وا نەبێ بێ تۆ بەختەوریم لێ دەتوری!

ئەمن ئیدی خەریکە هەستی باوەربەخۆبوونی دۆڕاو و ونبووم لە خۆمدا دەژێنمەوە.

پێم بڵێ ترشاو، پێم بڵێ قەیرە، پێم بڵێ کەس تێ نەڕیاو، چی قسەی سووک و ناخۆشە بیڵێ، بەڵام ئەوەندە بزانە تەنیا ئەو کاتە شانازیی هاودەمی و نووستن لە گەڵ ئەمنت پێ دەبڕێ کە بایی ئەوەندە فام و تێگەیشتن لە تۆدا شک ببەم.

ئیدی چوو و نەما ئەو کاتەی پوور و میمکەکانم چاوەڕوانی پیاوێک دەمانەوە بەشکم بیانخوازن، دەنا دەترشان و دەبوونە هۆی سەرشۆڕیی بنەماڵە و لە ماڵە باوکیان دەمانەوە.....

ئەورۆ ئیدی ئەتۆ بۆ هاودەمی و هاوهەنگاوی لە گەڵ من دەبێ لێوەشاوەیی و بایەخی ئەو شانازییەت هەبێ و، نەما ئەو کاتەی بتوانی داگیر و پاوانم کەی و تا هەتایە دیل و کۆیلەی بەرێزت بم....

مافەکانم لە تۆ دەستێنمەوە، منداڵەکانت پێ نادەم، لە هیچ حەقێکی خۆم خۆش نابم و خۆم نە بە نرخی هەزار سکەی زێڕ و نە بە بەرگێک قورئان کە سەهلە، بە هیچ نرخێک خۆم نافرۆشم بە تۆ.

ئەو ڕۆژە دێ و لە ئێستاوەش هاتوە تێ بگەی کە ئەو کاتە لە گەڵتم، ئەو کاتە لە ئامێز و لە پەناتم کە شیاوی ئەوەبی.

ئەو ڕۆژە دێ و لە ئێستاوەش هاتوە تێ بگەی کە لە گەڵ بوونی من بە مانای داگیر کردن و کۆیلە کردنم نیە. دڵنیا بە هەر کات وەک باوکەکانت لە گەڵ من جووڵایەوە، دەسبەجێ ئەمنت لە کیس خۆت داوە.

بەڵێ ئەی پیاوەکە، لەوانەیە من دۆست و هاودەم و گراو و خۆشەویستت بم، بەڵام دڵنیا بە قەت نابمە ملکی تۆ.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# ڕۆزا لۆکسامبۆرگ لەچەند دێڕێکدا

**حەمە ڕەسووڵ حەسەن پوور**

ئەو ژنە کۆڵنەدەرە لە بواری مرۆڤایەتی و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە کچی بازرگانێک بە ناوی ( ئەلیاس )ە دایکی ناوی ( لینا )یە و ساڵی ١٢٥٠ ی هەتاو (١٨٧١) زایینی لە وڵاتی لەهیستاندا لە دایکبووە. بە زۆری زۆرداری و بە بێ ڕەزامەندی خۆیان، بنەماڵەکەیان گوێزراوەتەوە بۆ شاری وەرشۆ.

ڕۆزا لەوێ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی تەواو کرد و بە نهێنی کەوتە بواری تێکۆشانی سیاسییەوە و هەر بەم هۆیەوە بووکە بە نهێنی چووە وڵاتی سویس و لەوێ توانی لەپەیمانگای پیشەیی و پاشان خوێندنی دوکتۆرای لەیەکێک لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە لەبارەی مێژووی پێشکەوتنی پیشەسازی وڵاتی خۆی وەدەست بێنی.

ڕۆزا لوکسامبۆرگ لەچەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسدا بەشداریکردوە و لە بواری ڕۆژنامەگەری دا چالاکی نواند و بە نهێنی لە ئاڵمان و سویس و فەرانسە دا ئەرکە سیاسییەکانی بە جێ دەگەیاند و بەم هۆیەوەچەند جار گیراو و بە بەرلین و دۆسۆلدۆرف بە نهێنی ئەو ماڵ و ماڵی کردوە.

سەرەتایی ساڵی ١٢٩٨ ی هەتاوی (١٩١٩) زایینی لەگەڵ هاورێیەکیدا بە هۆی سیخوڕەکانی میری لە ئاڵمان و گیرا و تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەروونی و جەستەیی کرا و سەرەنجام لە کاتی ئاڵوگۆڕپێ کردنی زیندانەکەی لە نێو ڕێگادا بە هۆی سیخوڕەکانەوە کۆتایی بەژیانی هێنرا و تەرمەکەی بۆ نێو زێرابێک فڕێ دەدرێ و دوای ١٥ ڕۆژ لە کوژرانەکەی تەرمەکەی دۆزرایەوە و لە شاری بەرلین بەخاک سپێردرا.

ئێستا هەموو ساڵێ لە ساڵرۆژی یادکردنەوەی دا هەزاران کەس بەرێ پێوان دەچنە سەر گڵکۆکەی و چەپکەگوڵی وەفاداری و خۆشەویستی لەسەر گلکۆپیرۆزەکەی دادەنرێ و زۆر کەسایەتی ناو بەدەرەوە لەم یادکردنەوە دا بەشداری دەکەن و ڕێز لە تێکۆشان و ماندووبوونەکەی دەگرن. یادی ئەو ژنە هەرگیز نەمرە بەرز و پیرۆز بێ.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سێهەمین ژن لە مێژوودا

پەردیس سابتی

ئا: سەید جەلال ساڵحی

ئەم گۆ زەوییەی بە هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە کە تێیدا دەژین زۆر کەسی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردوە کە نەک بۆ خۆیان و بنەماڵە و کەس و کاریان جێگای شانازین، بەڵکوو جیهان بە گشتی شانازییان پێوە دەکاو خۆی بە قەرزدار دەزانێ. بۆیە دەڵێم هەموو جیهان، چونکە ئەو جۆرە کەسانە کاریگەری¬یان لە سەر هەموو جیهان داناوەو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ واتە نەوە دوای نەوە بە گشتی لە بەهرەو تواناکانیان کەڵک وەردەگرن. دیارە ڕەنگە ئەو جۆرە کەسانە بەناو سەر بە ڕەگەزێکی تایبەتی کۆمەڵگا بن، بەڵام لە بنەڕەت دا ملکی هەموو کۆمەڵگان و کەم تا زۆر کۆمەڵگا بە گشتی کەڵک لە بەهرەکانیان وەردەگرێ.

ئێستا با بزانین ئەم خاتوونە کێیە و خەڵکی چ شوێنێکە؟

ئەم خاتوونە سەرکەوتووەی سەدەی بیست و یەک، ئەم بیرمەندە ئێرانی – ئەمریکاییە مامۆستای زانکۆی هاروارده.

پردیس سابتی لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە شاری تاران لە دایک بووەو دواتر بنەماڵەکەی لە فلۆریدای ئەمریکا دەگیرسێنەوەو ئێستا دانیشتووی ماساچووسێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

خاتوو پردیس سێهەمین ژنە لە مێژوودا کە بە نێونجی (معدل) نومراتی ١٠٠(موعەدلی ٢٠ ) زانستنامەی کاملSumma Cum) Laude) لە قوتابخانەی پزیشکی زانکۆی هاروارەدی ئەمریکا خوێندنی تەواو کردوە. ناوبراو وەک یەکێک لە ناسراوترین لێکۆڵەرەوانی ئەمریکا لە بواری تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی «ژنۆمی مەلاریا»، لە دامەزراوەی «بیل» و «ملیندا گیتس»دا زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار بوودجەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی تەرخان کراوە.

ئەم خاتوونە بە دوای تێگەیشتنێکی ڕوون و ئاشکرای چۆنیەتی کاملبوونی تێکڕای ژمارەی ئەو بۆهێڵانەی لە خانەیەکی پێکهێنەری (ژنۆم) مرۆیی دان، دایە و لە گەڵ گرووپە هاوکارەکەی لە ڕەوتی ئەو توێژینەوانەی کە ئاکامەکەی لە بلاوکراوەی «نیچر»دا بڵاو کراوە بۆ وێنە گۆڕانکارییەکی لە «DNA»ی خەڵکی ئەفریقای ڕۆژئاوا شناسایی کرد کە وێ دەچێ پێوەندی بە تووشبووان بە یاوی لاسا(Lassa fever)وە هەبێ.

هەروەها گۆڕانکارییەکی لە دوو بۆهێڵی(Gene) حەشیمەتی ئاسیاییەکان شناسایی کردوە کە لە فۆرم گیری وردیلە ڕژێنەکان و ڕژێنە بەرهەم هێنەرەکانی ئارەقەی جەستەدا ڕۆڵ دەبینن. لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ کامڵ بوونی مرۆیی لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا لە بڵاوکراوەی بڕواپێکراوی زانستی و لێکۆڵینەوەیی جیهان وەک «نیچر» و «ساینس»دا بڵاوبۆتەوە. دوکتور سابتی تاکوو ئێستا زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی زانستی و لێکۆڵینەوەی نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها ئەندامی هەیئەتی چاوەدێرانی پسپۆڕ لە جڤاتی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆڕی ئابووریی جیهانی دا بوو. لەخۆڕا نیە کاناڵی هەواڵدەری «CNN» لە ساڵی ٢٠٠٧دا وەک «یەکێک لەو ٨ بلیمەتانەی کە جیهانی ئێمە بەرەو گۆڕانکاری دەبەن» ناساندووەو لە لایەن گرووپی نێونەتەوەیی ( Creators Synectics )ەوە وەک یەکێک لە ١٠٠ کەسایەتی بلیمەتی جیهان ناسێندراوەو هەروەها ئەم گرووپە نێونەتەوەییە خاتوو سابتی لە لێکۆڵەرەوە هەڵکەوتەکانی زانکۆ بەناوبانگەکانی وەک «هاروارد»، ئاکسفۆرد» و «ئێم ئای تی» وەک کەسایەتی ٤٩ ناساندوە یانی چل و نۆهەمین لێکۆڵەرەوەی ئەو زانکۆ بەناوبانگانەیە.

خاتوو سابتی جیا لە بواری زانستییەکەی لە بواری هونەریش دا چالاکی هەیە ئەو سترانبێژی گرووپێکی «ئەڵترناتیڤی ڕاک» بە ناوی «هەزار ڕۆژ»(Thousand days)ە کە تا ئێستا سێ ئەڵبۆمی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە. لەو نێوەدا گۆرانی «Headlight waves»ی یەکێک لەو گۆرانیانەیەتی کە لە ئەمریکا لایەنگری زۆرە.

هەروەکوو دەبینین هەنووکە شەپۆلێکی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بۆ وێنە وڵاتەکانی میسر، لیبی، یەمەن و بەحرەین و ئێران و .. هتدی گرتۆتەوەو داوای گۆڕینی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری وڵاتەکانیان دەکەن، بەو هیوایەی کە ڕۆژێک ببینین وڵاتەکەمان، ئێران لە چنگ ئاخوندە مێشک ویشک و سەدە ناوەڕاستییەکان ڕزگاری بێ و چی دیکە مێشکەکان وڵاتەکەیان جێ نەهێڵن و قازانج و سوودەکانیان بەر لە هەموو کەس بۆ خەڵک و هاووڵاتییەکانیان بێ. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە خاتوو سابتی و ئاغا سابتییەکان لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک دا تواناکانیان وەگەڕ بخەن و جیهان بڕوانێتە ئێران نەک پێچەوانەکەی کە ئێستا دەی بینین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکی پیدیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شاژنی کورد

بۆ بسووتێ جەستەکەم بۆ، من مرۆڤم هۆ مرۆڤ
بۆچی ئێمە مافی ژین و من ژیانی وەک مرۆڤ
بۆچی دەڕنن بسکی ئاڵم، من کە هێمای ناسکیم
بۆ بەدەر بم لەم ژیانە، گەر بەشەر نیم بێژە چیم
جەستەکەم گشت کانی سۆزە و، باوەشی من گەرم و گوڕ
پێ مەخە لە کانی روونە و من مەخە ئامێزی گۆڕ
من لە خاکی مەرگ و مردن، ڕەمزی ژیانم، رەنگی ژین
من هەوێنی زاو زێم و عاشقی عەشق و ئەوین
گۆڕی سەد ژانی وڵاتم، بوومە گۆڕی پڕ لە خەم
خۆری سەر لووتکەی بەیانیم، پێشی گرتووم رەنگی تەم
چاوی روونی ئاوی ژینم، خۆم تینووی ئەڕۆم
وەک گوڵی ئامێزی هاوین، وشک و سیس و رەنجەڕۆم
نێرە بایە دێت و دەمبا، بۆ ژوانی هەڵوەرین
دەموەرێنێ گێژی تۆفان، وەک ئەوانەی کە وەرین
من ژنی تاڵی خواردووی، چەرخی تفتی چەپگەڕم
نیمە رێگا جیا لە شیوەنم گەرمە مەرامم دەربڕم
من کچی دیلی نەریتی، ئەو گەلەم کە لێم نیە
گەر نەبی سەربەستی من خۆ،چاو و دەست و پێم نیە
من هەتاوی پشتی هەوری، پیس و بۆر و چڵکنم
گەە لە ئاگرخانەدام و، گەە لە باغ و گوڵ چنم
نا گوڵی سەرتۆپی هیوا، نا بۆ کزی و ماتی تۆ
خۆ بەکەم زانیت لە بۆچی، خۆ لوتکەی ئاواتی تۆ
هەستە کیژی پەنجە سووری، قژ رەشی لێو ئەستێرە
هەستە بە سواری شەپۆلان، تۆزی جوانی دابەشین
ئەم وڵاتە بێ کچ و ژن، نێرستانێکی رەشە
تام و بۆنی ئەم ژیانەی، هەستە بۆنت دابەشە
هەستە وەک شا کیژی قەندیل، پێ بنێ سەرچاوی من
سەرکەوە باڵداری کوێستان، تا دەگەیتە ناوی من
چۆن نەبم قوربانی بسکی، شەختە گرتووی نێو رنوو
ئەو کچەی تا دوێنێ دیل بوو، ئەمڕۆ هیوای میللەتە
شەڕ ئەکا چەکداری ئازا، دژ بە زنجیر و پەتە
رەنگە کیژی زۆر وڵاتان، سەر لە مافی دەرنەکا
لێرە خوشکم لە خەباتە و داوای مافی گەل دەکا
شۆڕشفانە کیژی کوردی، نابەزێ بە پیاوی کەس
من بە قوربان کیژی سەنگەر، لێرە کیژی پیاوم هەس
چۆن نەبم قوربانی دایکێ، چەک ئەداتە دەستی دڵ
جەرگی سووتاو و بە ئازار، گڕ ئەدا بە تینی کڵ
ماچ دەکەم ئەسرینت دایە، دایکی کوردی دڵ بە ژان
تۆ کە رەمزی بەرخۆدانی، روو بە تیری خوێنمژان
سەنگەری رۆڵەی تۆ دایە، ئاوەدانە، ئاوەدان
فێری کردین رۆڵەی تۆ، سەرفیرازی و کۆڵنەدان
مەگری دایە، مەگری دایە، رۆڵەکەت هەر دێتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێتەوە و ئامێزی خۆت و، هەمدیسان
دەڕوێتەوە
تۆش بە شیری پاکی مەمکت، بیکەوە
رۆڵەی ولات
بیکەئاگر، بیکە خەنجەر، بیکەرێبواری
خەبات
خەم مەخۆن دایکانی خاکم، بەربەیانی
شۆڕشە
خۆری ئازادی نزیکەو، راوی شەوگاری
رەشە
مەڕنە پرچت، مەدڕە سینگت، بەس بکە
شین و گری
سەنگەرم پڕ کە لە ئالا، تا بلێم پێت
ئافەرین
هانی رۆڵەی کورد دە دایە، راپەری بۆ
مافی خۆی
کاری تۆیە شینی شۆڕش، تۆ بلێسەی
پڕشکۆی
دایە رەنگە پێت بلێن کە، تۆ نیوەی هی
وەک منی
من دەڵێم تۆ سەد هەزاری، سەدهەزار
هێندەی منی
ناتسووتێنم پیرە دایە، دەتکەمە تاجی
سەرم
دەتکمە تیشکی ژیان و، پشتیوانی
سەنگەرم
ئەتپەرەستم دوای خوا و خاک، سوجدە
بۆ زاتت دەبەم
سوجدە بۆ فرمێسک و خوێن و خۆری
رووی ماتت ئەبەم
هێندە مەزن شاژنی کورد، بۆیە گەر بم
کوژن
مە دەڵێم چوون دایک ژنە من دەبم بە
غوولامی ژن

هۆنراوەی ئاسۆ خەبات

هاوینی ١٣٨٤
تێبینی: ئەم شێعرە بۆ یادی دایکێک نووسراوە کە لە داخی جگەر گۆشەکەی خۆی لە ئێران خۆی سووتاند و گیانی لە دەستدا.

# ژنێ تفی لە نەریت کردوە



سیمین چایچی

... دەرکەکان داخەن و
داوێنی ئەوانەی کە هێشتا پاکن
بەحەفت ئاو بشۆرنەوە
مەگەر نازانن
ژنێ تفی لە یاسا کردووە و
::: بێ شەرمانە باسی عێشق
ئەکا ... لامەزهەبە
بزە یەکی لە سەر لێوە
... چمانێ کرووڕێ جنێو
هۆ... هۆ... لەش سێنەکان
وەرن شەقی تێ هەڵدە ن و
... بە دەنگی بەرز نە فرینی کەن
بەرز ... بەرز ... بەرز
با نێرە تیتان بە گوێ کەس نەگا
وەرن ئاژاوەیە
نەجمنەوە ژن و کچتان دەرناچێ
یەک بە یەک ، عاشق ئەبن
ئینجا پێکە کانتان
بە لەزەتی
زیندوو چاڵ کردنی
کام ژن ئەنۆشن ؟
گڕی پووچکەی ؟ پیاوە تیان
چۆن با ئەدەن ؟
وەرن بە سەر مالاندا بگەرێن
نامیلکەکانی بسووتێنن
:: با کەس بە ئەو مانیفستە ڕا نەیت
مەترسن ؟ دەرکەکان داخەن
ورتە ورت ... لە تەنیا ییدا
: بێ سانسۆر قسەی دڵتان بکەن
مانەوەمان
لە سێقەسەری ژنێکەوە
... و کە تف لە نەریت ئەکا

جەسوورانە باسی عێشق


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org







# هەواڵ و چالاکییەکانی
# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و

## یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان،

# بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!
ژنان و لاوانی تێکۆشەر!
بەشدارانی بەرێزی رێورەسمی ٢ی رێبەندان!

لە لایەن کۆمیتەی بەرێوەبەریی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ٦٥مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بناخەدانەری کۆماری کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیان سیاسی خۆراگر و بنەماڵەکانیان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەڵێن و هیوادارین کە رۆڵەکانی گەلی کورد بە حەق درێژە پێدەری رێگە و رێبازی کۆماری کوردستان و رێبەرە مەزنەکەی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر بن.

بەرێزان:

دامەزرانی کۆماری کوردستان لەوەها قۆناغێکی مێژوویی گەلی کورددا و دانانی رێکخراوی سینفی بۆ دوو وتوێژی سەرەکی کۆمەڵگا کە ژنان و لاوانی کورد بوون، خاڵێکی هەرە موسبەتی ئەم کۆمارە ساوایە بوو کە لەو سەردەمەدا بە پێی ئەو ئەقڵیەتە دواکەوتوویەی کە ئەو کات کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی تێیدا دەژیا. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە سەرووشیانەوە پێشەوا قازی محەمەد بە هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر ئەم دوو توێژە لە کۆمەڵگای کوردی ئەوی بۆ ئەو ئاوڕدانەوە مێژوویە و زەرووره پێشکەوتنخوازیی نەتەوەی کوردیان سەلماند کە ئەگەر رێژیمە زاڵ بە سەر هەر پارچەیەک لە کوردستاندا بە داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان داب و نەریت و فەرهەنگی دەشکێنێ و ئاشتیخوازیی و پێشکەوتنخوازیی

خۆی دەسەلمێنێ. کۆمارێک کە بە ١١ مانگ تەمەنەوە توانی وەک حکومەتێکی میللی دێموکراتیک بەرنامەرێژی بۆ وڵات بکا و بۆ هەموو چین و توێژەکان بوار بخوڵقێنێ.

هەر بۆیە لاوان و ژنانی وڵاتەکەمان دوای تێپەڕینی ٦٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا و لە ژێر توندترین زەبر و زەنگ و سەرکوتی رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییش دا لە دیفاع کردن لە مافی رەوای خۆیان نەوەستاون و ئەگەر بە تێچووی گرانترین هەزینەی ژیان کە گیانیانە تەواو بێ لەو پێناوەدا بەختی دەکەن. دەبینین کە هەر ئێستا سیاچاڵەکانی رێژیم پڕن لە کچان و کوڕانی خەباتکاری سیاسی و مەدەنی کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی ئەو رێژیمە دژی مرۆڤە بەندکراون و رووبەرووی توندترین ئەشکەنجە دەبنەوە تەنانەت لە دادگاییەکی فەرمایشی دا قورسترین حوکم کە ئیعدامە بەسەریاندا دەسەپێ و لەسەریان جێبەجێ دەکرێ.

ئەوانە و هەموو ئەو خەباتکارانەی کە دەستیان لە ژیان و خۆشەویستیان هەڵ گرتووە و بۆ مان و مەوجوودیەتی نەتەوەکەیان خەبات دەکەن، هەموویان رێبوارانی بە ئەمەگی رێگەی پڕ لە شانازی کۆماری کوردستانن.

ئێمە وەک دوو رێکخراوی سینفی کە بە دەستی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دامەزراوین بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی خۆمان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەردەبڕین و وەک هەمیشە یار و پشتیوانی ئەم حیزبە ئاشتیخواز و دێموکراتە دەبین و لە وەدیهێنانی ئامانجە رەواکەی کە پێکهێنانی کۆماری کوردستانە لە چوار چێوەی حکومەتێکی فیدراڵی لە ئێراندا.

بەرز و پیرۆز بێ یادی ٢ی رێبەندان (٦٥)ەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستان سڵاو لە قازی محەمەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢ی رێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**٢٢ی ژانویەی ٢٠١١ی زایینی**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٨ ی مارس

# ڕۆژی جیهانی ژن لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدک

لە یەکێک لە بنکەکانی سەربە دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕێورەسمێکی تایبەت بە ٨ مارس ڕۆژی جیهانیی ژن لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێورەسمە کەبەبەشداری ژومارەیەکی زۆری ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات و میوانێکی بەرچاو تێیدا بەڕێوەچوو،سەعاتی دوو و نیو بە سروودی ٨مارس دەستی پێکرد.

لەسەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کورستان چەند وتەیەکی بەبۆنەی ئەم ڕۆژە مێژوویەی ژنانەوە پێشکەش کرد

دوابەدوای وتەکانی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، سۆهیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان پەیامی ئەم یەکیەتییەی بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە پێشکەش کرد، لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا شاعێری لاو ئاسۆ خەبات شێعرێکی لەسەر فیداکاری ژنان بەتایبەت ژنانی ئازادیخواز پێشکەش کرد.

لە ناوئاخنی بەرنامەکاندا کۆمەڵێک دامەزراوەو ڕێکخراوی مەدەنی کە پەیامی خۆیان پیشکەش بەم ڕێورەسمەکە کردبوو خوێندرایەوە، ئەو ڕێکخراوانەی پەیامیان ناردبوو بریتین لە، کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کۆیە، فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە، ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەنتەری گەنجانی کۆیە، یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان ناوەندی کۆیە، ژنانی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە.

شایانی باسە کە ناوئاخنی ڕێورەسمی ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژن کۆمەڵێک کاری هونەری کیژانی لاوو بەستی نێو ریزەکانی حیزب و بەهاوکاری کۆری هونەری حیزب بوو کە سەرنجی ئامادەبوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان



هاونیشتیمانە بەڕێزەکان!
ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز!
بەشدارانی بەڕێز!

بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئەندامانیەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ژنانی جیهان بەگشتی، ئێران و کوردستان بەتایبەتی دەکەینو سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین لە بەرامبەر گیانی پاکی ئەو ژنانەی کە لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانیی ژنان و پیاواندا گیانیان بەخت کردوە و سەریان لەو پێناوەدا داناوە، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە بۆ بەرابەر بوونی ماف و حەقدەستیان لەگەڵ پیاوان، یەکەمین بوون لەو ژنانەی کە گیانیان بەخت کرد تا دوا ڕۆژێکی یەکسان بۆ ژنانی وڵاتەکەیان بەدی بێ. ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار ژنان دەنگی خنکێنراو لە گەروویاندا هەڵبڕی و نارەزایەتی خۆیان بەرزکردەوە و شەقامی نیۆیۆرکیان پڕ کرد لە هاواری چەندین ساڵەیان.

ڕاستەخۆ پێشاندانی ژنانی نیویۆرک لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا و ژمارەیەکی زۆریش لە ژنان گیران و ژمارەیەکیش کوژران، بەڵام چەندین ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩١٠ ی زایینی کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست لەسەر پێشنیاری « کلارا زتکین » ڕۆژی ٨ ی مارسی وەک ڕۆژی جیهانیی ژنان ناودێر کرد و لە زۆربەی وڵاتان ڕێورەسمی یادکردنەوە لەم ڕۆژە بەڕێوەچوو. هەرچەند لە جیهان دا بە ڕەسمی نەناسرابوو، تا ساڵی ١٩٧٧ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی ٨ ی مارس بە ڕەسمی ناسی و لەو ڕێکەوتە بەدواوە لە هەموو جیهاندا ژنان لە هەر وڵاتێک و هەر ئاینێک بن یادی ئەو ژنانە دەکەنەوە کە ئەم ڕۆژەیان بۆ ژنان پێک هێناوە.

ژنان لە زۆربەی وڵاتان بە ماف و ویستەکانی خۆیان گەیشتوون بەڵام لە هەندێک وڵات ژنان لە سەرەتایی ترین مافەکانیان بێ بەشن نموونەش وڵاتی ئێرانە کە لە ژێر سایەی حکومەتەکەی دا ژنان لەو پەڕی سەرکوت و خەفەقاندا دەژین. بەڵام ژنان لەم ساڵانەی دواییدا نیشانیان داوە کە چیدیکە دەنگیان لە گەرودا ناخنکێنن و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان خوازیاری گۆڕانکارین لە سیستمی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندان ئێمەش لە کاتێک دا لێرە کۆبووینەتەوە تا ڕێز لە فیداکاری ئەو ژنانە بگرین و ٨ ی مارس وەک هەموو ژنانی جیهان ڕێز بگرین، کە دەبینین جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی لە ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی دایە و پایەی دیکتاتۆرەکانی زاڵ بەسەر هەموو ئەو وڵاتانە دا کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن حکومەتی ترس و تۆقاندنیان هەیە لەرزۆک بووە و زۆریشیان هەرەسیان هێناوە. دەبینین کە لەو هەل و مەرجەدا جێ پەنجەی ژنان لە خەبات و بەربەرەکانی دژی دیکتاتۆرەکانی دیارە. ژنان جگە لە خەبات بۆ ڕزگاریی لە ژێر دەستی دیکتاتۆرەکان و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی، بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان ڕانەوەستاون و ئەرکیان چەند قات زۆرترە وەک تاکێک کۆمەڵگا. ئەوەتا لە دوای ڕوخانی ڕێژیمی تاڵەبان لە ئەفغانستان ژنان چۆن چالاکانە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئیداری و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دەسەڵاتیش بەشداریان کردوە، یان لە عێراقی دوای سەدام و لە ناوچوونی حیزبی بەعس ژنان وەک تاکێکی چالاکی ئەم وڵاتە قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵیوە بە کوردستانیشەوە کە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ئاستە هەرە بەرزەکانی حکومەت و پەرلمان دان.

هەروەها لەو وڵاتانەی کە بزووتنەوەکان خەریکی سەرهەڵدان و ڕووخانی دیکتاتۆرەکانە ژنان لە پێشەوەی خۆ پێشاندانەکان و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتایبەت لە ئێراندا کە لەسەر، سەرەتاییی ترین مافەکانیان کە ئازادی تاکە کەسییە و مرۆڤ بەرەورووی توندترین ئازار و ئەشکەنجە و سەرکوت دەبنەوە، بەڵام داتاشینی ئەو لەمپەرانەی وەک بەربەرەکانی لەگەل حیجاب، دەرکردن لە شوێنەگشتی یەکان و جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان و ئیزن پێ نەدان بە هەر جۆرە چالاکیەک و هێشتنەوە لە کونجی ماڵدا، ئیتر ناتوانن ئەوان لە مافەکانیان دوور بکاتەوە. ژنان ئێستا ئاستی هۆشیاریان ئەوەندە چۆتە سەرێ کە ترسیان لە دەستدانی گیانیان نیە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. وەک بە کردەوە نیشانیان داوە چەندانیان چوونە ژێر پەتی سێدارە و یان لە سەر شەقامەکان خوێنیان رژا و پێشکەشی بارەگای ئازادی کرا.

بەرێزان

لە کۆتایی دا دەڵێم کە ژنی کورد هەروەک ئاماژەم پێ دا دوو ئەرکی قورس و مێژوویی لەسەر شانە هەروەک نیشانیان داوە و دەبێ لەو دوو سەنگەرەی خەبات دا چالاک بن. هەم وەک تاکێکی کورد کە خەبات دەکا شان بە شانی پیاوانبۆ ئازادیی نەتەوەکەی لە ژێر دەستی و لەو خەباتە دا رووسووریش دەرچووە، هەم وەک ژنێک دەبێ خەبات بکا بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆیوەک ژن کە چیدیکە وەک مرۆڤی پلە ٢ چاوی لێ نەکرێ. ئەم خەباتەش بە حەق دەبێ هەنگاوی جیدی بۆ هەڵێندرێتەوە و لەو رەوتە جیهانیە بەجێ نەمێنێ کە ئازادیی ژنان و بەشداریان لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زامن و رەمزی سەرکەوتنی کۆمەڵگایە.

وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش بە پێویستی دەزانین کە خەباتی خۆمان لەگەل خەباتی ژنانی چەوساوەی جیهان و ئێران و کوردستان بە تایبەتی گرێ بدەین و پشتیوانی لە هەر بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی لە جیهان و ئێران دا دەکەن. وەک ژنانی کوردستانیش هەروەک لەوە پێش و بە کردەوە هەڵمان بۆ داوە بە پێویستی دەزانین کە کۆ دەنگیەک یان فیدراسیۆنێکی رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە هەموو هێزە سیاسیەکان پێک بێ تاکوو بە یەک دەنگ و دوور لە فکری سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وەک ژنان بەیەکەوە بۆ ئەم پرسە کە پرسێکی گرنگە خەبات بکەین، هاوودەنگ بین لە بواری مافی ژنان و پلادفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ بۆ ئێرانی داهاتوو کە ژنانیش جێگە و نەقشی کاریگەریان هەبێ لە گۆرانکاریەکاندا. ئێمە لەو هەولەی خۆمان بەردەوام دەبین و هیوادارین رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان کە کار بۆ پرسی ژنان و مافەکانیان دەکەن هاوکار و هاودەنگمان بن و بە پیر ئەو بانگەوازەی ئێمەوە بێن کە نزیک بە دوو ساڵ بەرەرووی هەموو لایەکمان کردۆتەوە.

جارێکی دیکە ٨ ی مارس پیرۆز دەکەین لە هەموو ژنانی جیهان، ئێران و کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بۆ دەستەبەر بوونی ئازادی و دێموکراسی

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٨ ی مارسی ٢٠١١ ی زایینی**
**١٧ رەشەمەی ١٣٨٩ هەتاوی**

## برووسکەی پیرۆزبایی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز

لە کۆمەڵەی کوردستانی سەوز بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

پیرۆز بێت ٨ مارس لە یەکە یەکەی ئەندامانتان لەو رۆژە پیرۆزەی جیهانی ژنان، هەر سەربەرزو سەرفیراز بن تا ئەو کاتەی لە کوردستانی رۆژهەلات یادی دەکەنەوە بە ئازادی.

د. رزگار سەلیم
لە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز
کۆیە
٢٠١١/٣/٧

---

بەناوی ژنانی مەڵبەندیی (١٤) کۆیە بە بۆنەی ٨ی مارس پیرۆزبایی لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و هەموو جیهان ئەکەین

ئەندام مەڵبەندی (١٤) کۆیە
نێرگز تۆفیق

---

## بروسکەی پیرۆزبایی سەنتەری گەنجانی کۆیەوە

بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
لە رۆژی (٨) مارس دا

پیرۆزبایی لە ئێوەی بەرزو گشت ژنانی جیهان بە گشتی دەکەین، هیواخوازین لە ساڵانی داهاتوو لە گشت پارچەکانی کوردستان بە ئازادانە ئەم یادە پیرۆزە بکەنەوە و ژنانی کوردستان بە ئاواتی خۆیان بگەن

ئەمیر ئەحمد
ل. سەنتەری گەنجان لە کۆیە
٢٠١١/٣/٧

---

## بروسکەی پیروزبایی فێدراسیۆنی رێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە

لە فیدراسۆنی رێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیەوە بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە (٨) مارس رۆژی ژنانی جیهان و کوردستان بە تایبەتی پیروز دەکەین و بەناوی (٣٠)سی رێکخراوی هەم رەنگ، ئەم روژە ئەم یادە پیرۆزە، پیرۆز دەکەین هیوادارین لە ساڵانی داهاتوو لە پارچەکانی کوردستان بە سەر بەرزانە یادی بکەینەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پشتیوانی کردنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# لە کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران

بۆپشتیوانی کردن و بەرگری لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران و بۆ لەقاودانی هەر چەشنە ماف پێشێلکردنیان لە هەر نەتەوە و ئایین و زمانێکدا بن کە لە ئێران بە دەستی سیستمی دەسەلاتی سێدارە و مەرگی کۆماری ئیسلامی قورسترین سزایان بە سەردا دەسەپێ، پشتیوانی خۆمان و دەنگی خۆمان دەخەینەپاڵ دەنگی ئەو هەزاران دەنگەی کە پشتیوانی لە کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران دەکەن و داواکارین کە ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان داکۆکی لە مافی خەڵکی ئێران بەگشتی بکەن کە چی دیکە نەکەونە سیاچاڵەکانی ڕێژیم و لاوان و ڕووناکبیران و جیابیران چی دیکە نەکەونە بەر پەلاماری هێزەکانی ئیتلاعات و سیخوڕەکانی کۆماری سێدارە. هەروەها داوا دەکەین و هیواخوازین کە هەموو زیندانیانی سیاسی _ عەقیدەتی و هەموو چالاکانی مەدەنی کە لە زیندانەکان بە بێ تاوان بەند کراون، ئازاد بکرێن.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٥ ی ڕەشەمەی ١٣٨٩ هەتاوی**
**٢٠١١/٢/٢٤ زایینی**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# بۆ پشتیوانی لە کەمپەینی نا بۆ ئیعدام

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!
حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!
کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ئەدەبییەکان!
ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان!

٣٢ ساڵ لەمەوبەر تاج و تەختی ڕێژیمی پەهلەوی، ڕێژیمێک کە ٢٥٠٠ ساڵ وەچە بە وەچەی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کوردی بەتایبەت لەژێر سیاسەتی سەرکوت و یاساغ دا ئاسیمیلە کردبوو و تواندبوویەوە، بە دەستی خەڵکی وەزاڵە هاتوو و تینووی ئازادیی گەلانی ئێران تێکەوەپێچرا. خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و بە بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی خۆیان، شایان ناچار بە هەڵاتن کرد و ڕێژیمە گەندەڵەکەیان ڕووخاند. بەڵام شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن تاقمێک ئاخوندی وشک بیرەوە بە سەرۆکایەتی ویلایەتی فەقی کە خومەینی بوو بە تالان برا و ڕکێفی ئەم شۆڕشەگەلیە کەوتە دەستی کەسانێک کە لە ڕێژیمی پاشایەتی زیاتر سیاسەتی سەرکوت و زەبر و زەنگی بە کار برد و لاوان و جیابیرانی قوت دا. خەڵکی ئێران تەنیا دیاردەیەک کە لە حکوومەتی ویلایەتی فەقیەوە وەریان گرت، گرتن و لە سێدارەدان و ماڵوێران کردن بوو. ڕۆڵەکانیان کەوتنە سیاچاڵەکانی ڕێژیم، چالاکانی مەدەنی و سیاسی و بەگشتی جیابیران کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و پاشان لە ماوەیەکی کورت دا ئیعدام کران. ٣٢ ساڵە ئەم زەبر و زەنگ و سەرکوتە بەرۆکی خەڵکی ئێران و بە تایبەت چالاکانی مەدەنی و سیاسی گرتووە و ڕۆژ نیە کە ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە لە سێدارە نەدرێن و لەبەر چاوی خەڵک بە بیانووی پڕ و پووچ و بێ مانا ئیعدام نەکرێن.

ئێمە وێڕای ئەوە کە وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی پشتیوانی خۆمان بۆ خەبات دژی ئیعدام دەردەبڕین کە ئەو خەباتە هاوکاتە لەگەڵ دەیەی فەجری ڕێژیمی ئێران کە بە دەیەی پشکووتنی ڕووناکی ناوی دەبا، ڕێژیمێک کە نەک ڕووناکی تێدا نەپشکووتوە، بەڵکوو ئێرانی لە تاریکی دا نوقم کرد دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئەو لایەنانەی کە لەم خەباتە دا بەشدارن بۆ نەهێشتنی ئیعدامی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی. داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ئەدەبییەکان و بەگشتی هەموو چین و وتوێژەکان دەکەین کە هاوکاری و پشتیوانی لە خەباتی دژ بە لە سێدارەدان لە ئێراندا بکەن و خوازیاری ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی- عەقیدەتی بن و ئەو کەسانەی ئەم حوکمەیان بەسەردا سەپاوە، حوکمەکەیان هەڵوەشێتەوە و پێش بە بەڕێوەچوونی سزا نارەواکەیان بگیردرێ.

لە کۆتایی دا هەمووومان بەیەک دەنگ هاوار بکەین
نا، بۆ ئیعدامی لاوانی ئێران
نا، بۆ ئیعدامی چالاکانی مەدەنی و سیاسی کوردستان

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٢٠١١/١/٢٩**
**١٣٨٩/١١/٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# بۆ دووهەمین کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی بەرگریی لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان!

سڵاو لە ئیرادە وخۆڕاگر یزیندانیانی سیاسی و مەدەنی کوردستان!

بەر لە هەموو شتێک سەری ڕێز و نەوازش لە بەرامبەر گیانی ئەو کەسانە دادەنوێنین کە لەم ڕۆژانە واتە ٣ی ڕەشەمە گیانیان لێ ئەستێندرا.

بە بۆنەی پێکهاتنی دووهەمین کۆڕیگشتیی ئەنجومەنی بەرگریی لە زیندانیە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین.

لە دووهەمین کۆڕی گشتی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێویستە ئاوڕێک لەو هەموو پێشێلکارییەی مافی مروڤ لە ئێراندا بدەینەوە. دەبینین کە ٣٢ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەندکردنی ڕۆڵەکانی ئێرانی بە هەموو کەمە نەتەوەکانەوە و ئیعدام و شکەنجە کردنی کچان و کوران کە تەنیا بە تاوانی جیابیری و داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی هەر تاکێک لە شکەنجەگاکانی جەلادانی ئازادی خنکێن دا بەو پەڕی بێ ڕەحمیەوە دەدرێنە بەر توندترین سزاکانی کە دوورە لەهەر عورفێکی نێونەتەوەیی.

بەرێزان

ئێمە دەبینین کە هەر لە یەک ساڵی رابردوودا و بەرزکردنەوەی دروشمی بێزاری لەدووبارە بوونەوی سەرۆک کۆماری ئەحمەدینەژادەوە و داواکردنی دەنگەکانیان کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دزرابوون چۆن لاوان کەوتنە بەندیخانەکان و تاوانی نەبیستراو و نەبیندراویان بەسەردا سەپاندن و ئازادیخوازیان گۆڕیی بۆتاوانی موحارەبە و شەڕ لەگەڵ خودا و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و هتد... کەوتنە گیانی ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە و لە دادگاییەکی سەرپێی دا و دوور لە چاوی پارێزەر و هێزێکی داکۆکی کار سزای قورسی ئیعدام و زیندانی هەتاهەتاییان بۆ دەبڕێنەوە. دەبینین کە هەر ئێستاش کە بەندیخانەکان لە هەموو دام و دەزگایەکی ڕێژیم زۆرتر و پڕ دەسکەوترە لە ئەستاندنی خوێنی لاوان، لە ساڵی داهاتوودا بڕیاری دروستکردنی زیندانی زیاتر لە ئێراندا دەردەکرێ بودجەی بۆ تەرخان دەکرێ.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ لەم کۆڕە گشتیەدا بە ئەکتیڤ کردن و کارا کردنی ئەنجومەنەکەیان زیاتر بۆکۆکردنەوەی ناوی زیندانیانی سیاسی کورد و ئاشکراکردنی ئەوان لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان و لە دەستدانی ئەو هەموو هێزە نیشتمانپەروەرە کە لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم دا چاوەڕوانی حوکمی قورسن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر بخەنە ژێر فشارەوە.

وێڕای ئەوە کە سەرکەوتن بۆ کۆڕی گشتی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوات دەخوازین، هیوادارین ئەنجومەن کارێک بکا کە ناوی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان ون نەبێ و تێکەڵ بە هەزاران لەو بەندیە سیاسیانە بن کە دونیای دەرەوە ناوەکانیان دەخەنە ڕوو و ئاشکرایان دەکەن و ڕووی دزێوی ڕێژیم زیاتر دەردەخەن.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٣ی رەشەممەی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**٢٢ی فوریەی ٢٠١١ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا

بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی ڕەشەممە، وێڕای ئامادە بوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی و بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان و هەروەها کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی هەر دوو لا، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.







لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا کە بە سروودی «ڕەمزی هەرمان» دەستی پێکرد، پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شەهلا مورتەزازادە، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتییەوە پێشکەش کرا.

لە سەرەتای پەیامەکەیدا خاتوو شەهلا وێڕای پیرۆزبایی لە بەشداران بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتییەکەیانەوە وتی: ٦٥ ساڵ لەمەوپێش، دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بە لێکدانەوەیەکی وردو ژیرانە لە کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان، هانی ژنانی پێشکەوتوو و تێکۆشەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماریان داو پشتیان گرتن بۆ ئەوەی یەکیەتییەک پێک بێنن بۆ ئەوەی ژنان بۆ خۆیان قۆڵ لە خەبات بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانیان هەڵماڵن.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی ڕێورەسمی یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا پەیامی پیرۆزبایی هەردوو ڕێکخراوی سنفیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی بەم بۆنەوە خوێندرانەوە.

ڕێزنان لەو ژنە تێکۆشەرو مافخوازانەی کە زیاتر لە ١٥ تا ٣٠ ساڵ چالاکی و تێکۆشانیان لە ریزی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا هەیە، برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەی پێک دێنا. لەم بەشەدا بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەوحی پێزانینی پێشکەش بەو ژنە تێکۆشەرو مافخوازانەی نێو ریزەکانی شۆڕش بەخشی کە زیاتر لە ١٥ تا ٣٠ ساڵ لە ریزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا خزمەتیان کردووە.

ئەم ڕێورەسمە کە بە شایی و هەڵپەرکێی جوانی کوڕان و کچانی لاوی بەشدار کۆتایی پێ هات، بە چەند برگەیەکی هونەریی کە پێکهاتبوو لە سروودو گۆرانی ڕازێندرابۆوە.

جێی وەبیر هێنانەویە کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٦٥ ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد دامەزرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٥مین ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوەکەی

**هاونیشتماننانی بەڕێز**
**ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان**
**ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

بە بۆنەی ٦٥مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە، جوانترین پیرۆزبایی بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی دەڵێن.

٦٥ ساڵ پێش ئێستا دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، بە لێکدانەوەیەکی ورد و ژیرانە لە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان کە حەشیمەتەکەی بە گشتی ژنان بە تایبەتی بە دەست نەخوێندەوای و هەژاری کلتوری و ئابوورییەوە دەیانناڵاند، بە مەبەستی هۆشیار کردنەوە و بردنە سەری پلەی تێگەیشتوویی ژنان و ڕێکخستنی ریزەکانیان هانی ژنانی پێشکەوتوو و تێکۆشەری ناوچەی ژێر چاوەدێری کۆماری کوردستاننیان دا و پشتیان گرتن بۆ ئەوەی یەکیەتیەک پێک بێن و لە پێش هەموو کەسێک دا خۆیان قۆڵی خەبات بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانیان هەڵماڵن. ئەگەر پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجوومەن و ڕێکخراو و سەندیکا لە سەردەمی ئێستا دا کارێکی ئاساییە، ٦٥ ساڵ لەوە پێش پێکهێنانی ناوەدێک بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان و بە بەشداریی ژنانی ئەوکات، کارێکی مەزن و هەنگاوێکی بە نرخ بووە کە دەبێ وەک یەکێک لە دەسکەوتو پڕ بایەخەکانی سەردەمی کۆمار لێی بڕوانین، دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لەو سەردەمەدا سەلمێنەری ئەوەش بوو کە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەستیان بەوە کردبوو کە ناتوانن سەبارەت بە نیوەی ئەو کۆمەڵگایە کەمتەر خەم و بێ هەڵوێست بن هەربۆیە گرنگییەکی تایبەتیان بە پەروەردەکردنی ژنان دا.

دوای جوانە مەرگ بوونی کۆماری کوردستانیش ژنانی دێموکراتی و ئازادیخواز و ئەرک وەخۆگر ئەو ڕەچەیان کە بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی خەباتگێڕی ٦٥ ساڵ لەوە پێش شکا، درێژەیان پێدا و لەسەر ڕێبازەکەی سوور بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی شیلگیر بوون.

ژنانی خەباتکار و دێموکرات!

هەر لە کۆنەوە و تەنانەت لە سەردەمی ئێستادا لە لایەن مافزان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە چەوسانەوە و زوڵم و زۆر دەحەق بە ژنان کراوە، لەو نێوەدا هەندێکیان پەنجە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر ڕادەکێشن و هەندێکی دیکە سەرچاوەی بێ بەشی ژنان لە ماف و ئازادییەکانیان بۆ جیاوازی چینایەتی دەگەڕێننەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو لێکدانەوە و بۆچوونەکان لە ڕوانگەی زۆر سەرەتاییەوە بە لانیکەمی ئەو بۆچوونە دەگەین کە ژنان بە هەر هۆیەک زوڵمیان لێکرابێ و سەرکوت کرابن، کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگا هەبووە، ئەو کۆمەڵگایە لە بەشێک لە وزە و توانایی ژنان بێبەش بووە و کەڵکی لێ وەرنەگرتووە بەڵام دەبینین کە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ئەو مەجالە بۆ ژنان ڕەخساوە و پێ بە پێی پیاوان لە بەڕێوەبردنی وڵات بەشدارن. بەلام لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەتی ئێران، کە ژنان بە توندی سەرکوت دەکرێن ئەو ڕۆڵە نابیندرێ تەنانەت پێچەوانەکەشی بەڕێوە دەبردرێ کە ئەویش سنووردار کردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری لە ئێرانە.

**ژنانی شۆڕشگێڕ!**

ئێستا لە کاتێک دا یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دەکەینەوە کە ژنان لە وڵاتی ئێران سەرەڕای زیاتر سەرکووت کردنیان، شانبەشانی پیاوان لە خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی دوایی لە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەشدارن و سیمبولی شەهیدانی ژنان لە نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە واتە (ندا اقاسولتان ) کە بە خراپترین شێوە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لێ ئەستێندرا.

لە لایەکی دیکەشەوە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نیشانیان داوە کە لە دوو بورادا چالاک بوون: یەکەم: لە بورای بەشداری کردن لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لەو پێناوەدا بۆ بردنە پێشی ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد سڵیان لە زیندان و، شکەنجە و ئیعدام نەکردۆتەوە.

دووهەم: لە بورای داخوازییە تایبەتییەکانی خۆیان کە خوازیاری یکسانی و بەرابەری لەگەڵ پیاوان بوون و دەتوانین بڵێین هەم بردنە سەری پلەی تێگەیشتووی خۆیان ە هەم لە فەرهەنگسازی بە قازانجی لەبەر چاوگرتنی مافی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، سەرکەوتنی ڕێژەییان وەدەست هێناوە و جووڵانەوەی تایبەت بە مافخوازیی ژنان، ئێستا بۆ خەڵکی کورد بە باشی ناسراوە و بایەخی پێ دەدرێ.

جێی خۆیەتی لەوەها ڕۆژێک دا، ڕێز لە فیداکاری و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ژە شۆڕشگێرانە بگرین کە لە هەلومەرجی دژوار و پڕ کەند و کۆسپی زاڵ بەسەر وڵات دا لە ڕیزی تێکۆشەرانی مافی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە بێ گوێدان بە ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ مسۆگەرکردنی مافە یەکسانیی ژنان لەگەڵ پیاوان لە کوردستا ئاستەنگەکانیان بڕیوە و بەرەوپێش هەنگاویان ناوە و ئێستاش هەر بەردەوامن.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە ڕابگەیەنین کە باوەڕ بە مافی ژن و ئەرزشی یەکسانیی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا لە ژێر هەر ناوێک بێ مەحکوومە. هەوەها جێگای خۆشحاڵی سەربەرزیی ئێمەیە کە ژنان لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتیی ژنانی کورد بەهەست بەو پێویستیە مێژووییە کە ئەوان چیدی لە بەرامبەر زوڵم و چەسانەوە و هەلاواردنی سیستماتیکی ڕێژیم کۆڵ نادەن و بێ دەنگ نامێنن و تێدەکۆشن تاکوو کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد و بێ چەوسانەوە لە ئێران و کوردستان دا بێتە دی و سەردەمی ڕەش و تاریکی کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆری کۆتایی پێ بێ.

ئێمە لە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکە یاد و بیرەوەری هەموو ژنانی شەهید و قارەمان بەرز ڕادەگرین و بە خۆڕاگری و کۆڵنەدان و بە ئیرادەی پۆلایین و هەوڵەکانی خۆیان لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادییە مەدەنی و مافە سیاسیی، و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی درێژە بدەن.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی**
**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٢٢ ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاوی**
**١٥ ی مارسی ٢٠١١ ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان



خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

ژنانی ئازادیخوازو خەباتکاری کوردستان!

میوانە خۆشەویستەکان!

بەبۆنەی ٦٥مین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن کومیتەی بەڕیوەبەریی گشتی لاوانەوە پر بەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ژنانی کوردستان بەگشتی وئەندامان ولایەنگرانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی دەکەین . ئەگەر ئاوڕێکی جدی لە مێژوویی گەلی کورد بدەینەوە ئەوا ئەو سەردەمە هەستیارەمان دێتەوە بەرچاو کە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ تێیدا دامەزرا و لە دەستکەوتە هەرە مەزن و گرینگەکانی ئەو کۆمارە ساوایەش دامەزراندنی دوو ڕێکخراوی چالاکی ئەو سەردەمەن کە ئەوانش ڕێکخراوی لاوان وژنانن کەدەستکەوتێکی زۆر درەوشاوەو پربایەخن. دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمێکدا بوو کە خەڵکی کوردستان لێکدانەوەیەکی وای نەبوو بەرامبەر بە دۆزی ژن و کێشەو گرفتەکانیان لە بوارەکانی ژیاندا وەکوو ئامرازی ژیان چاولێدەکران. بۆیە پێویستە کە هەموومان لەو ڕۆژەدا سەری ڕێز بۆ پێشەوای نەمر دانەوێنین کە یەکەم هەنگاوی نا بۆ دامەزراندنی ر ێکخر ا و ە یە کی تایبەت بە ژنان لە پێناو هەوڵدان بۆ لەناوبردنی جیاوازی نێوان پیاو و ژن لە کوردستان و ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ بە مەدەنییەت کردنی کۆمەڵگای کوردی. پێویستە کە هەموومان ئەو ڕاستیەمان لەبەر چاو بێت کە کۆمەڵگای چالاک و ڕۆشنبیر بەستراوەتەوە بە ئاستی بەشداریی ژنان بوونی ژن وەکوو ڕووناکبیرێک لەو کۆمەڵگەیەدا و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەی کوردیش ئەو ڕاستیەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە و ژنایش بۆ خۆیان سەلماندویانە کە لە ڕووی توانای فیکری و بنیادنانی کۆمەڵگەی تەندرووست وچالاک دا دەورێکی گرینگیان هەیە وەهیچ کەم وکورێکیان نیە لە گەڵ پیاواندا دا وهەوڵ دەدەن تاکو مافە نەتەوەیی و سینفی‌یەکانی خۆیان بە دەست بهێنن .

ئەگەر ئێمە لەو سەردەمەدا کە دێموکراسی خەریکە باڵ بە سەر جیهان دا دەکێشی، سرنجێک بدەینە ڕۆڵی ژنان لە جیهاندا دەبینین کە وا ژنانیش شان بە شانی پیاوان بەشدارن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی کە خۆیان ئەرکەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن و شان بە شانی پیاوان تێدەکۆشن ئەگەر ئاوڕێکیش لە جووڵانەوەکانی ئەم دواییانەی ئێران بدەین ئەوا دەبینین کە ژنان لە خەتی هەرە پێشەوەی بزووتنەوە نارەزایەتی دەربڕینەکاندان ئەویش وشیاریەکی گرینگە کە ژنانی کوردیش پێویستە زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن ولە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی دا وشیار بکەنەوە بە خۆشییەوە حیزبەکەی ئێمەش لەو شانازی‌یە بێ بەش نیە کە وا دەرگای بۆ ئەم ڕەگەزە گرنگەی کۆمەڵگا کردۆتەوە و ئەوانێش وا خەریکن چالاکانە لەم چوارچێوەدا ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەش و پرشەنگدار بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا ئێمە وەکو لاوان پشتیوانی و پاڵپشتی خۆمان بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وهەموو مافی یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاواندا دووبارە دەکەینەوە دەڵێن با بەیەکەوە هەوڵ بدەین بۆ وەگەرخستنەوەی چینێکی وشیار ڕووناکبیر لە لاوان و ژنان تاکوو کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بێنین.

دووبارە ئەم ڕۆژە پیرۆز بێ و سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی یەکیەتیی ژنان.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەکیەتیی لاوانی**
**دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٢ی ڕەشەمەی ٢٧١٠ی کوردی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بروسکەی پیرۆزبایی رێکخراوی**

**کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات**

# بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان



لەچەند سەدەی رابردوودا بزووتنەوەی ژنان هەلێکی دووبارە بوو بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی دەهەزار ساڵەی فەرهەنگی بەرابەری کە لە ژێر سێبەری پیاوسالاری رووبە نەمان چوو. هەر بەو پێیە مێژووی کوردستان لێوان لێوە لە لەخۆبوردەیی ژنانی رەچەشکێن و بێگومان دەستکەوتە نەتەوەییەکان ئەنجامی ئەو لەخۆبوردەییەی ئەوانە کە شاراوە بوە. ژنان لە کوردستانی ئێران لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی رژیمی دیکتاتۆر و زوڵم و زۆر لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەر خەباتیان کردوە. بزووتنەوەی کومەلایەتی، مەدەنی و سیاسی ژنانی کوردستانی ئێران توانیویانە ببن بە راستییەکی حاشا هەڵنەگر. لەم هەل و مەرجەی ئێستادا ئەرکێکی تایبەت ئەکەوێتە سەر شانی رێکخراوەکان بۆ هاودەنگ بوون و داکۆکی کردن لە مافە بەرحەقەکانی ژنان. رێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کو ر د ستا نیش یەکێک بووە لەو رێکخراوانەی کە بەردەوام داکۆکی کردوە لە مافەکانی ژنان.

ر ێکخر ا و ی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەلات، لەم رۆژەدا و بە بۆنەی ٦٥ـەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رێکخراوەکەتانەوە پیرۆزباییتان پێ دەڵێت. بەو هیوایەی رێکخراوەکەتان هاودەنگ لەگەڵ رێکخراوەکانی تر بە هاوکاری و هاودەنگی هەرچی زیاتر بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خەبات بکەن. دووبارە بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی رێکخراوەکەتان پیرۆزباییتان پێ ئەڵێین.

**رێکخراوی کۆمەڵەی**
**ژنانی رۆژهەلات**
**مارسی ٢٠١١ی زایینی**

# کۆبوونەوەی فیدراسیۆنی رێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١١/٢/٢٣ بەرامبەر بە ٢ی رەشەممەی ٨٩ دووهەمین کۆبوونەوەی وەرزیی فیدراسیۆنی رێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بە بەشداریی زۆربەی رێکخراوەکانی ئەندام لەم فیدراسیۆنە بەرێوە چوو. سەرەتای کۆبوونەوەکە پوختەیەک لە کارو چالاکی فیدراسیۆن لە لایەن بەرێز ئاکار ئازاد سەرپەشتیاری بۆردی فیدراسیۆنەوە خوێندرایەوە. ئەمجار دوو تەوەری بەرنامە و پلان بۆ کاری داهاتووی سێ مانگی دیکەی فیدراسیۆن قسەی لە سەر کرا کە کۆمەڵێک پرۆژەو پێشنیار هاتنە ئاراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێورەسمێک بە بۆنەی ٨ی مارس
# ڕۆژی نیونەتەوەیی ژنان لە وڵاتی سوئید

سوید: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی مارسی ٢٠١١ لە سالۆنی هوسبی لە شاری ستۆکهۆلم، بە بۆنەی ٨ی مارس( ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان) بەرنامەیەکی تایبەت لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بەڕێوە چوو.

بەرنامەکە سێ تەوەری سیاسی، پزیشکی و هونەری لە خۆی گرتبوو کە لە بەشی سیاسی دا بەڕێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی کارو باری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکیەتیی ئوروپا، باسێکی تێرو تەسەلی لە ژێر سەردێڕی پرسی گۆڕان، ژنی کوردو ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد.

دواتر ئان وێدین نوێنەری خاچی سوور و ڕۆزی گرامبیگ بە باسێک لەسەر ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی تۆندو تیژی دەبنەوە و هەر وەها گێڕانەوەی چەند نموونە لە توشبوونی توندو تیژی بەشدارییان کرد.



لە کۆتایی بەشی پانێل دا بەڕێز جەمیلە هاشمی دوکتۆرای ژێنێتیک و پرۆفیسوور لە بواری نەخۆشیەکانی سەرەتان، باسێکی بە کەڵکی لە سەر چۆنیەتی دروست بوونی نەخۆشی سەرەتان و بەرگریەکانی ئەو نەخۆشیەی پێشکەش کرد.

لە بەشی هونەری دا، هونەرمەندی دەنگ خۆش کانی و کیژۆڵەی دەنگ خۆش شنۆ ئەحمەدی بە هاوکاری هونەرمەندانی ژەنیار کارزان مەحمود، جەماڵ محەممەدی، موشتاق فەیزیابی، هیوا گەردی و هێدی گەردی بەرنامەکەیان ڕازاندوە. هەوەها کورتە فلمێکی دێکۆمێنتی لە سەر (سێداڤ) نیشان درا.

شایانی باسە کە لە میانەی بەرنامەکە دا بەشێک تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو وەڵام کە بەشداری چالاکانەی هەموو لایەکی لەگەڵ بوو.

ئەو بەرنامەیە لە کاتژمێر ١٢.٠٠ی نیوەڕۆ تا ٥ی ئێوارە دەرێژەی کێشا.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی سوئێد**
**٢٠١١/٠٣/١٣**

# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە مەراسمی ئیتحادیەی سەرانسەری ئێرانییان بە بۆنەی ٨ی مارس لە ستۆکهۆڵم

سوید: ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٨ی مارس لە کاتژمێر ١٩,٣٠ هەتا ٢٢,٠٠ شەو لە هۆڵی شیستا تریف لە ستۆکهۆڵم بەرنامەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان بەڕێوەچوو.

ئیتحادیەی سەراسەری ئێرانییان بە هاوکاری شەبەکەی هەوادارانی ئاشتی و ئازادی و عیداڵەتی کۆمەلایەتی میوانداری بەرنامەکە بوون. بەڕێزان ئیقباڵ سەفەری، سەکینە حوسێنی و گوڵاڵە شەرەفکەندی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری بەرنامەکەیان کرد و لە بەشی پانێلگێڕاندا گوڵاڵە شەرەفکەندی باسێکی لە سەر چۆنییەتی پێوەندی بزوتنەوەی ژنانی کورد و ژنانی ئێرانی لە دەرەوە و لە ناوخۆی وڵات پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرەفکەندی لە باسەکەیدا موقایسەی حزوری سیاسی ژنی کورد و ژنی ئێرانی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کرد و بزوتنەوەی ژنانی کورد و ژنانی ئێرانی و چۆنییەتی هاوپێوەندی ئەوان لەگەڵ حەرەکەتی سەوزی بە کورتی تەحلیل کرد و ئەو خاڵانەی بوونەتە هۆی لێک دوور کەوتنەوە و لێک حاڵی نەبوونی ئەو دوو بزوتنەوە دەست نیشان کرد.

ئەم ڕاستییە کە حەرەکەتی ژنانی کورد تەنیا حەرەکەتێکی ژنانە یان فێمینیستی نەبووە و نیە و تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ و حاشا هەڵنەگری لەگەڵ هۆویەتی میللی وسیاسی ئەو هەیە، وەک خاڵی سەرەکی کە بۆتە هۆی دوور کەوتنەوەی لە حەرەکەتی ژنانی ئێرانی یان پشتگیری لە جوولانەوەی سەوز ئاماژەی پێکرا. هەڵبەت لە کاتی پشوودا هێندێک لە فارسەکان موخالیفەتی خۆیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە هێنایە گۆڕێ و پێیان وابوو ژنی کورد نابێ ئەوجۆرە خۆی جیا بکاتەوە یان بۆ دەبێ وا هەست بکات کە ویستە سیاسییەکانی ئەو جیاوازە کە شەرەفکەندی وڵامی پێویستی دایەوە.

پێگاە ئەحمەدی لە ئاڵمان را و ئازیتا قەهرەمان و ڕۆباب موحیب شێعرەکان و ڕوایەتەکانی خۆیان لە ژنی ئێرانی پێشکەش کرد و لە بەشی موسیقی دا چەند ئاهەنگێک پێشکەش کرا.


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی یادی ٨ی مارس لە ئۆرێبرۆی سوید

سوید: ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی مارس کاتژمێر ١٧،٣٠ی ئێوارە، لە لایەن ئەو ڕێکخراوە سوئێدی و خاریجیانە کە لە شاری ئۆرێبروو هاوکاری ڕێکخراوەیان پێکەوە هەیە و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە، بەرنامەیەکی تایبەت بۆ یادی ٨ی مارس لە یەکێک لە سالۆنەکانی ئەو شارە بەڕێوە چوو.



سەرەتای بەرنامەکە بە خواردنی عەسرانەیەک کە هەموو بەشداران خواردنی تایبەت بە وڵاتی خۆیانیان هێنابوو، دەستی پێ کرد. دواتر ڕیزی بەرنامەکە ڕاگەیەنرا کرا. ئەوجار کۆرسی گۆرانی ژنانی چەند میللیەتی بۆ ماوەی ٢٠ خوڵەک گۆرانییان چڕی. دوایی نۆرە گەیشتە هەڵپەرکێی کۆنی سوئێدی کە لە لایەن ژنان وپیاوانی بەتەمەنی سوئێدی و بە لیباسی ڕەسەنی خۆیان پێشان درا.

دوا بەشی بەرنامەکە خستنە بەر چاوی کەلو پەلی کۆن و دەستکردی ژنانی میللیەتەکان بوو. لەو بەشە دا یەکێتی ژنان میزێکیان بە ئاڵای کوردستان و ئەو شتانەی کە ژنانی کورد بە دەست چاکیان دەکەن، ڕازاندبووە کە پێشوازیەکی زۆری لێکرا.

کاتژمێر ١٩،٣٠ کۆتایی بە بەرنامەکە هات.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی ئۆرێبروو**
**٢٠١١/٠٣/٠٨**

# ڕێورەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە نۆرویژ

لە ڕێورەسمێکی شایستەدا ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە نۆرویژ ڕێزی لێگیرا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ٤ی مارسی ٢٠١١ی زایینی لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو بە هاوکاریی کۆمەڵەی کولتووریی کوردی ڕۆمەریکە لە نۆرویژ ئاهەنگێکی شایستە بۆ ڕێز گرتن لە خەباتو فیداکاریی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان لە جیهان بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، ئینجا بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان بەگشتیو ئەو ژنانە قارەمانو چاونەترسانەی بە فیدا کردنی گیانیان لە پێناو ئامانجەکانیان دا سڵیان نەکردوە چەند ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆرویژو کۆمەڵەی کولتووری ڕۆمەریکە پەیامێک بە هاوبەشی ئامادە کرابوو کە هاوڕێ مەحبووبە ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان پێشکەشی بەشدارانی کرد، لە پەیامەکەدا کورتەیەک لە خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو هەروەها مێژووی ناسینی ٨ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان تیشکی خرابووەسەر. بەشێکی دیکەی پەیامەکە بۆ ڕەوشی ژنان لە کوردستانو ئێراندا تەرخان کرابوو. لە بەشێک لە پەیامەکەدا هاتبوو ژنانی ئێران چەندین دەیەیە بە دەستی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوە دەچەوسێنەوەو لە هەر کام لە قۆناخو برگەکانی مێژووی ئێراندا بە شێوازگەلێک مافو ئازادییە دێموکراتیکو ئینسانییەکانی ژنانی وڵاتەکەمان پێشێل کراون. سی ساڵ تەمەنی دەسەڵاتداریتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە یەکێک لە ڕەشترین برگەکانی مێژووی سیاسی ئێران بۆ هەموو چینو وتوێژەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەتی بۆ ژنان دێتە ئەژمار. لەو بوارەدا ژنانی ئێران بەگشتیو ژنانی کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ کۆنەپەرسترین ڕێژیم بەرەوروون کە نە تەنیا هەر ژن، کە ڕێز لە سەرەتاییترین مافەکانیان ناگیرێ، بەو حاڵەش نەک هەر نەیتوانیوە پێش بە حەرەکاتی ئازادیخوازانەی ژنان بگرن، بەڵکوو خەباتی ژنان لەناو جووڵانەوەی سەرانسەریی ئێران دا خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بە خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیەو تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان بەگشتی‌و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە ئاستی نێونەتەوەیش دا جێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە ڕۆژ بەرۆژیش زیاتر گەشە دەکا.

دوابەدوای پەیامی یەکێتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ئینجا داوا لە هاورێی بەرێز کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کرا بابەتەکەی پێشکەش بکا. هاورێ گادانی لە بەشێکی وتارەکەی‌دا وتی: بەشدارانی ڕۆژی ٨ ی مارس، هەروەک ئاگادارن مێژووی خەباتی ژنان بۆ ١٠٠ سال لەمەوبەر دەگەرێتەوە کە ئەم خەباتە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان شێوەو ڕەنگدانەوەی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوەو بەپێی دەرفەتی خەبات و شێوەی خەبات دەستکەوتەکانیشی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبووە، بەلام خالێکی هاوبەش کە لەو ڕۆژەدا هەموو لایەک دەگرێتەوە ئەوەیە کە بەگشتی لە هەموو ژنێکی کۆمەلگا ڕێز بگیرێ‌و بەتایبەتی ڕێز لەو ژنە خەباتکارانە کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا تێکۆشاون، بۆ ئەو دەسکەوتانەی کە ئێمە ئەمرۆ پێیان گەیشتووین، وەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتانە ئەگەر کەمیش بێ ، لە هەموو ئەو ژنو پیاوانەی کە بۆ مافی یەکسانیی ژنو پیاو هەوڵیان داوە کە نەسلی ئێمە دەیبینێ‌و تا ڕادەیەک کەڵکیان لێوەردەگرێ، جێگای سپاس‌و پێزانینە.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی‌دا هاورێ گادانی خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بە سێ تەوەری عەداڵەت، ئازادی‌و ڕوانین بۆ داهاتوو دابەشکرابوو، ئینجا بەکورتی هەر سێ تەوەرەکەی بۆ بەشداران شیکردەوەو وتی: بوونی عەدالەت‌و داوای مافی یەکسانیی لە کۆمەڵگا، لە ئاستی نێونەوەیی‌دا یەکێک لە داواکانی بزووتنەوەکانەو بزووتنەوەی ژنانیش لەم داوایە بێبەش نیە، ژن ناتوانێ عەدالەتخواز نەبێ، لە بنەڕەت را ژن داوای مافو عەدالەتی لە کۆمەڵگا کردووە، داوای یەکسانی کردووە، هیچکات لە دەسەڵات دا نەبووە کە تامی دەسەڵات تا ئەو ڕادەیە چێشتبێ کە نەتوانێ دەست لە خۆشییەکانی هەڵگرێ، قازانجی خۆی‌و بەرژەوەندیی خۆی لەناعەدالەتی‌دا نابینێتەوە، چونکە خۆی دەردی بێعەدالەتی چێشتوە. ژن خوازیاری عەدالەتە بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگا، عەدالەت و مافی یەکسانی یەکێکە لە داواکانی خەباتی ژنان، بۆیە لە شێوەی خەباتی خۆی دا عەدالەت‌و یەکسانی کردۆتە یەکێک لە ئامانجەکانی کە چەندایەتیی باش بە بزووتنەوەکەی ببەخشێ تا لەم ڕێگایەوە بە یەکسانی بگا.

کوێستان گادانی لە تەوەرەیەکی دیکەی باسەکەی‌دا کە بۆ ئازادی تەرخان کرابوو وتی: ئازادیی بۆ ژن هەمیشە کێشە بووە، خەباتی بۆ وەدەستهێنانی کردوە، ژن ناتوانێ دژی ئازادی بێ، چونکە هیچ قازنجێکی لە کۆنەپەرەستی‌و دواکەوتوویی نەدیوە، ژن ناتوانێ ئازادیخواز نەبێ، چونکە ئێستاش لە گۆشەو کەناری جیهان ژن دەبینین‌و دەبیسین کە لە ئازادی‌و مافی خۆی بێبەشە، ئازاد نەبوونی ژن، پێش لە گەشە کردنی‌و پێگەیشتنی ژن دەگرێ‌و کۆمەڵگا بەبێ بەشداریی چالاکانەی ژنان هەمیشە کۆمەڵگایەکی لاوازو دواکەوتوو دەبێ، ژنانی چالاکو خەباتکار هەستیان بەمە کردووە ئەگەر دژی ئازادی بن، دواکەوتوویی خۆیان سەلماندووە، بۆیە ئازادیخواز بوون‌و ئازادیی بۆ بەرامبەرەکەی‌و بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەرەوا دەزانێ کە ئەم ئازادیخوازییە هەم دیسان ژنان هان دەدا بە چەندایەتیی باشتر خەبات درێژە بدەن تا بە مافی یەکسانی بگەن.



هاورێ کوێستان لە شیکردنەوەی بەشی سێهەمی باسەکەی‌دا، واتە ڕوانین بۆ داهاتوو وتی: هەروەک هەموومان دەزانین، جیهان روو لە گەشەو پێشکەوتنەو هەر ڕۆژە گوێ بیسی هەواڵو ڕووداوی تازەو نوێ دەبین، بۆ ئێمە دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ کە خەبات‌و چالاکیی ژنان ناتوانێ لە شوێنێک بوەستێ. لە ڕوانگەی منەوە شتێک بەنێوی کۆتایی مێژوو، ئاخرین قۆناخی ئیدەئال بوون لە کۆمەڵگادا، هەرەسی هێناوەو شکستی خواردوە (کە باسی ئاخرین قۆناخی پێشکەوتن‌و پێگەیشتنی دەکرێ‌و باسی کۆتایی تاریخ دەکرێ، بوونی نیە) بۆیە دەبێ هەمیشە بروانینە داهاتووو بەپێی پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی کۆمەڵگا داواکانی ئێمەو خەباتی ئێمە شێوەی خۆی بگۆرێ‌و بەرۆژ بێتەوە. خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی لە نوقتەیەکدا کۆتایی نایە، بەڵکوو دەبێ درێژەی هەبێ، هەرچەند ئەم بەرۆژ بوونە هەروەک ئیشارەی پێکرا دەبیندرێ، ئەگەر پێشوو داوای مافی دەنگدان دەکرا، ئێستا داوای بەشداریی لە بەرێوەبەریی حکوومەت‌و سیاسەتی ولات دەکرێ.

لە بەشی دووهەمی وتارەکەی‌دا



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

هاوڕێ گادانی تیشکی خستەسەر ئاستی خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتیو وتی: لە ئاستی ئێراندا بەپێی ئیمکانو توانا ئەوەندەی گونجا بێ ژنان شانبە شانی پیاوان بەشداریی بزووتنەوەکانیان کردووەو لەم ڕێگایەشدا قوربانیی زۆریان داوە. لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە سالی ١٩٧٩ کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە بەشداریی خۆپێشاندانەکانیان کردو داوای گۆڕینی ڕێژیمی پاشایەتیان دەکرد. پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران، ژنانیش لە ئێعدام و زیندانی کردنو سزادان بێبەش نەبوونو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ژنانی چالاک لە مافی خۆیانو داواکانیان هیچکات پاشەکشەیان نەکردوە. لەم دوو ساڵەی دوایدا، بەشداریی بەرچاوی ژنان لە خۆپێشاندانەکانی ئێران (نارەزایەتیی بەدژی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران)، لە خەباتی ئازادیخوازانەی ئێران ڕۆلێکی تازەی بەخۆوە بینی، کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە، ژنان ڕۆلی ڕێکخەریان هەیەو هەبووە. ئێمە ئێستاش شاهیدین کە ئەم بزووتنەوەیە نامۆنسەجمەو ئۆرگانیزە نەبووەو عونسور، یان ئێلێمێنتێکی هاوبەشی نیە، بەلام دەبینین ژنان دەتوانین ببنە ئەو عونسورە هاوبەشە لەبەر ئەوە ژنان لە بزووتنەوەی ڕووناکبیریدا بەشدارن — ڕۆژنامەنووسی-، بزووتنەوەی کرێکاریی -کارمەند، کارگەریی کارەگەکان- و خوێندکارانو ئەو بزووتنەوانەش بەشێکن لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز، کەواتە دەبینین لەو بزووتنەوەیەدا ژنان ڕۆلیان هەیەو وەک کۆردیناتۆرێک، بۆ هەماهەنگی کار دەکا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئێمە چالاکیی بەرچاوی ژنانمان هەبووە، ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای باسەکەم کە شێوەی خەبات بەپێی شوێنەکانو هەلومەرجەکان جیاوازە، دەکرێ کوردستان بۆ نموونە بێنمەوە. بەهۆی زۆر فاکتەری کۆمەلایەتیو سونەتیو ئەو هەلومەرجانەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا تێپەڕیوە، دەکرێ بلێین کە ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئێستاش لە بوارو شێوەی خەباتی چەندایەتیو کەمییەت دان تا باس لە کوالیتێتی خەباتیان بکرێ. ئێستاش بۆ ئێمە زۆر ئاسان نیە بتوانین نێوی دەیان ژن بێنین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە بزووتنەوەکانی خوێندکاری، ڕووناکبیریو کرێکاریدا بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵو تایبەتی کار بکەن، کە ئەمە بە زەعفێکی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێو هۆکارەکەشی بۆ ئەو فەزا سیاسیی حیزبیە زاڵەی کە نیسبەت بە ژنان دروست بووە دەگەڕێتەوە. ئێمە دەبێ بە هەموو لایەک هەول بدەین کە هاوکات لەگەڵ حیزبی بوونو باوەر بە ئامانجە سیاسییە حیزبیەکانمان، ژنان و چالاکی ژنان لە بوارەکانی دیکە بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ، لە بزووتنەوە جوراوجۆرەکانی وەک ڕووناکبیری، خوێندکاریو... کاتالیزە بکەین .

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆرویژ بە پەیامێک بەشداریی لە ڕێورەسمی ٨ ی مارس دا کردو پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن هاوڕێ عەلی لالە، ئەندامی کۆمیتەوە پێشکەشی بەشداران کرا، لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتبوو: ژنانی کوردستان بێجگە لەوەی لەژێر باری نابەرابەریی جنسیدا پشتیان چەماوەتەوە، لەژێر زوڵمی نەتەوایەتییش دا دەناڵێنن. بۆیە ژنانی کوردستان لە چەند لاوە تووشی هەلاواردن بوون! هەلاواردنی جینسی، هەلاواردنی کۆمەلایەتیو هەلاواردنی نەتەوایەتی نموونەی بەرچاوی ئەو جیاوازیدانانەن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ماددەی ١٩ی بەرنامەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکا: کۆماری کوردستان هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکسانیی ژنانو پیاوان لەنێو خێزان، لەنێو کۆمەڵو لە مەیدانی کارو دەسەلاتدا بە ئەرکێکی گرنگی خۆی دەزانێ.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو حیزبە باوەڕی قوولی بە یەکسانیی ژنانو پیاوان هەیە. هەر لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا ژنانو پیاوان بۆ ئەرکو کاری وەک یەک، مووچەی وەک یەک وەردەگرن. خۆشمان شاهیدین لە دوای کۆنگرەی ١٤ گۆڕانێکی قووڵ بەسەر ڕێبەرایەتیی حیزب دا هاتو بەشێکی بەرچاو لە ژنان لە ڕیزی ڕێبەریی ئەو حیزبە دا ئەرکە ئیجراییەکان بەڕێوە دەبەن!

ئێمە لە کاتێک دا ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان ڕێز دەگرین کە کاخی دیکتاتۆرەکان وەلەرزە کەوتووە، هێندێک لە دیکتاتۆرەکان لەسەر کار لابراون. ڕۆڵو نەقشی ژنان لە خۆپێشاندانو نارەزایەتییەکانی ئەفریقاو ڕۆژهەلاتی نێوەراست دا بەرچاوە. لە ئێراندا ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندەران بەدژی دیکتاتۆریینو لەو نێوەدا ژنانی کورد لەمێژساڵە بەدژی زۆرداری ڕاپەڕیونو بە خوێنی ئاڵیان بەلگەی حەققانییەتی داخوازییەکانیان ئیمزا کردوە. ژنانی تێکۆشەرو یەکسانیخواز! قۆڵی هیممەت هەڵماڵنو بۆ بەڕێوەبردنی حیزبی دێمۆکرات زیاتر وەرنە مەیدان! ئەو حیزبە بکەنە حیزبێک کە نموونە بێ بۆ لەنێو بردنی هەلاواردنی جینسی. سوککانی ڕێبەریی ئەو حیزبە بەدەستەوە بگرنو بۆ ئامانجە ئینسانیو نەتەوایەتییەکانمان کەلکی لێوەرگرن!

ئینجا خاتوو گوڵاڵە عەبباسی پەیامی خوشکانی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان خوێندرایەوەو دوابەدوای ناوبراو خاتوو زوبیا لەتیف خەباتکاری پاکستانیی نیشتەجێ لە نۆرویژ لە چەند وتەیەکدا سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ بەشداران قسەی کرد.

لە بەشێکی دیکە ڕێورەسمەکەدا خاتوو جەمیلە قادری، پەخشانێکی لەژێر سەردێری «چەند دێڕ ڕاستی» پێشکەشی بەشداران کرد کە لەلایەن بەشدارانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

پێویستە بگوترێ ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە ٨ ی مارس لەلایەن ئارەزوو عومەرزادە، ئەندامی یەکێتیی ژنانەوە بەڕێوەچوو کە ناوبراو بە کورتە شێعری بە سۆزو پڕمانا لە ناوئاخنی بەرنامەکەدا، تامو جێژێکی تایبەتی بەخشییە ڕێورەسمی ٨ ی مارس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# وەرزشی









کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# وەرزشی ژنان لە روانگەی مێژووە

تەنی :



بۆ یەکەمجار لە مێژوودا «بارۆن پیردۆکۆبرتۆنی» فەرانسەوی لە ساڵی ١٨٩٦ دا بیرۆکەی وەرزشی پیشەیی داهێنا و لە هەمان ساڵ دا بیرۆکەی وەکوو نوختە گۆڕانێکی مێژوویی لە لایەن کۆڕی گشتی بەرێوەبەرایەتی یارییەکانی ئۆلەمپیک پەسەند کرا. لەم گەلاڵەیە پیردۆکۆبرتۆندا رێزگرتن لە مافە وەرزشی یەکانی ژنان وەکوو خاڵێکی سەرەکی لە سەرجەم فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی وەرزشدا کەوتە بەرباس و لێدوان و لە ئاکام دا وڵاتانی ئازاد و دێموکرات لە ساڵی ١٨٩٦ تا ئێستا لە رێکخراوە ناوەندە وەرزشی یەکانی تایبەت بە وڵاتانی خۆیاندا رێگەی پەروەردەی سەردەمیانە تایبەت بە وەرزشی ژنانیان هەموار کردوە. بەڵام دەبینین ئێستا لە حەشمەتی ٧٠ میلیۆنی ئێران بەشی زۆری لەو حەشیمەتە ژنان پێکی دێنن لە ماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دا ورزشی ژنان بە سێ هۆکاری حیجابی ئیسلامی، نەبوونی ئەزموونی پێویست لە بەرێوەبەرایەتی وەرزشی ژنان و هەروەها نەبوونی بودجەی پێویست بۆ چالاکیی وەرزشەکانی ژنان حەز و تواناکانی ژنایان لە سەردەمی بە جیهانی بووندا پەراوێز خستوە. لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ژنێکی سەربەخۆی ئێرانی رێگەی پێ نەدراوە بەرێوەبەریی فیدراسیۆنێکی وەرزشی بێ. بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا ژنانی وەرزشوانی وڵاتەکەمان هەر کاتێک هەلێکیان بۆ رەخسابێ لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکان بە بەدی هێنانی ئەنجامی بەرز بوون و تواناکانی خۆیانیان بە کۆمەڵگای وەرزشی دنیا سەلماندوە. ماوەی ساڵانێکی زۆرە بەرپرسانی ئاکادێمی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆلەمپیکی ئێران لە لێدوانەکانی خۆیادا دەڵێن: ئێمە لە دنیای وەرزشدا ئیسلامی راستەقینەی محەمەدیمان پەیرەو کردوە بەڵام لە زۆرێک لە بوارە وەرزشییە کاندا دەبینین ژنانی وەرزشوانی ئێرانی لە کاتی بەرێوەچوونی پێشبرکێی نێودەوڵەتییەکاندا بە هۆی حیجابی ئیسلامییەوە دەکەونە بەرتیشکی وێنەگران ئەمەش لە حاڵێکدایە فیدراسیۆنەکانی فووتباڵ، والیباڵ، فووتساڵ، مەلەوانی، گۆڕەپان و مەیدان، بەسکتباڵ وهتد....... رێگە نادەن هیچ وەرزشوانێک حیجابی ئیسلامی بە کار بهێنێ.

هەر بۆیە ژنانی وەرزشوانی وڵاتەکەمان بە بوونی ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرەڕای هەموو تواناکانیان تەریک دەکەونەوە لە ئێستا دا ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی وەرزشی و فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان بۆ داکۆکی لە مافە بەرابەریەکانی ژنانی وەرزشوانی ئێرانی زیاتر بە دیار دەکەوێت هەرچەند لە ساڵانی رابردوودا بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی بە ئاشکرا کردنی راستییەکان هەمیشە هەوڵی داوە سەرجەم پێشێلکاریەکانی کۆمەڵگای وەرزشی ژنان بۆ رای گشتی بگوازرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org









# جۆراوجۆر









کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# دڵەکزە

ئامادەکردنی رحمان مەحموودی

دڵە کزە هەستکردن بە ئازارێکی زۆر لە شێوەی سووتان لە سورێنکدا و (مری) کە لە پشت ئێسکی سینگ هەستی پێ دەکریَ و لەوانەیە ئازارەکە بۆ مل و قورگیش بچیَ و بە راکێشان و چەمانەوە بۆ پێشەوە ئازارەکە زۆرتر دەبیَ.

دڵەکزە لەوانەیە ئاسایی بیَ، بەڵام ئەگەر زیاتر لە دووجار لە حەوتوویەک دا رووی دا و بوو بە هۆی نارەحەتی پێویستە نەخۆش سەردانی پزیشک بکا چونکە لەوانەیە نیشانەی نەخۆشی بیَ.

دڵەکزە: هیچ پەیوەندی بە دڵەوە نیە بەڵکوو ترشی ناو گەدە ( معده) بە نێو زمانەی بەشی خوارەوەی سورێنچک دزە دەکا و دەگەڕێتەوە نێو سورێنچک و دەبێتە هۆی چوزانەوە و ئازاری سورێنچک و تامێکی ترش لەدەمدا هەست پێ دەکریَ.

گەدەی مرۆڤ بە پەردەیەکی لینج (mucus) داپۆشراوە، پەردەکە گەدە دەپاریزیَ لە کاریگەری ترشی هیدرۆکلوریک کە ترشێکی بە هێزی گەدەیە بۆ هەرسکردنی خواردن، بەڵام سورێنچک پەردەی نیە بۆ بەرگری کردن و پاراستنی کاتێک ئەو ترشیە لە گەدە دەگەڕێتەوە سورێنچک و دەبێتە هۆی سووتانەوە و ئازار لەو بەشەدا.

نیشانەکانی دڵەکزە:

ئازارێکی وەک سووتانەوە کە لە سینگ دا دوای نانخواردن یا لە کاتی شەودا هەست پێ دەکریَ و ئازارەکە بە راکشان یا چەمانەوە بۆ پێشەوە زۆر دەبیَ.

- لەو حاڵەتەتانەی خوارەوە دا نەخۆش دەبیَ سەردانی دکتور بکا.
- ئازاری زۆر سینگ بە تایبەتی ئەگەر هێندێک نیشانەی وەک: تەنگە نەفەسی وئازاری شەویلاکە یا ئازاری قۆڵ چونکە لەوانەیە ئەو جۆرە ئازارە نۆرەی دڵ (neart attack) بیَ.
- دڵە کزەی زۆرتر لە دووجار لە حەوتوویەک دا.
- کەمکردنی کێشی لەش بە بیَ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی یا بەهەر هۆکارێکی دیار.
- قوتدانی درەنگ یا بە زەحمەت.
- کۆخە و خیزەی سینگ بە بیَ هۆ.
- کاتێک نیشانەکان دڵە کزە بە دەرمانی ترشی(anti_ acid) خراپتر دەبیَ.
- کاتێک دەرمانی نەخۆشیەکی دیاری کراو بێتە هۆی دڵەکزە و بە بیَ راوێژ بە دکتور هەرگیز نەخۆش لە خۆیەوە نابیَ هەوڵی گۆڕین یا وەستاندنی دەرمانەکە بدا.

هۆکارەکانی دڵە کزە:

چەندین هۆکار، دەبنە هاندەر و وروژێنەری دڵە کزە وەک خواردن و خواردنەوە جۆراوجۆرەکان

- زۆرخۆریی: رادەی ئەو خواردنەی کە دەخورێت پەیوەندی راستەوخۆی بە دڵەکزەوە هەیە گرنگ نیە خواردنەکە چیە و چ جۆرێکە؟ باش دێتە بەرچاو و یا چەندەت ئیشتیا لێیە ئەوەی گرنگە ئەوەیەکە زۆر خواردن مەترسی تووشبوون بە دڵەکزەی لیَ بکەوێتەوە، چونکە خواردنی زۆر لە نێو گەدەدا دەبێتە هۆی فشار خستنە سەر دەریەی بەشی خوارەوەی سورێنچک و لە ئاکامدا ترشی نێو گەدە دەگەڕێتەوە بۆ سورێنچک. رێنوێنی بۆ زۆر خۆریی ئەوەیە کە دەبیَ قاپ و دەوری چووکە بە کار بێنی و رابیَ لەسەر کەمخواردن.
- خواردن بە رێگاوە:
- : بە پەلە خواردن و خواردنەوە و قووت دان و نانخواردن بە رێگاوە هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی دڵەکزە بیَ، چونکە کار دەکاتە سەر کرداری هەرسکردنی خواردن و دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشی گەڕانەوەی خواردن لە گەدەبۆ سورێنچک
- رێنوینی لەو بەشەدا دەبیَ لە کاتی خوارندا پەلە نەکریَ و بە دانیشتنەوە خواردن بخوریَ.
- خواردنی چەور:
- ئەو خواردنانەی کە چەورییان زۆرە ماوەیەکی زۆرتر لە گەدا دەمێننەوە و کرداری هەرەسکردن دوا دەخەن و دەبێتە هۆی نائارامی مرۆڤ.
- **رێنوێنی**
- : پێویستە خواردنی چەور کەم کرێتەوە بە بیَ ئەوەی واز لەو خواردنانە بێنین کە بەلامانەوە خۆش و بە تامن ئەگەر بە جۆرێکی جیاواز خواردن ئامادە بکەین دڵە کزە کەم دەبێتەوە وەکوو لێنان و برژاندنی خواردن لە نێو فێر و تەندوور نەک سوورکردنەوە لە نێو رۆن دا، هەروەها لیَ کردنەوەی پێست و چەوری لە گۆشتی مریشک و قەل و قاز و...هتد
- خواردنی ترش یا مزر: خواردنی ترش وەکوو تەماتەء ئاوی تەماتەء ئاو قورە و یا ئەو بەرهەمانەی کە ترشیان تێدایەء دەبنە هۆی دڵە کزە.
- **رێنوێنی:**
- بری خواردن و خواردنەوەی ترش یا مزریش بۆ لەشی مرۆڤ پێویستن بەڵام بۆ ئەو کەسانەی بە ترشی تووشی دڵە کزە دەبن دەبیَ خواردن و خواردنەوەی ترشی کەم بەکار بێنن بە تایبەتی کاتیَ گەدە بەتاڵ بوو.

هێندێک خواردنەوە دەبنە هۆی دڵە کزە وەک:

- قاوەی ئاسایی یا بیَ کافایین، چای پڕ لە کافیین، کۆلا، خواردنەوە کاربۆنیەکان، مەیخواردنەوەی زۆر، هەموویان دەبنە هۆی هەڵنووسانی گەدە بە هەواو و فشار دەکەوێتە سەر دەریچەی خواروی لوولەی سورێنچک و دەبێتە هۆکار بۆ تووشبوون بە دڵە کزە.
- رێنوێنی: دووریکردن لە هەموو ئەو خواردنەوانە کە دەبنە هۆی دڵە کزە.
- شوکۆلات: لەبەر ئەوەی برێکی زۆر کافایینی تێدایە خواردنی یەکێکە لە هۆکارەکانی دڵە کزەیە، بۆیە تووشبووان بە دڵە کزە نابیَ شوکۆلات بخۆن یا کەمی بکەنەوە.
- خواردنی تیژ: خواردنە تیژەکان وەک بیبەر و سۆسی تیژ مرۆڤ تووشی دڵە کزە دەکەن.

بۆ پێشگیری لە دڵەکزە نەخواردنیان یا کەم کردنەوە یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارەسەریە.

نەعنا: نوقلی نەعنا و ئارەقی نەعنا ساردو خۆشن بەڵام دەبنە هۆی خاو بوونەوەی ماسولکەی بەشی خوارەوەی لوولەی سورێنچک و دڵەکزە.

– سیر و پیواز خواردنی توند و تیژ نین بەڵکوو بۆندارن بەڵام مرۆڤ تووشی دڵە کزە دەکەن.

– سکپڕی: بۆ هۆی گۆرانکاریی هۆرمۆنی و قەبارەی منداڵدان و خاو بوونەوەی ماسوولکەی بەشی خوارەی لوولەی سورێنچک دڵە کزە لە دووگیانیدا زۆر باوە نیوەیان لە ماوەی سکپڕی دا تووشی دەبن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەترسی بۆ سەر ژیانی دایک و کۆرپە نیە و پاش لە دایکبوونی مندڵ دڵە کزە نامێنێ.

– ڕاڕایی و مشەوەشی: هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە دڵەکزە.

– گیر و گرفتی دڵەکزە: ئەو نەخۆشەی بەردەوام تووشی دڵەکزە دەبێو کاری ڕۆژانە و دڵەکزەکەی ماوەکەی زۆرتر دەخایەنێ پێویستە سەردانی دکتور بکا و پشکنینی بۆ بکرێ.

– چارەسەری دڵەکزە:

– ئاڵ و گۆڕ لە چۆنیەتی ژیان و چارەسەرکردنی ماڵەوە: هۆکاری دڵەکزە، کە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و بە هەمان شێوە چارەسەرکردنیش جیاواز دەبێ. لەوانەیە بە هێندێک گۆرانکاری کەم و سادە دڵەکزە چارە بکرێ بۆیە پێویستە نەخۆش ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکا:

١– کێش ( وزن ): زۆربوونی کێشی لەش دەبێتە هۆی زۆر بوونی فشار و پەستانی ناو زگ و فشار دەخاتە سەر گەدە بۆ سەرەوە پاڵی پێوەدەنێ و ترشی نێو گەدە بۆ سورێنچک دەگەڕێتەوە.

٢– بنێشت جووتن: بۆ دروستبوونی لیک یا ئاوی نێو دەم شارەزایان پێشنیاری جووتنی بنێشت دەکەن لە دوای جەمە خواردنەکان چونکە لیک دەبێتە هۆی ڕێک کردن و ڕونکردنەوەی ترشی نێو گەدە و هانی گەدە دەدا بە خێراییەکی زیاتر پێکهاتەکانی نێو گەدە بۆ ڕیخۆڵەکان بەرێ بکا پێش ئەوەی دڵەکزە دروست ببێ. بۆ پێشگرتن لە خاو بوونەوەی ماسوولکەی بەشی خوارەوەی لوولەی سورێنچک و تووشبوون بە دڵەکزە باشترە خۆت لە بنێشتی پنگە یا نەعنای خۆشکراو بپارێزی و بنێشتی کوردی باشترین جۆری بنێشتە.

٣– لە لەبەر کردنی جلوبەرگی تەسک خۆت دوور بگرە، ئەو جلوبەرگانە بە دەوری کەمەردا هاتوون دەبنە هۆی فشار خستنە سەر زگ و گەدە و ترشی نێو گەدە بۆ نێو سورێنچک دەگەڕێتەوە. لەو خواردن و خواردنەوانەی کە دەبنە هۆی دڵەکزەت خۆ بپارێزی یا کەمیان کەوە و یا خواردن و خواردنەوەی دیکە تاقی بکەوە.

٤– دوای نان خواردن درەنگ بخەوە: واباشە نزیکەی ٢ تا ٣ کاتژمێر لە نێوان نانی شەوتا کاتی نووستن هەبێ.

٥– کورد وتەنی» کەم خۆری دایم خۆر بە» ژمارەی ژەمەکانت زۆر بکە بەڵام لە هەر ژەمێکدا بڕێکی کەم بخۆ چونکە خواردنی زۆر لە نێو گەدە دا دەبێتە هۆی فشار خستنە سەر دەمی ( دەریچە ) بەشی خوارەوەی سورێنچک و ترشی ناو گەدە بۆ نێو سورێنچک دەگەڕێتەوە.

٦– واز هێنان و دوورکەوتنەوە لە سیگارکێشان و خۆت لە ڕاڕایی بە دوور بگرە.

٧– خۆت لە خێرا نان خواردن بە دوور بگرە و هەوڵ بدە فێر بی لەسەر خۆ نان بخۆی بە باشی پاروو لە ناو دەمت بجوی و هیچ پەلە نەکەی.

٨– خواردنی ترش مەخۆ: لە تەماتە و بەرهەمەکانی تەماتە پارێز بکە، بەرێکی دابنیشە و خۆت مەچەمێنەوە، خواردنەوەی شیر ترشی نێو گەدە هەوتا « میزان « دەکا.

ئەگەر ئەو ڕێنوێنانەی سەرەوە لە کۆتایی هێنان بە دڵە کزە سەرکەوتوو نەبوون پێویستە سەردانی دکتور بکرێ و دەرمانی چارەسەری بۆ دڵەکزە بەکار بهێنرێ.

سەرچاوە پزیشکی نوێ

# چەند ڕێنمایەکی بە سوود بۆ تەندروستیتان

**ئامادەکردنی: شووشە**

١– ئەگەر کولۆسترۆڵی خوێنی ئێوە لەسەرەوەیە لە حەفتەدا زیاتر لە ٢ هێلکە بخۆن.

٢– ئەگەر نەخۆشی شەکرەتان هەیە لە دارچین زۆر کەڵک وەربگرن.

٣– ڕۆژانە زیاتر لە ٣٠ خولەک وەرزش بکەن.(وەکوو پیادەرەویی)

٤– ڕۆژانە لانی کەم ٥ هەتا ٨ پەرداخ ئاوی سارد بخۆنەوە.

٥– بە خواردنی حەب و دەمان لاواز نابن مەگەر لە ژێر چاوەدێری پزیشک دابن.

٦– لە پرۆتینی گیایی( رووەکی ) وەکوو سۆیا، لوبیا، نیسک، ماش، بە گشتی دانەوێڵەکان کەڵک وەربگرن.

٧– خۆتان بپارێزن لە خواردنی سوورکراوە و لە شیرنییە جۆراوجۆرەکان.

٨– لە گۆشتی سوور ٢ جار لە حەفتەدا کەڵک وەرگرن و هەر جار ٦٠ یا ٧٠ گرەم بخۆن.

٩– لە جیاتی خواردنەوە گازدارەکان ئاوی میوە یان دۆی سارد بخۆنەوە.

١٠– لە خواردنی شەکر، خوێ، ڕۆن، برینج، سۆس، کەرە، نانی سپی و خۆراکی پڕ لە پرۆتین و گەرمۆکە کەمتر کەڵک وەربگرن.

١١– تا دەتوانن لە نێوان ژەمەکان لە میوە جۆراوجۆرەکان کەڵک وەرگرن.

١٢– تا دەتوانن سەوزەواتی تازە بخۆن هەرگیز بە برسێتی مەمێننەوە.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# هۆکاری تووشبوون بە جۆرەکانی سەرئێشە و چارەسەرکردنی

و: ئازاد کوردستانی

چەند هۆکاری سەرەکی کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە سەرئێشە کە شارەزایان لەم بوارەدا بۆیان دەرکەوتووە کە سەرئێشە بە یەکێک لە بەربڵاوترین نەخۆشیەکانی سەدەی ٢١ی دادەنێن. لەم چەند هۆکارەدا بینراون، خەوی کەم و زۆر، بێکاری، خەمۆکی، کەمخواردن، ماندوو بوون، هەستیاربوون بە تیشکی هەتاو و هاتوچۆ لە شوێنی قەرەباڵغ. هەروەها بە پێی ئەو لیکۆڵینەوە جۆراجۆرانەی لە لایەن پزیشکانی شارەزا لە سەر هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییە ئەنجام دراوەو لەم بوارەدا بۆیان دەرکەوتووە توانیویانە لانی کەم چارەسەری¬یەکی بۆ بدۆزنەوە. هەربەم شێوەیەش باس لە هۆکاری جیاواز و جۆری جیاواز لەم نەخۆشیەدا دەکەن. بۆ ناساندنی جۆری سەر ئێشە لە لایەن پزیشکەوە ئەمانە زۆر گرنگن وەک جۆری ژان، شوێنی ژان و کاتەکەی. تووشبوون بە سەرئێشە لە هێز و چالاکی¬یەکانی مێشک و بەشێک لە ئەندامانی لەش وەک گوێ، چاو، گەروو و مل کەم دەکاتەوە. بەڵام سەرئێشە خۆی بە سەر سێ جۆردا دابەش دەبێ:

مێشک(مغز)، هیستامینی و میگرن کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین .

١: مێشک: دیارترین و بەرچاوترین شت کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە سەرئێشەی دەماغ. ماندوو بوون، پەستانی خوێن و خەمۆکی و کەم خەوی. ئەم جورە سەرەتا لە نێوچاوان و پاشان پشت مل دەست پێ دەکا و وردە وردە تێکرای سەر دادەگرێ کە ئەو کەسەی تووشی دەبێ سەرەتا هەست دەکا کە سەری قورس بووە و بێ هێزی لە تەواوی جەستەی دا هەست پێ دەکا. زیاتر لە کەسانێک کە ماندوو دەبن،دیار دەکەوێ کە بۆ چارەسەری پێویستە سەردانی پزیشک بکا و ماوەیەک پشوو بدا چۆنکە مێشک ئەندامێکی گرنگی لەشی مرۆڤە پێویستی بە پاراستنی زیاترە.

٢: هیستامینی: جۆرێکە کە زیاتر رەگەزی نێرینە تووشی دەبن، یەکێک لە تایبەتمەندی¬یەکانی سەرئێشەی هیستامینی ئەوەیە کە مرۆڤ بە درێژایی ساڵ تەنیا ١ یان ٢ مانگ تووشی دەبێ، بەڵام لەم ماوەیەدا بەردەوام هەست بە ئێش و ئازار و ژانگەلێکی بە هێز دەکا. هۆکارەکانی تووشبوون بەم جۆرەی سەرئێشە لەکەمخواردن و ماندووبوونی لە رادەبەدەر و بێ تاقەتی و کەم خەوی¬دا دەردەکەوێ. سەرئێشەی هیستامینی بە بەربڵاوترین جۆرەکانی دادەنرێ. ٩٠٪ کەسانی تووشبوو پێیەوە دەناڵێنن، بەڵام مەترسی¬یەکی ئەوتۆی نیە، چونکە بە شێوەی کاتی¬یە و بە باشترین و سەرەتاییترین شێوە چارەسەر دەکرێ. سەرئێشەی هیستامینی زیاتر کاتی نووستن و هەستان لە خەو دەست پێ دەکا و بۆ ماوەی ٣٠ تا ٩٠ خولەک دەخایەنێ و لەو کاتەدا بەردەوام ئێشەکەی لە لایەکی کەللەی سەر دەست پێ دەکا و زیاد دەبێ و دەمارەکانی سەر تەوژمیان بۆ دێ پاشان ئەستوور بوونی ماسوولکەکانی سەر، مل، شان و رووومەت و هەتا بێ هێز بوونی جەستە کە هەندێک کەسی تووشبوو لە حاڵەتی ئاسایی دەچێتە دەر و تووشی کەم بینایی، گەشکە و بوورانەوە دەکا.

٣: میگرێن: پەیدا بوونی ئەو جۆرە سەرئێشە بە هۆی بریندار بوون و پچڕانی دەمارەکانی مێشک لە نێو سەردا لە گەڵ دروستبوونی لەکە و خەستی خوێنی نێو مێشک دا و بە کارتێکردنی سەرما، ماندوو بوون، کەم خەویی وکەمخواردن پەیدا دەبێ. خوێن گەرم و خەست دەبێ و پەستانی خوێن کەم و زیاد دەکا و خانەکانی مێشک دەسووتێنێ وەک ئەوەی کە ئاوی گەرم لەبن گولێک بکەی کە هەم دەبێتە هۆی کوێر بوون و ئیفلیج بوون و لەکارکەوتنی ئەندامانی دیکەی لەش لە بەر ئەوەی خوێنی پێویست بە مێشک و لەش ناگا. میگرن دەتوانێ ٤ تا ٧٢ کاتژمێر دەوام بێنێ و دەتوانێ لە مانگێک یان حەوتوویەک دا دوو جار روو بدا. لەو ماوەیەدا تووش بوو تووشی بێ حاڵی و رشانەوە دەبێ و ئەو جۆرە زیاتر لە لاوان و منداڵان دا دەبینرێ، بەڵام لە تەمەنی ٥٥ ساڵی دا تەواو هێرشی ئەم نەخۆشییە بۆ سەر مێشک کەم دەکا. وا مەزانن ئەو سەرئێشانەی کە زۆرتری رۆژان دەی گرین میگرنن، توشبووان بە میگرن ناتوانن رۆژانە درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن، تەواو بێ هێز دەبن و ناچارن لە ژوورێکی تاریک و بێ دەنگ بە تەنیا دابنیشن بو ئەوەی ئەو نەخۆشی¬یەیان نەمێنێ و تەنانەت خواردن ناخۆن و بیر لە برسییەتی ناکەنەوە و لە حاڵی خۆیان وەرەز دەبن. بە دەیان جۆر میگرن هەیە کە دەرمانی کەسێک بۆ کەسێکی دیکە بە کەڵک نایە و بە خۆشیەوە میگرن نەخۆشیەک نیە کە کەسێک لە کەسێکی دیکە بیگرێتەوە. لەکاتی تووشبوون بە میگرن و هەست پێکردنی بەرنامە دابنێن، بزانن کە بە هۆی چی و چۆن تووشبوون کە لە کاتی شەودا بوو ئەوا کاتی خەوتان رێک بخەن و باش پشوو بدەن و هەروەها کە لەکاتی ژەمەکانی خواردن دابوو خواردن رێک و پێک بخۆن، کەواتە ژەمی خواردن لە کاتی خۆی دا بخۆن. لە کاتێکدا کە هەستتان بە توونیەتی کرد و ماسوولکەکانی سەر، شان و ملتان گیران و حەساسیەتتان بە دەنگ و رووناکی هەبوو یەک راست بچن بۆ لای پزیشک. بەڵام هەمیشە چەند دانە حەبی هیستامینی فۆنتان لە لا بێ هەتا کاتی گەیشتن بو لای پزیشک بیان خۆن بۆ ئەوەی تێک نەچن ژانی کەم بکا.

باشترین چارەسەری ئەوەیە کە خواردەمەنی سارد کەم بخۆن. خۆپاراستن لە فشاری پێوەندی سێکسی، چونکە دەتوانێ ببێتە هۆی ئازاری سەر و مل و مێشک. بە ئەندازەی توانایی خۆتان وەرزش بکەن، لەشی خۆتان گەرم بکەن، پێداویستی¬یەکانی مێشکمان دابین بکەن، بە ئەندازەی پێویست خواردن بخۆن، بە تایبەتی سەوزە و میوە زۆر بخۆن. خواردنەوەی چا، قاوە، شیر، ئاو زۆر بە کەڵکە بە تایبەتی گەورە ساڵان دەبێ رۆژانە ٢/٥ لیتر بخۆنەوە. بەیانیان ئەو شتانە بخۆن کە پرۆتیندارن. خۆتان زۆر مەدەنە بەر تیشکی خۆر. لە وەرزی سەرمادا خۆتان گەرم دابپۆشن. وەرزشی مێشک بکەن بە فێر بوونی زمانەکان، گوێ گرتن لە مۆسیقای ئارام، حەل کردنی جەدوەل، بەشدار بوون لە یاری دۆستانە، گوێ راگرتن لە پەند و قسە و چیرۆکی خۆش، دوور کەوتنەوە لە کێشە و بەزم و ئاژاوە، چونکە تووشی دەمارگرژی مێشکتان دەکا، شوشتنی سەر لانی کەم ٢ رۆژ جارێک، بە پێی پێویست پشوو بدەن، ددانەکانتان باش بشۆن، سەرتان شانە بکەن .

ئاکام گیری: بەردەوام بن هەتا بتوانن ژیانێکی نوێ بە جەستەیەکی بەهێز و بیرو هەستێکی پڕ لە سۆز و خۆشی و کامرانی و دوور لە ئێش و ئازار و خەم بۆخۆتان مسۆگەر بکەن. بۆ ئەوەی کاتێکی باش لە گەڵ دەوروبەرتان بەسەر ببەن و تام لە ژیان بکەن.

سەرچاوەکان :

١: علل سرد هایی گولانی هفتەنامە دانشمند شمارە ١

٢: ماڵپەڕی پزیشک www.pzeshk.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



# سوودەکانی شێلم

و: پەیام

شێلم یەکێکە لەو سەوزە دەگمەنانە کە دوو ماددەی گرنگی ئەرسێنیک (ارسنیک) و ڕۆبیدیۆمی (ربیدیم) تێدایە کە ئەو دوو ماددەیە بە گوگێرد (گوگرد) ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێشگیری بە تووشبوون لە نەخۆشی گولی (جزام)

بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە هەر ١٠٠ گرام شێلم ئەو ماددانەی خوارەوەی تێدایە:

| وزە | ٣٥ کیلۆ کالۆری |
|---|---|
| پرۆتین | ١ گرام |
| قەند | ٧ گرام |
| چەوری | ٠/٢ |
| فیبر | ١/١ گرام |
| گوگێرد | ٤٥ میلی گرام |
| پۆتاسیوم | ٢٨٠ میلی گرام |
| کەلیسیوم | ٦٠ میلی گرام |
| ڤیتامین C | ٣٦ میلی گرام |

**هەروەها لە هەر ١٠٠ گرام گەڵای شێلم ئەو ماددانەی خوارەوەی تێدایە:**

| وزە | ٣٦ کیلوکالوری |
|---|---|
| چەوری | ٠/٤ گرام |
| قەند | ٥/٥ گرام |
| فیبر | ١/٢ گرام |
| گوگێرد | ٥٥ میلی گرام |
| پۆتاسیوم | ٢٧٥ میلی گرام |
| فوسفور | ٢٦٠ میلی گرام |
| سودیوم | ٩ میلی گرام |
| ئاسن | ٢/٤ میلی گرام |
| ڤیتامینC | ٤٠ میلی گرام |

## سوودەکانی دیکەی شێلم

١- خواردنی شێلم بۆ ئەو کەسانەی کە لە کاتی هەڵامەت تووشی کۆخە دەبن زۆر بە سوودە، هەرچەند کە تامی نیە بەڵام هەر وەک دەرمانی دژە چلک (پینیسیلین) کار دەکا. بۆ چاکبوونەوەی کۆخە دەتوانن ڕۆژی ٢ یا ٣ جار شێلم بە گەرمی بخۆن.

٢- خواردنی شێلم بۆ نەرم بوونەوەی سینگ و گەروو و ریخۆڵە زۆر باشە.

٣- لە ناو شێلم دا بڕێکی زۆر لە ڤیتامینەکانی A،B،C هەیە کە خواردنی دەبێتە هۆی بە هێز بوونی بینایی چاو.

٤- خواردنی شێلم بەردی گورچیلە و جەرگ و میزڵدان ورد دەکا و دەبێتە هۆی میزکردنی زۆر.

٥- خواردنی ئاوی شێلم بە هۆی بوونی ماددەیەک بە ناوی ئەنسۆلینی گیایی و بڕێکی زۆر ڤیتامین بۆ ئەو کەسانە کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە سوودی زۆرە.

٦- شێلم بۆ پیشگیری لە تووشبوون بە نەخۆشی یەکانی پێست بە تایبەتی زیپکەی دەموچاو زۆر باشە.

هەروەها ئەو کەسانە کە پێستی دەست و قاچیان دەقەڵشێ یا پێستی لەشیان خورووی هەیە دەتوانن شێلم بە شێوەی مەڵحەم بە کار بێنن و لەو شوێنەی بدەن کە قەڵشیوە یا دەخوورێ.

٧- بە هۆی بوونی بڕێکی زۆر ڤیتامین سی لە شێلم دا پێش بە خەستبوونەوەی خوێن و هەروەها خوێنرێژی دەگرێ.

٨- شێلم بۆ دەرمانی کەم خوێنی بە سوودە بەم شێوەیە کە ١ دانە شێلم لە ڕەندە بدەن و لەگەڵ کەمێک خوێ و جەعفەری تێکەڵی بکەن و دواتر بیخۆن.

٩- ئە ژنانەی کە شیر بە منداڵەکانیان دەدەن دەتوانن شێلم بخۆن چونکە دەبێتە هۆی ئەوە کە: ١- ئێسکی لەشی منداڵەکەیان قایم بێ.٢- زوو پێ هەڵگرن. ٣- زوو ددانیان بێتەدەر. ٤- زوو فێری قسە کردن بن و لە بەرامبەر زۆر نەخۆشی دیکەش پارێزراو بن.

خواردنی شێلم بۆ ئەو کەسانەی کە گواتریان هەیە باش نیە..



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵدانەوەی لاپەڕێک لەژیانی ژنێک

**ملووک موورادی:**

## «مێردەکەم هەر سێ کچەکەمی لەبەر چاوی خۆم کوشت.»

ناوم ملوک مورادییە و کچی سەمین مورادییمەو لە ١٩٦٩/٢/٢٢ی زایینی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پارێزگای کرماشان لەشارۆچکەی دالاهۆ، لەگوندی دارە ڕەشی مامەت سوڵتان، لەخێزانێکی، مامناوەندو لەسەر بڕوای یارسانم و باوکیشم ناوی» سەمین»ە، گەورەی ئەشەردەمانە و دایکم، ناوی «ئاهۆ یاری « وە بنەماڵەیەکی ١٣کەسین کە پێکهاتووین لە شەش خوشک و پێنج برا و لەگەڵ باوک ودایکم هەتا تەمەنی ١٦ساڵان لەو گوندەدا ژیاوم و هەتا دووی سەرەتایی دەرسم خوێندوە و لەتەمەنی ١٤ ساڵاندا، لەگەڵ پیاوێکی هەمان گوند کە «ئامۆزای باوکم بوو»، بەناوی «عەلی ئەشرف ئەحمەدی» لەساڵی ١٩٨٨ ژیانی هاوسەریم پێک هێنا، لە هاوسەرگیرییەکەی من لەگەڵ ئەو، خاڵێکی گرنگ کە دەتوانم باسی لێوە بکەم ئەوەی کە لەنێوان هەر دوو بنەماڵەدا، ناکۆکی خێزانی هەبوو و ئیدی لە پاش ئەو هاوسەرگیرییەدا، هاتووچۆ لە نێوان هەر دوو بنەماڵەکەدا، ئاسایی بۆوەو کێشەکانیشان هەتا ئاستێک قەپات کرد، ئێمە خۆمان لە ئەساسدا، لایەنگەرو هاوسۆز وهاوخەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووین و ئەوانیش لەگەڵ ڕژێمدا، ئاویان لەکاسە دەناو بە کەوچێک دەیانخواردەوە. لەژیانی هاوسەریمدا بوومە خاوەنی هەشت منداڵ بە ناوەکانی»وەحید، شیلا، سەعید، شیوا و شبنەم، ساسان، ماریا و دەریا». هاوسەرەکەم هەر لەسەرەتاوە کەسێک بوو لە گەڵ ژیاندا، نەدەگونجاو هەمیشە ناکۆکیمان بوو، خاوەن ڕەوشتێکی



ملووک موورادی

خراپ و هەتا بڵێی زۆر بەد ڕەوشت بوو، ئەوەش با بڵێم ئەو لە ماڵباتێکی بەکرێگیراوی ڕژێمی ئێران بوو و ئێمەش لە مێژوودا، خاوەن هەستی نیشتمانی و هاوسۆزی خەباتی پێشمەرگەو بەرخۆدانەکانی ئەوان بووین لەناوچەکەدا، لەوکاتەدا، چەندجاران هەوڵمدا، کە لەو جودا ببمەوە، بەڵام بە ناوبژیوانی و خزمان و دۆست و «هاوگوند»ی، وعەشیرەتی نەیانهێشت کە لەیەکتر جودا ببینەوە، ئەمەش بۆ من زۆر گران و زەحمەت بوو. بۆ نموونە، عەلی لەگەڵ ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی و پێشمەرگەکانی وتەشکیلاتەکانیان کەوت بوو، هاوکاری و تەنانەت دەستی لە شەهیدبوونی»کاکی حەسەنی مقسوودی و ئەردەشیری خوسرەوی و حەسەن حەسەنی، فەرۆخ کرندی(هەرچواریان لەساڵی ١٣٧٣ هەتاوی شەهیدبوون) هەروەها، عەزیز مەحەممەد خوسرەوی لەساڵی (١٣٧٦هەتاوی)»دا. رۆژێک کە بەشداریی چالاکی ئیتلاعاتی لەدژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کردبوو و پاش دوو رۆژ کاتێک هاتەوە ماڵ، پێمی گوت، ئا؛ وەرە ئەو رادیۆیە بێنە، با بزانین رادیۆکەی دێموکرات ناوی ئێمە ناخوێنێتەوە، لەکاتی هێنانی رادیۆکەدا، بەکردنەوەی رادیۆیەکە و دانانی لەسەر پێلی رادیۆ کوردی دەنگی حیزبی دێموکرات،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی عەلی ئەشرەف و یەک لەو خزمانەی ئەویش کە دەستیان لە شەهیدکردنەکاندا بوو خوێندەوە، هەر بۆیە، ئەو کاتە منیش زانیم کە ئەو بەشداری لەشەهید بوونی پێشمەرگەکانی حیزبدا کردوە، بۆیە، هەر ئەو کاتە بوو بەدەمەقاڵمان و ئەویش دەستی لەمن بەرز کردەوە و گووتی، «نابێ، تۆ باسی ئەم جۆرە شتانە بکەی، ئەوە کاری من نەبووە» بەڵام من باوەڕم پێ نەکرد، ئەمە بۆ ئێمە شەرمەزارییەکی گەورە بوو.

ئەم شێوە ژیانەم هەتا ساڵانێک لەگەڵیدا بردە سەر، بەڵام لەساڵی ١٩٩١دا، سێ کچەکەمی بە چەک کوشت واتا» شیلای تەمەن هەشت ساڵان و شیوای پێنج ساڵان و شەبنەمی دوو ساڵە»، هەر ئەو کاتەش کەوتە گیانی خۆشم کە منیش بکوژێ، بەڵام بە ناوبژیوانی براکانی و خزمەکانی و زەمانەتکردنی من ئەوە بوو، هەتا مانگێک لە ماڵی باوکی عەلی مامەوە، بەڵام پاش مانگێک هەواڵی ناردبوو، کە یان دەی کوژم، یان ئەوەتا بێتەوە بۆ ناو ماڵ ومنداڵانم. شەوێک لەشەوان بە تاریکە شەودا، پەلاماری سەر ماڵی باوکی دا و بێ هیچ پرس ورایەک، سەری کردە نێو ژوورەکەم، من، زۆر ترسام ( بۆیە، هەتا ئێستا، شەوانە لەو ترسە، بەدەیان جار لەخەو رادەپەڕم) هەر بۆیە، جارێکی تر لەسەر قسەی خزم و دۆستان گەڕامەوە لای. جارێکیتر بەکرێگیراوەکانی دەوڵەت، سەردانی ماڵمانیان کردو پێمیان ووت؛ ئەو کاتە عەلی سەرخۆش بووەو ئێمەش دەرزیمان لێداوەو ئیدی وا ئیشە، پیاوێکی لە گوندی شاری گاوارە بەناوی، عەلامورادی کوشت و ئەوانیش بەم بۆنەوە، لە پەروەندەکەی خۆش بوون. عەلی هەر لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بوو، منیش نەمدەتوانی ئەوە قەبووڵ بکەم، خەڵک هەموو رۆژێک باسی ئێمەی دەکرد، ئەو منداڵەکانی خۆی کوشت، کەس سزای نەدا، ئەو پیاوەیان پێ کوشت، کەس سزای نەدا، هەر بۆیە، هەر رۆژەش پەلاماری منی دەدا، کە منیش بکوژێ، لەراستیدا، رۆژێ جارێک دەمردم، مردوویەکی زیندوو. عەلی، لە کوشتنی دوو پیاوی تری لەو ناوچەدا، دەستی هەبوو.

عەلی پاش کوشتنی منداڵەکان، رای کرد و سزای دە ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە، بەڵام لەکاتی زیندانیەکەیدا، دەستی لەگەڵ هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێران تێکەڵ دەکاتەوە و بەڵێنی پێ دەدەن و لەبەرامبەر کەمکردنەوەی سزای زیندانەکەی چەند کارێکی گرنگیان بۆ ئەنجام بدا، بۆیە هەر پاش ماوەیەکی کورت لەزیندان ئازادی دەکەن، ئەو کارەش کوشتنی گەنجانی شۆڕشگێری ناوچەکەو لەدژی تێکۆشەرانی حیزبی



عەلی ئەشرەف ئەحمەدی

دیموکرات بۆوە داردەستی رژێم. پاش ئازادبوونی لەزیندان، هەڕەشەی لەمن کرد، کە ئەگەر، شتێک لەو بارەیەوە بدرکێنم، دەمکوژێ، منیش هەڵاتم بۆ ماڵی رابەری کاکەییەکان «ئاسی نەسرەدین» و ماوەی یەک ساڵیش لەوێ مامەوە هەر بۆیە، منیش شەو ورۆژ لەو فکرەدا بووم کە رۆژێک منیش بەدەردی منداڵەکانم ببا چونکە ئیدی ئەو پیاوێکی رژێم بوو و لەلایەن رژێمەوە پاڵپشتی لێ دەکرا. هەر بۆیە منیش بێدەنگ بووم و ماوەی حەفت ساڵی تر بەم وەزعە پێکەوە ژیاین، هەتاکوو من دوو منداڵی تریشم لێ بوو بەناوەکانی» ماریا و دەریا». بەڵام رۆژ بەرۆژ، ئێش وئازارەکانی ژیان وای لێکردبووم، کە ئیدی کاسەی سەبرم پڕ بێ هەر بۆیە، لە دادگا داوای تەڵاقم کردم و پاش ماوەیەک لەیەکتر جودابووینەوە، لە ئەنجامی دادگاییکردنەکەشدا، بەبڕیاری دادگا منداڵەکانم دران بە «عەلی»، بەڵام پاش جوودابوونەوەش هەر رۆژ هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردم و تەنانەت، چەندین جار رووبەرووی مەترسیی کردمەوە بۆیە زۆر لەژیان نائومید بووم و ئیدی نەم دەتوانی ئەو ژیانە قەبووڵ بکەم، بە ناچاری ساڵی ٢٠٠٧ سەرم هەڵگرت و رووم لەباشووری کوردستان کرد و پەیوەندیم بە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرت، لەبەر ئەوەی کە ژیانم پارێزراو بێ و پێشتر خۆم و بنەماڵەکەم، لایەنگر و دڵسۆزی ئەو حیزبە بووین، پاشان بوومە ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان. هەر بۆیە ئێستاش ماوەی چوار ساڵە لەو حیزبەدا، ئەندامم، بەڵام هەمیشەو ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو زۆرلم وستەمەی، لەلایەن «عەلی» یەوە بەسەرم هاتوە، کە چۆن بەو شێوەیە منداڵەکانمی کوشت، هیچ رەحم و هەستێکی مرۆڤانەی لەلای نەمابوو، ئەمەش وای لەمن کردووە کە هەمیشە، لەناو دڵەڕاوکێدا بم و هەست بەئازاری دەروونی و هزری بکەم. «عەلی» هەڕەشەی لێ کردووم، ئەگەر شوو بکەمەوە، ئەوا دەمکوژێ، تەنها دەتوانم شوو بە پیاوێک لەپیاوانی رژێمی بەکرێگیراوی ئێران، بکەمەوە، تەنانەت، ئاگادار بووم، پار بە ناسنامەی ساختەوە، دەربازی باشووری کوردستان بووە و بۆ ماوەی هەفتەیەکیش ماوەتەوە بۆ ئەوەی کە من بدۆزێتەوەو بمکوژێ.

ئێستاش زۆرم حەز لەژیانە، بۆیە دەمەوێ لە ژیانێکی خۆش و کامەراندا بژیم. ئاخر، مەگەر من چ تاوانێکم کردووە کە بەکرێگیراوێک، بەو شێوەیە منداڵەکانم بکوژێ و منیش رووبەرووی ئەو هەموو نەهامەتی و دەربەدەرییە بکا، ئاخر منیش مرۆڤم، و مافی ژیانم هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org












کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

No: 29 Date: 4 April 2011

A periodical published by Democratic Womens Union Of Kurdistan



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org